چیرۆك

# سێبەرەکانی جەنگ


## شاخەوان برایم عەبدوڵڵا



٢٠١٢





ناوی کتێب: سێبەرەکانی جەنگ

نووسینی: شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

نەخشەسازی ناوەڕۆك: محمد فیصل زەنگەنە

نەخشەسازی بەرگ: ئامانج ئەمین

پیت چنین: نووسەر

چاپ: بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری – هەولێر/ ٢٠١٢

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (٨٦٢) ساڵی (٢٠١٢)ی پێدراوە

پێشکەشە

بەو دایکانەی کە تاکو ئێستاکەش چاوەڕێی گەڕانەوەی

کوڕەکانیانن لە بەرەکانی جەنگدا



# پێڕست

* دووبارەبوونەوەی یادەوەرییەکی خەمناك ........................ ٥
* خرۆشان .................................................. ١٣
* چێژی نیوەڕۆیەك ............................................ ٥١
* تراژیدیای شەوێك ............................................ ٥٧
* دەمەتەقێی نێو هوتێلەکان ........................................ ٦٥
* سێبەرەکانی جەنگ ............................................ ٨٣
* کتێبەکان دەسووتێن ............................................ ٩١
* باران بە خوڕ دەباری ............................................ ٩٩
* مردنی مۆمەکان ............................................ ١٠٥
* جەنگ .................................................. ١١١
* لەو دیوی پەنجەرەکەیەوە تارماییەك دیارە .................. ١١٧
* تراژیدیای ئەنگوستیلەیەك ............................................ ١٢١

# دووباره بوونەوەی یادەوەرییەکی خەمناک

بە هۆی چڕی و تێکئاڵانی درەختەکانی نێو گوندەکە، چەند خانووێکی کەم دەکەوێتە بەرچاو، جگە لە دەنگی سەگ و شۆڕ بوونەوەی ئاوی جۆگەلەکان، هیچ شتێکی دیکە نابیسترێت، جار جارەش لە نێو بۆشایی پەنجەی درەختەکاندا، یەکێك بە خۆی و فانۆسێکەوە دەردەکەوێت و دوای چەند چرکەیەك، ئیدی بزر دەبێت.

بەفر، نەرم نەرم دەبارێت، گەڵای درەخت و هەورەبان و خانووی هەندێ لە ماڵەکان دادەپۆشێت.

خورشید بە نێو بارینی بەفرەکاندا هەنگاو دەهاوێت، جار جارەش ئاوڕێکی دواوەی خۆی دەداتەوە، دەستی لە گیرفانەکانی دەردەهێنێت، کلۆ بەفرەکانی سەر قژی و رووخساری دەتەکێنێت و رێگەکە دەگرێتەوەبەر، کەسێك لە دوور ئەوەوە، بە فانۆسێکەوە بەرەو رووی دێت، هەست بە ترس و نیگەرانی دەکات، دواتر خۆی لە ژێر درەختێکدا حەشار دەدات، فانۆسەکە هێدی هێدی نزیکی دەبێتەوە، بە دووری یەك هەنگاو لە بەردەمی خورشیددا فانۆسەکەی لێ دەکوژێتەوە، خورشیدیش زیاتر دەچێتە نێو ترسەوە.

هەندێ تەماشای دەکات، ئینجا دەزانێت کە قادری پاسەوانی خوێندنگەی گوندەکەیە.

قادری پاسەوان دووبارە فانۆسەکە دادەگیرسێنێتەوەو دەڕوات.

خورشید بە نهێنی تەماشای دەکات، تاکو لە نێو بۆشایی درەختەکاندا بزر دەبێت، دواتر ئەویش دەڕوات، بەهۆی بارینی بەفرەوە نێو کۆڵانە دارینەکە سپی دەچێتەوە، چەند کەسێك بە ئاراستەی ئەو رووبەڕووی دێن و نزیکی دەبنەوە، ئەویش بە هەمان شێوەی جاری پێشوو خۆی لە ژێر درەختەکان حەشار دەداتەوە.

دواتر لە بەردەم خورشید دەوەستن، سێ کەس بوون لە خەڵکی گوندەکەو گوێدرێژێکیان لەگەڵدابوو، هەندێ بە چرپەوە لەگەڵ یەکتریدا قسە دەکەن، دواتر گوێدرێژەکە بەرەو ژێر درەختەکان پاڵپێوەدەنێن و بۆ ماوەیەك خەریکی دەبن.



خورشید هەر چەند دەکات ناتوانێت ئەوێندەر جێبهێڵێت، چونکە سێ کەسەکە زۆر نزیکی ئەو بوون و هەر جولەیەکیش بکات دەبێتە هۆی ئاشکرابوونی، بۆیە بە ناچاری خۆی حەشار دەدات تاکو دەڕۆن و دواتر ئەویش بە ئاراستەی ماڵی قادری پاسەوان دەکەوێتەوەڕێ.

بەترسەوە... دەرگە دارینەکە دەکاتەوە، پاشان بەرەو پەنجەرەکە دەچێت، سەیری ئەملاو ئەولای خۆی دەکات، کەس دیار نییە، پەردەی پەنجەرەکە دانەدراوەتەوە، چەند ژنێك لە نێو ژوورەکەدا بە دیار فانۆسێکەوە خەریکی دروونی جلن، زۆر بە هێواشی، بەسەری پەنجەی کونێك لە نایلۆنی پەنجەرەکە دەکات، ئەوکات دەزانێت فاتیمەو خەدیجەن لەگەڵ زولەیخای ژنی قادری پاسەوانن.

دەشڵەژێت، دڵی تەنگ دەبێت، دواتر لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

وامدەزانی ئەمشەو زولەیخا بە تەنیا لە ماڵەوە دەبێت و ئیدی بە هەر شێوەیەك بێت دەچمە لای، پاشان رازی دەکەم و تاکو بەیانی لەگەڵی دەخەوم و بە ئارەزووی خۆمیش رادەبوێرم، کەچی خۆ ئەوەتان خەدیجەو فاتیمەشی لەگەڵ دایە، خۆ ئەوەش لە چانسی منە، ئەگینا ئەم بەڵایانە چیدەکەن لێرە؟

ئاوڕێکی تری نێو حەوشەکە دەداتەوەو دواتر سەیرێکی دیکەی نێو ژوورەکەش دەکاتەوە، زولەیخا لە شوێنەکەی خۆیەوە هەڵدەستێت و جلەکانی لەبەرخۆی دادەکەنێت، جەستەی بە تەواوی رووت رووت دەبێتەوە، فاتیمە تەماشایەکی زولەیخا دەکات و هەندێ داری تر دەخاتەوە نێو زۆپاکەوە، خەدیجەش بە کەمێك پێکەنینەوە دەڵێت:

ئۆی.. زولەیخا جەستەیەکی جوانت هەیە! چەندی بیر دەکەمەوە ناتوانم بڕوات پێ بکەم لەوەی دەڵێیت قادری مێردت ئارەزووی جووتبوونی لاوازەو زۆر حەز بە رابواردن لەگەڵ تۆدا ناکات! من بڕوا بەوە ناکەم، کاتێك قادر چاوی بەو لەش و لارە سپی و جوانەی تۆ دەکەوێت ئارەزووی نەجولێت.

دوای کەمێك بێدەنگی.. زولەیخا گوتی:

خوشکیٚ، جاران وا نەبوو، هەرکە هەڵێکی بۆ بڕەخسابووایە کاری خۆی دەکرد، بگرە دەیان جاریش شەوان خوێندنگەی جێهێشتووەو بە خێرایی هاتۆتەوە هەر لەسەر پێیانەوە ئارەزووی خۆی تێدا خاڵی کردومەتەوەو ئیدی ڕۆیشتۆتەوە.

خۆشکیٚ، پیاوان هەر وان وا، لە سەرەتادا تاکو ماوەیەك دڵیان بەلای ژنەکانیانەوەیەو دواتر چاو لە ژنانی تر دەبڕن و لە ژنەکانی خۆیان بێزار و تێر دەبن، خۆ ئەگەر زۆر ناچاریش نەبن مانگی جارێك ناچنە لای ژنەکانیانەوە.

فاتیمە تاکو ئەم لەحزەیەش هیچ قسەیەکی لە بارەی گفتوگۆکەیانەوە نەکرد بوو. دواتر ئەویش دێتە نێو گفتوگۆکەیان و دەڵێت:

هەندیٚ جار ژنانیش خەتایان هەیە لەوەی وا دەکەن کە پیاوەکانیان ئارەزووی سەرجێیی لەگەڵ سارد بێت لە کاتی جووتبووندا.

فاتیمە دەیەوێت قسەیەکی تر بکات، بەڵام زولەیخا ماوەی نەداو ئەمجارەیان دەڵێت:

من بە هەموو شێوەیەك دڵی قادرم رازی کردووە لە کاتی جووتبووندا هەرچییەکی بوێت بۆی دەکەم و بە تەواوی تەسلیمی ئارەزووەکانی ئەو دەبم، بەڵام نازانم بۆ ئەو ماوەیە ساردە!

ئەمجارەیان خەدیجە ئاراستەی قسەکان دەگۆڕێت و دەڵێت:

کراسێکی زۆر جوانە! منیش حەز دەکەم تاقیبکەمەوە، بزانم بە بەر منیشەوە هەروا جوانە! یان تەنیا لە زولەیخا دێت، هەر ئەو دەم جلەکانی بەر خۆی دادەکەنێت، جەستەی رووت رووت دەبێتەوە.

کەش و هەوای دەرەوە ساردە. جار جارە "با"یەکی توند ئاراستەی کلۆ بەفرەکان دەگۆڕێت و دەنگی سەگ نێو گوندەکە پڕ دەکات.

خورشید بەردەوامە لە سەیر کردنیان، جەستەی رووتی خەدیجە لەبەر رووناکی فانۆسەکەدا دەدرەوشێتەوە، خۆی خەریك دەکات بە لەبەرکردنی کراسەکەو خورشیدیش بیر لەوە دەکاتەوە لێیان بچێتە ژوورەوەو هەرچییەکی لە دەستدا بێت بیکات.

دەیەوێت بچێتە ژوورەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەبەر خۆیەوە بیر دەکاتەوەو دەڵێت:



خۆ ئەگەر بچمە ژوورەوەش، هیچم بۆ ناکرێت، چونکە بێ ئیجازەی ئەوان خۆم دەکەم بەژووردا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان سێ کەسن، ئەگەریش بیانەوێت بای خۆیان دەستم لێ دەوەشێنن، نا، نا، ناچمە ژوورەوە تا فاتیمەو خەجیجە دەڕۆن، ئەوکات زولەیخا بەتەنیا دەمێنێتەوەو ئینجا دەچمە لای.

لە پڕێکدا دەنگی عەلی شوان و بایزی باخەوان دێتە گوێی خورشیدەوە، بایزی باخەوان  بانگی فاتیمە دەکات و عەلی شوانیش بانگی خەدیجە دەکات.

خورشید هەرکە دەنگیان دەبیستێت، ئیدی دەشڵەژێت و زۆر بە خێرایی پەنجەرەکە جێدەهێڵێت، ئینجا بەرەو کۆڵان هەڵدێت، لە دوورەوە سەیری ماڵی قادری پاسەوان دەکاتەوە، کەس دیار نییەو گوێی لە هیچ دەنگێکی تریش نابێت، ماوەیەك دەوەستێت، دواتر دەگەڕێتەوە.

کاتێ دەگاتەوە لای پەنجەرەکە، کەس لە ژوورەکەدا نەماوە، پاشان بە نائومێدییەوە بە شوێنەکەی خۆیدا بەرەو ماڵەوە ڕێگا دەگرێتەبەر.

بەیانییەکەی خورشید و ئەسمەری خوشکی بە تەنیا لە ماڵەوە دەبن، ئەویش بەهۆی ئەوەی هەریەکە لە ئەندامانی خێزانەکەیان وەکو رۆژانی ئاسایی بەرەو ئیشوکاری تایبەتی خۆیان رۆیشتبوون، خورشیدیش تا ئەم کات ئارەزووەکەی شەوی رابردووی دانەمرکابۆیەوە بە تەواوی هۆشی لە دەست دابوو.

دەبینێت ئەسمەری خوشکی لە حەمامەکەدا خەریکی خۆشۆرین دەبێت و بەتەواوی جەستەی رووتە، دوای هەندێ سەیرکردن لە کونێکی بچووکی دەرگە دارینەکەوە، دواتر ئەمە بە دەرفەت دەزانێت و ئیدی لێی دەچێتە نێو حەمامەکەو بە زۆر دەستدرێژی دەکاتە سەری.

دوای ئەوەی باوکی ئەسمەر هەست دەکات کە ئەسمەر باری دەروونی ئاسایی نییەو بەشێوەیەکی دیاریش سکی بەرز دەبێتەوە، دواتر دەزانێت کچێنی لە دەست داوەو سکی پڕ کراوە.

ئیدی ئەشکەنجەیەکی زۆری دەدەن تاکو ناوی ئەو کەسەیان پێ بڵێت کە سکی پڕ کردووە، بەڵام ئەسمەر بە هیچ شێوەیەك ئەو نهێنییە نادرکێنێت و پێیان ناڵێت ئەو سکەی هەیەتی لە خورشیدی برایەتی.

پاشان بەم هۆیەوە لە نیوەشەوێکی باراناویدا لە دووری گوندەکە خورشید و باوکی دیکوژن و هەر پارچەیەکیش لە تەرمەکەی لە چەندین شوێنی دوور لە یەکتری دەخەنە ژێر گڵەوە.

ساڵانێکی زۆر تێپەڕ بوون بەسەر کوژرانی ئەسمەردا لە نیوەشەوێکی باراناویداو لە پڕێکدا خورشید ئەو ڕۆژەی دێتەوە یاد کە لە نێو حەمامەکەدا بە زۆر ئەسمەری خوشکی دەکاتە ژن و سکی پڕ دەکات.

هەندێ بە نێو حەوشەکەداو لە ژێر ڕێژنەی باراندا خەریکی پیاسەو بیر کردنەوە لە رابردووی خۆی دەبێت. دواتر دەچێتە ژوورەوە، دڵی تەنگ دەبێت، هەرچەندی دەیەوێت خۆی بەشتێکەوە سەرقاڵ بکات تاکو خۆی لەو بیرکردنەوە رزگار بکات، بەڵام ناتوانێت، بە نێو ژوورەکەدا پیاسە دەکات و جار جارەش پەردەکە لادەدات و بەشڵەژانەوە سەیری نێو حەوشەکە دەکات.

دەنگی باران و سەگ دەبیستێت.. زیاتر دەچێتە نێو خەیاڵەوە، ئەو شەوەی بیر دەکەوێتەوە لە نێو کونی پەنجەرە تەماشای جەستەی رووتی زولەیخای ژنی قادری پاسەوان و خەدیجە دەکات و هەر بەم هۆیەوەش بۆ بەیانییەکەی ئارەزووی شەوی بە ئەسمەر دادەمرکێنێتەوە.

بێدەنگ، هێواش هێواش، بە پەیژەکەدا سەردەکەوێتە نهۆمەکەی سەرەوە، بە ئاراستەی ژوورەکەی سۆرانی کوڕی هەنگاو دەهاوێت، لە نێو درزی پەردەی پەنجەرەکەوە تەماشای نێو ژوورەکە دەکات، سۆران نابینێت، دەشڵەژێت، دواتر دەچێتە ژوورەوە، هەندێ وێنەی ژنی رووت لەسەر جێگەکەی سۆران پەرت و بڵاو بوونەتەوە.



یەکێك لە وێنەکان هەڵدەگرێت، بە وردی تەماشایەکی دەکات، ژنێکی رووتەو لە نێو حەمامدا سەرقاڵی خۆشۆردنە، وێنەکە لە شوێنمی خۆی دادەنێتەوەو دواتر وێنەیەکی دیکە هەڵدەگرێتەوە، هەندێ سەیری دەکات، وێنەی ئەڤینی کچێتی و لەگەڵ سۆرانی کوڕیدا دەستییان لە ملی یەکتری ناوەو زەردەخەنەیەکیش لەسەر لێوانیاندایە.

پاشان وێنەکان یەك یەك دەدڕێنێت و دەست دەخاتە ژێر پێخەفەکەی سۆرانەوە، هێشتا گەرم بوو، بەوەدا هەست دەکات تازە لەژێرییەوە دەرچووە، هەندێ چاوەڕێ دەکات تاکو سۆران بێتەوە، بەڵام نەگەڕایەوە، بۆیە دواتر هەر بەو بێدەنگی و هێواشییەی جارانی ئەمجارەیان بەرەو لای ژوورەکەی ئەڤین هەنگاو دەهاوێت، بەهەمان شێوە لە درزی پەردەکەوە تەماشای نێو ژوورەکە دەکات، کاتێ دەبینێت سۆران جلی لەبەردا نییەو ئەڤینیش خەریکی داکەندنی جلەکانییەتی، دەشڵەژێت و ئاو بەچاوەکانیدا دێتە خوارەوە، دواتر دەمیان دەخەنە نێو دەمی یەکتر و دەچنە نێو پێخەفەکەوە.

# خرۆشان

## ١

شار خرۆشاوە، هەر کەسە و لە خەمی خۆیدایە بۆ ئەوەی بە زووترین کات لە شار دوور کەوێتەوە، دەنگی گریانی منداڵان نێو شاری پڕ کردووە، تەواوی خەڵکی بە بچووك و گەورەوە، بیر لە ڕۆیشتن دەکەنەوە، بێ ئەوەی بزانن چارەنووسیان بە چیدەگات، لە کوێ دەگیرسێنەوە، کەی هەلی گەڕانەوەیان بۆ دەڕەخسێت، هەمووان سووڕن لەسەر ڕۆیشتن.

هیچ کاتێك باوکم بە ترساوی نەدی بوو، هەمیشە وەك پاڵەوانێکی ئەفسانەیی هەڵسوکەوتی دەکرد و بێ باکانە بەدەم سەختییەکانی ژیانەوە پێدەکەنی و ژیانی دەگوزەراند، ئەو شەوە سەرم سووڕمابوو لەوەی ترس و دڵەڕاوکێ بە ڕووخسارییەوە دیار بوو، کەچی نەیدەویست وەك کەسێکی ترساو خۆی لەبەر چاوی ئێمەدا بنوێنێت، درکم بەوە کردبوو کە خەریك بوو هەترەشی بچێت، قورگی پڕ ببوو لە گریان، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتاکە نەدەگریا، دەیویست بەسەر خۆیدا زاڵ بێت، دڵی ئێمەی دەدایەوە، هەوڵیدەدا ئەو ڕۆیشتنە بە شێوەیەکی ئاسایی لە ئێمە بگەیەنێت، من باش دەمزانی ئەو ڕۆیشتنە بە هیچ شێوەیەك بە لای ئەوەوە ئاسایی نەبوو، دەمزانی لە ناو خۆیەوە کەسێکی ترساو بوو، بەلأم لە ڕواڵەتدا وەکو کەسێکی ئاسایی خۆی نیشاندەدا.

چەند خولەکێك بە بێدەنگی، بەدەم پیاسەکردنەوە، ئەمسەر و ئەو سەری حەوشەی دەکرد و خەریکی بیرکردنەوەیەکی قووڵ بوو، پێدەچوو بیەوێت بەراوردی نێوان دوو شت بکات و نەیدەزانی چۆن و لە کوێوە دەست پێبکات، هەندێ جاریش لە کەسێکی ڕێبواری دەکرد کە لە دەشتێکدا تووشی ببێت بە دوو ڕێگەوەو نەزانێت کامیان هەڵبژێرێت، جار جارەش دەوەستا و سەیری ئاسمانی دەکرد، دەچووە کۆڵان و لەم خەڵکانەی دەڕوانی کە بە پەلەپروزێوە بە نێو کوچە و کۆڵانەکاندا دەڕۆیشتن، دەهاتەوە نێو حەوشەکە و هەندێکی تر خۆی سەرقاڵی پیاسەکردن دەکردەوە، دەچۆیەوە کۆڵان و دەگەڕایەوە، بە پلیکانەکاندا سەردەکەوتە سەر خانووەکەوە، دەهاتەوە خوارێ، دوایین



جار کە لە کۆڵان هاتەوە، بێ ئەوەی خۆی خەریکی هیچ شتێکی لاوەکی بکات ڕووبەڕووی ئێمە هات و کەوتە دوان:

شار خرۆشاوە، ئەگەر بێت و تاکو بەیانی وا بڕوات، شار چۆڵ دەبێت، تەنیا خێزانێکیش لە شاردا بمێنێتەوە، ئێمە دەبین، چەندی بیر لەم مەسەلەیە دەکەمەوە، نازانم چ بڕیارێك بدەم! بڕۆین، یان نەڕۆین، ئەگەر بڕۆین چارەنووسمان دیار نابێت! خۆ ئەگەریش نەڕۆین هەر چارەنووسمان دیار نییە! پێم باشە خۆتان ئامادە بکەن، دەبێ ئێمەش بڕۆین، نازانم چۆن بە تەنیا لێرە بمێنینەوە! شاری بێ مرۆڤ ترسناکە، شار بە مرۆڤەوە جوانە، بە ئارامییەوە خۆشە، ئەگەر ئەوانەی تێدا نەبێت، شار نییە، چۆن دەتوانین بە تەنیا لەم جۆرە شارەدا بژین، دڵنیام تاکو بەیانی چۆڵ دەبێت، شۆك تەواوی کوچە و کۆڵان و مرۆڤەکانی داگرتووە، چۆن ژیان لە نێو شۆکدا دەگوزەرێت، تەنانەت خەڵکی ناتوانن بە ئاسایی ڕێ بکەن، هەنگاوێك دەهاوێن و ئاوڕێکی دواوەی خۆیان دەدەنەوە، بەدەمدا دەکەون، منداڵ جێدەمێنێت، دایك و باوکی ئامادەنین لەسەری بووەستن، باشتروایە ئێمەش لەگەڵ ئەواندا بین، خۆ لەوان زیاتر نین ، ئەگەر مردیشین، با لەگەڵ ئەواندا بمرین، تاکو جێنەماوین، خێراکەن، خۆتان ئامادە بکەن، نابێت لەوە زیاتر دوابکەوین.

ڕووەو ژوورەکەم کەوتمەڕێ، هەرکە ڕۆیشتمە ژوورەوە، هەرچیەك لە نێو ژوورەکەدا هەبوو هاتنە نێو چاومەوە، لام خۆشەویستتر دەبوون لە جاران، بۆ ئەوەی زیاتر لە بارودۆخەکە تێبگەم بە بێزارییەوە ڕووەو پەنجەرەکە هەنگاوم هاویشت و بە ئاسپایی پەردەکەم هەڵدایەوە، سەیری نێو حەوشەم کرد، باوکم بینی، چەند نانێکی ڕەقی بەدەستەوە بوو، ڕووەو دایکم و "ڕۆژان"ی خۆشکم دەڕۆیشت، "ڕەوەند"ی براشم خەریکی کۆترەکانی بوو، نازانم نیازی داخستنی دەرگەی کولانەکەی هەبوو، یان ئاوەڵای دەکرد، بە هۆی هەورەوە هیچ ئەستێرەیەك بە ئاسمانەوە نەدەبیندرا، شینایی لە ئاسمان بڕی بوو، دەتگوت هیچ کاتێك ئاسمان شینایی بە خۆیەوە نەدیوە، کاتێ چاوم کەوتەوە سەر باوکم، لەگەڵ دایکم نانەکانیان وردکرد و خستیانە نێو گونیەیەکەوە،

هەرکە ئەم دیمەنەم بینی، ترسێك ڕایچڵەکاندم، بەرانبەریان مۆڵەق وەستام، هەر هێندەم زانی لەگەڵ ناوەوەی خۆمدا کەوتمە قسەکردنەوە:

تێناگەم! دەبێ ئەم نانەیان بۆ چی بێت؟ تۆ بڵێی ئەو شوێنەی بۆی دەچین، نان و خۆراکی لێ نەبێت؟ دیارە باوکم دەزانێت لە کوێ دەگیرسێینەوە، بەڵام نایەوێت بە ئێمە بڵێت، یان پێدەچێت ئەم ڕۆیشتنە درێژە بکێشێت، دەبێ خەڵکانی تریش بیریان لە بردنی نان کردبێتەوە؟ شارێك چۆن دەتوانێت بێ نان و خۆراك بژیەت، زۆر دەترسم لە تاو برسێتیدا، خەڵکی پەلاماری یەکتر بدەن و یەکتر بخۆن، چۆن شتی وا دەبێت؟ بۆ نابێت، سروشتی مرۆڤ وایە، لە پێناو مانەوە و بەرژەوەندی خۆیدا هەرچیەکی لە دەست بێت درێغی ناکات، زۆر دەترسم، من یەکەم کەسبم بخورێم، دڵنیام من یەکەم کەس دەبم.

هاتمەوە سەر خۆم، چاوم بە نێو ژوورەکەدا گێڕایەوە، تەماشای هەر شتێکم دەکرد زیاتر لە جاران بە لامەوە خۆشەویست دەبوون و ئاواتی ئەوەم دەخواست بمتوانیبووایە ژوورەکەم وەك خۆی کە هەیە بە تەواوی کەرەسە و شتەکانی نێویەوە بدەمە کۆڵ و لەگەڵ خۆمیدا بەرم، بەڵام بیرکردنەوەیەکی پووچ بوو، مەگەر بە خەیاڵ بمتوانیبووایە وابکەم، بە دەست خۆم نەبوو، ئاو بە چاوەکانمدا هاتە خوارێ، سڕیمەوە، بە نیازی بردن لەگەڵ خۆمدا لە نێو چەکمەجەی مێزە دارینەکەدا ئەلبوومەکەمم هێنایەدەر و تەماشای چەند وێنەیەکم کرد و دواتر ڕووەو دەرگەکە هەنگاوم هاویشت، بەر لەوەی دەرگەکە بە تەواوی کلۆم بدەم، ویستم بۆ دوایین جار تەماشایەکی تری نێو ژوورەکەم بکەمەوە، ئینجا دەرگەکە کلۆم بدەم، چاوم کەوتە سەر ئەو کتێبەی چەند ڕۆژێك بوو خەریکی خوێندنەوەی بووم، هێشتاکە لە نیوەیدا بووم، پاڵەوانی نێو ڕۆمانەکە خەڵکی شارێکی دابووە دوای خۆی و بەرەو بەرزاییەکی نادیار هەنگاوی دەهاویشت و بێ سڵەمینەوەش خەڵکەکە شوێن پێی هەنگاوەکانی ئەویان هەڵدەگرت، هەندێ جاریش ترسێك لە ڕۆیشتن پەشیمانی دەکردەوە، خەڵکەکە لەگەڵ ئەودا دەوەستان، بێ ئەوەی قسە بکەن، چاوەڕێی فەرمانی ئەویان بوو، ئیدی هێزێك توانای دەدایەوە بەر و



هەنگاوەکانی زیاتر لە جاران خێراتر دەهاویشت، ئەوکاتەی دەستم لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە هەڵگرت، پاڵەوانەکە بەرەو لوتکە هەڵدەکشا، زۆر پەرۆشی ئەوە بووم بزانم لەم دیوی لوتکەکەوە چارەنووسی خەڵکەکە بە چیدەگات و پاڵەوانەکەش چۆن هەڵسوکەوت دەکات.

هەرکە کتێبەکەم بینی یەکڕاست بۆی گەڕامەوە، گرتمە دەست و تێڕامام، بە دەست خۆم نەبوو دەبووایە لەگەڵ خۆمیدا بەرم بۆ ئەوەی لەو شوێنەی لێی دەگیرسێینەوە بتوانم تەواو بیخوێنمەوە، چونکە لەم ساتەدا درکم بەوە کرد چارەنووسی پاڵەوان و خەڵکی شارەکەی نێو ڕۆمانەکە، لەگەڵ خەڵکی شارەکەی من کە بەم تاریکەشەوە ڕێگەیەکی نادیاریان هەڵبژاردووە، هەمان چارەنووسیان هەیە.

مەودای نێوانی مێزە دارینەکە و دەرگەی ژوورەکەم، تەنیا سێ چوار هەنگاوێك دەبوو، بەڵام هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی بگەمە لای دەرگەکەوە، هەنگاوێکم بۆ لای دەرگەکە دەهاویشت، دەگەڕامەوە دواوە،  ئەم حاڵەتەم دووبارە و چەند بارە کردەوە، بۆ دوایین جار بڕیاری ئەوەمدا ژوورەکە جێبهێڵم، بەر لەوەی بگەمە دەرگەکە لە پڕێکدا باوکم بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد بەسەرمدا، ئەوە چیدەکەیت؟ لە کەیەوە خۆت لە ژوورەوە ئاخنیوە، بۆ نایەیتە دەرەوە؟ جەنابت دیارە نازانی شار کەسی تیا نەماوە؟

ئەم چەند قسەیەی زۆر بە توڕەیی دەربڕین، دەتگوت نیازی شەڕکردنی لەگەڵمدا هەیە و دەیەوێت پەلامارم بدات، بۆیە بە تەواوی شڵەژام، چونکە هیچ کاتێك باوکمم بەم شێوە توڕەییە نەدی بوو، ئەمشەوە بە تەواوی هەڵچوو بوو، هێندەی نەمابوو هۆشی لە دەست بدات.

بە پەلەپروزێ دەرگەکەم کلۆمدا، وەك سەربازێك چۆن لەبەردەم ژەنەڕاڵێکی بەرەی جەنگدا دەوەستێت و چاوەڕێی وەرگرتنی فەرمانێك دەکات، منیش بە هەمان شێوە لە بەردەمیدا وەستام، هیچ قسەیەکم بۆ نەدەکرا، هەندێ بە قووڵی سەیری نێو چاوی کردم، دواتر زۆر بە ئارامی دەستی خستە سەرشانم، سەرم سووڕما، چونکە من

چاوەڕێی ئەوەبووم کە زیاتر بە تووڕەیی قسەم لەگەڵدا بکات، بەڵام بە پێچەوانەوە، بە قورگێکی نزیك لە گریانەوە، ئەم چەند قسەیەی لەگەڵدا کردم:

بمبوورە، کەمێك هەڵچووبووم، بۆیە بە توندی هاوارم بەسەرداکردی، باش دەزانم تۆ ناتەوێت بڕۆین، بڕوابکە منیش وەك تۆ نامەوێت ماڵ و شارەکەی خۆمان جێبهێڵین، بەڵام چی بکەین، ناچارین، نیگەران مەبە، خۆ بە یەکجاری دەست لەم شارە هەڵناگرین، ئێمە بەم شارەوە جوانین، لێرە لە دایکبووینە، لێرەش بەختەوەر دەبین، چۆن دەتوانین بە یەکجاری لە بیر خۆمانی بەرینەوە، سروشتی مرۆڤ وایە، کاتێك لە شوێنێکدا لە دایکدەبێت، ئیدی تا لە ژیاندا ماوە، بەو شوێنەوە پەیوەست دەبێت، ئێمەش بەم شارەوە پەیوەستین، دەبێ هیوامان بە گەڕانەوە هەبێت، ئەگەر بۆ تەنیا ڕۆژێکیش بێت، هەر دەگەڕێینەوە.

## ٢

چەند خولەکێك پێش هەڵکشانمان بە کێوەکەدا لە نزیکی ئێمەوە لە نێو ئاپۆرەی بێشوماری خەڵکیدا دەنگی قیژە و هاواری ژنێك هاتە گوێمەوە، هەندێ جاریش بە قورگێکی تێکەڵ بە گریانەوە، دەیگوت:

چۆن بڕۆم؟ ژانم گرتووە، ناتوانم ڕێبکەم، توخودا جێم مەهێڵە، خۆ هێشتاکە خەڵکی ماون، ئەم پەلەپەلی ڕۆیشتنەت لە چیدایە؟ توخودا بە تەنیا جێم مەهێڵە، دەترسم بە هۆی ئەم ژانەمەوە گیان لە دەست بدەم.

کاتێك ئەم چەند قسەیەم بەر گوێ کەوت، ویژدان ڕایچڵەکاندم، بێزارییەکی قووڵ هەموو ئەندامەکانی گیانمی گرتەوە، گیانم کەوتە لەرزەوە، ئەژنۆم شل بوو، خەریك بوو مێشکم لەسەر خۆم نەمێنێت، هەر چۆنێك بوو بۆ ماوەیەکی کورت توانیم دان بە خۆمدا بگرم، بەڵام بە دەست خۆم نەبوو بەرەو لای ژنەکە کەوتمەڕێ، هەندێ بە دیارییەوە وەستام، لەسەر بەتانییەکی قوڕاوی ڕاکشابوو، جار جارە لە نێوانی هەر چەند



لەحزەیەکی کورتدا تەماشایەکی شەرم ئامێزی منی دەکرد، دوایی هەندێ قسەی توندی ئاڕاستەی پیاوەکەی کرد:

هەی خوێڕی، ناپیاوی بێ وەفا، بیرت چۆتەوە؟ ئەو کاتانەی دەهاتیتە لام، وەك منداڵ لەبەرم دەپاڕایتەوە تاکو لەگەڵتدا بخەوم، بیرت چۆتەوە؟ ئەو ڕۆژەی لە پارکە گشتییەکەی شاردا داوام لێکردی سکەکەم لەبار بەرم، ئەی تۆ نەبوویت دەتگوت:

لە سایەی منداڵدا دەحەسێینەوە، نابێت لە ناوی بەرین، ئەوە دیاری خودایە، مرۆڤ چۆن دەبێت دیاری خودا ڕەتکاتەوە، شتی وا نابێت، چۆن دەستکاری ئیشی خودا بکەین؟ گوناهبار دەبین.

خۆت باش دەزانیت من حەزم بە منداڵ نەبوو، تۆ حەزت پێی بوو، هەمووی خەتای تۆ بوو، خۆ ئێمە هێشتاکە خۆمان بچووکین، منداڵمان بۆچی بوو؟ ئەگینا منیش ئێستاکە بە پێی خۆم لەگەڵ ئەو خەڵکەدا دەڕۆیشتم.

ڕۆچوومە نێو خەمێکی قووڵەوە، ماوەیەك بوو، چاوم لەسەر ژنەکە هەڵنەبڕی بوو، کاتێك سەرم هەڵبڕی نزیکەی پانزە تاکو بیست کەسێك کە پێکهاتبوون لە ژن و منداڵ و پیاوەوە لە چواردەوری ئێمەدا کۆببوونەوە، ماوەیەك بە چاوی بەزەییەوە تەماشای ژنەکەیان کرد و بێ ئەوەی هیچ یەکێکیان قسەیەکی لەزاردا بێتەدەرەوە، یەك بە دوای یەکدا بە ئاڕاستەی بەرزایی کێوەکە کەوتنەڕێ. هەرکە ئاوڕێکی تری دواوەی خۆم دایەوە، باوکم و دایکم لەگەڵ "ڕۆژان"ی خوشکم و "ڕەوەند"ی برام لە پشت منەوە وەستابوون، بە هەمان شێوەی کۆمەڵە کەسەکەی تر، ئەوانیش هیچ قسەیەکیان لەدەم دەرنەچوو، هەندێ تەماشای ژنەکەیان کرد، لەم کاتەدا تەماشایەکی دایکمم کرد، چەند دڵۆپە فرمێسکێك بە چاوەکانییەوە دیاربوون.

لە پڕێکدا باوکم بێ ئەوەی هیچ قسەیەکی لەزاردا بێتەدەر بە تووڕەیی گرتی بە قۆڵم و بە دوای خۆیدا کێشی کردم، چەندی تکام لێی کرد هاوکارییەکی ئەو ژنە بکەین، چونکە پیاوەکەی بە تەنیا لێرەدا جێیهێشتووە، خەریکە منداڵی دەبێت، با لەگەڵ خۆماندا بیبەین، من دەیخەمە کۆڵ خۆمەوە، یاخود ماوەیەك بە دیارییەوە بووەستین

تاکو سکەکەی دادەنێت، بەڵام هیچ یەکێك لە پێشنیارەکانی منی قەبووڵ نەکرد، دوایی ئێمەش جێمانهێشت.

بۆ دوایین جار ئاوڕێکی تری ژنەکەم دایەوە، بە تەنیا لەسەر پشت ڕاکشابوو، کەس بە لایەوە نەدەچوو، هیچ جولەیەکم لێی بەدی نەکرد، دووبارە کەوتمەوەڕێ، لە لێواری ئەو باریکە ڕێگەیەی خەڵکەکەی پێدا هەڵدەکشا، منداڵێکی پێنج شەشساڵان بە مردوویی فڕێدرابوو، چەند هەنگاوێك لەو لای تەرمی منداڵەکەوەش، پیرێژنێك لە ڕێگەکە هەڵدێرابوو، سەری دابووی لە بەردێکی گەورە و خوێن پڕژابووە سەر زەویەکە و تێکەڵ بە باراناوەکە ببوو، لەوەی دەکرد تازە گیانی دەرچووبێت، چونکە هێشتاکە خوێنەکەی سوور دەچۆوە.

هەنگاو دوای هەنگاو، ماندووتر دەبووین و بەردەوامیش ڕێگەمان دەبڕی، چەند جارێك داوامان لە باوکم کرد کە ماوەیەکی کەم بووەستین و پشوویەکی کورت بدەین، بەڵام ئەو تەواوی داواکانی ڕەتکردەوە، تاکو دەهات هەڵکشان بە کێوەکەدا سەختتر دەبوو، ئەو کاتانەی تەماشای خوارەوەم دەکرد، دونیام وەك تۆپێکی بچووك دەبینی، ئەوکات زۆر هەستم بە ترس دەکرد، چونکە هیچ کاتێك دونیام بەم شێوە ترسناکە نەدی بوو، مرۆڤ کەمتر لە شاردا هەست بە ترس دەکات، لە شاردا هەر کەسە و خەریکی ئیش و کاری ڕۆژانەی خۆیەتی، ژیان لە نێو شاردا فەوزایەکە و کەس ناپڕژێتە سەر شتی لاوەکییەوە، لە نێو شاردا کەسی سادە زۆر بە کەمی هەلی بۆ دەڕەخسێت بیر بکاتەوە، ئەوانەی  لە نێو فەوزای شاردا، بیردەکەنەوە و باس لە سەختی ژیان و ترس دەکەن، کەسانێکی دەستەبژێرن و زۆر جار وەك کەسانێکی سەر لێشێواو لە لایەن خەڵکانێکی سادەی نێو شارەوە سەیر دەکرێن و ڕووبەڕووی گاڵتەجاڕی دەبنەوە، بەڵام  لە دواییدا وەکو ڕەمز تەماشایان دەکرێت و بۆ هەتاهەتا بە نەمری دەمێننەوە.

چەندان جار لە فیلمەکاندا، بینیبووم کە مرۆڤەکان کاتێك ڕووبەڕووی ژیانی نێو کێوەکان دەبوونەوە، ژیانێکی تا ئەوپەڕی سەختیان دەگوزەراند، وام هەست دەکرد ئەو جۆرە ژیانە سەختە، داهێنانی کامێرایە و دوورە لە ڕاستییەوە، ئینجا زانیم ژیان پڕیەتی



لە ترس و سەختی، ژیان لە کێوەکاندا سەختە و مرۆڤ دەبێ خۆڕاگربێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوامی بە مانەوەی خۆی بدات.

لەسەر لوتکەی کێوەکەدا تەماشایەکی تری خوارەوەم کرد، سەرم سووڕما، هەستم بەوەکرد لە بەرزترین شوێنی گەردووندام، لەو دیوی کێوەکەوە ڕووبارێکی پێچاوپێچ هەر ئەوەتە و بە چاو دەبیندرا، هەندێ کەس خەریکی پشوودان بوون، هەندێکی تریش بە هەمان ئەو ڕێگە باریکەی پێیدا سەرکەوتبوون بە پێچەوانەوە دادەبەزینە خوارێ.

دابەزین بە کێوەکەدا، زۆر سەختتر بوو لە سەرکەوتن بەسەریدا، مرۆڤ بە دەست خۆی نەبوو هەنگاوەکانی بێ ئیرادەی خۆی خێراتر دەبوون لە کاتی هەڵکشانماندا بە کێوەکەدا، جێهێشتنی ژنەکە و تەرمی پیرێژنەکە زۆر کاریان کردە سەرم، بەڵام لە کاتی دابەزینماندا دیمەنی ئەو پیاوە بەساڵداچووەم هیچ کاتێك بیر ناچێتەوە کە چەند هەنگاوێك لە پێش منەوە لە کاتی ڕێکردندا لە ڕێگەکەوە هەڵدێراو لەو بەرزییەوە کەوتە خوارێ، تەنیا لە لەحزەی یەکەمدا هاوارێکی کزی  لێوەهات و دواتر دەنگ و ڕەنگی بۆ هەمیشە سڕایەوە.

سات دوای سات ویژدان ئازاری ناوەوەی دەدام و لەم کاتەدا حەزم دەکرد ببوومایەتە پاڵەوانێکی ئەفسانەیی و تەواوی خەڵکەکەم بدابووایەتە دوای خۆم و بە هەمان ئەو ڕێگەیەی پێیدا هاتبووین بەرەو شار بیانمگەڕاندبووایەتەوە، بەڵام نەمدەتوانی، تەنیا ئارەزووێکی پووچ بوو مێشکمی تەنی بۆیەوە، هیچ ڕێگەیەکی ترم لە پێشدا نەبوو جگە لەوەی دەبووایە منیش هاوشانی خەڵکەکە هەنگاو بهاوێم، بەرەو ئەو شوێنەی نەمدەزانی کەوتۆتە کوێندەری سەر زەوی.

## ٣

لە نێوانی دوو کێوی بڵندەوە و لە ژێر خیوەتدا گیرساینەوە، مەودای نێوانی هەر خیوەتێکیش کەمتر لە هەنگاوێك دەبوون، زوو زوو بارانێکی توند دەباری و لە بەرزایی کێوەکانەوەش باراناو دەڕژایە ژێر خیوەتەکانەوە و تەنگی بە خەڵکەکە هەڵدەچنی.

برسێتی و پەتایەکی توندی سکچوون و ڕشانەوە باڵیان بەسەر خەڵکیدا کێشابوو، ڕۆژ نەبوو هەواڵی مردنی یەکێك یان دووان و زیاتریش بە گەورە و بچووکەوە بە نێو خیوەتگەکەدا بڵاو نەبێتەوە، تەنیا جارێکیش لە لایەن دەوڵەتەوە تیمێکی پزیشکی نێردرا، ئەویش چەند پزیشکێکی پاك و تەمیز بوون بە قێزەوە تەماشای چوار تا پێنج کەسێکیان کرد و پاشان بێ ئەوەی قسە لەگەڵ کەسیتردا بکەن بە پەلەپروزێ ڕۆیشتن.

ژیان سات دوای سات ڕووەو لوتکەی بێزاری و سەختی هەڵدەکشا، مرۆڤ تاکو دەهات هەیبەتی لاوازتر دەبوو، سروشتی مرۆڤەکان وەها گۆڕابوو لە هیچ شتێك سڵیان نەدەکردەوە، گوێیان بە شەرم نەدەدا و هەر چۆنێك بیانویستایە وا هەڵسوکەوتیان دەکرد، ڕەچاوی ماف و بەرژەوەندی بەرانبەرەکەیان نەدەکرد و خۆپەرستی ڕەگی لە قووڵایی ناوەوەی مرۆڤەکان داکوتابوو، تا دەهات پتەوتر دەبوو و زیاتر گەشەی دەکرد.

دزی و ڕفاندنی ژن و توندوتیژی مرۆیی بە لای هەندێ خەڵکەوە ئاسایی ببوون، تەنانەت گەیشتبووە ئەو ئاستەی لە شێوەی گروپێکی ڕێکخراو دەرکەوتبوون و لە هەر دەرفەتێکدا، هەڵیاندەکوتایە سەر ماڵان و دزی و ڕفاندنی خەڵکی لێدەکەوتەوە.

ئەو شەوەی کە باوکم بە دەستی " قالە سمێڵ" و پیاوەکانییەوە کوژرا بە پێچەوانەی جارانی پێشووترەوە بارانێکی نەرم نەرم دەباری و دەنگی سەگ نێو خیوەتگەکەی پڕکردبوو، لە سەرەتای ڕووداوەکەوە بە ئاگابووم، بەر لە ڕووداوەکە هەر لە خۆمەوە ترسێك ڕۆچووبووە دەروونمەوە، چەند جارێك بە ئاسپایی دەرگە پەڕۆینەکەی خیوەتەکەم هەڵدایەوە و تەماشای دەرەوەم کرد، جگە لە دەنگی سەگ و هاتووچۆیان بە نێو خیوەتەکاندا، هەستم بە هیچ شتێکی تر نەکرد، لە نێو درزی دەرگە پەڕۆینەکانی چەند خیوەتێکی نزیکمانەوە، ڕووناکییەکی کز دەکەوتنە بەر چاوم، ڕۆیشتمەوە ژێر پێخەفەکەمەوە، لەبەر خۆمەوە بیرم دەکردەوە، نازانم چۆن بوو، بیرم بۆ ئەوە ڕۆیشت منیش ببم بە یەکێك لە پیاوەکانی "قالە سمێڵ" و فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ بکەم، تەکنیکی نوێ بدۆزمەوە بۆ ڕفاندنی ژن و کچانی نێو خیوەتگەکە و بکەومە دوای ئارەزووەکانی خۆمەوە، دەم و دەست پەشیمان دەبوومەوە، نا چۆن



دەبێ من شتی وا بکەم، ئەوە لە من ناوەشێتەوە، منێکی خوێندەوار، چۆن دەبێ بیر لە شتی وا بکەمەوە. هەندێ جاریش بە خەیاڵ خۆم بە یەکێك لە پیاوەکانی "نورە کەتن" دادەناو هەڵمدەکوتایە سەر ماڵان و هەر چییەکم بکەوتبایەتە دەست تالانم دەکرد، لەم خەیاڵکردنەوانەدابووم، لە پڕێکدا، بە هۆی ئەو دەنگی پێیانەی لە نێو قوڕاوەکەدا، لە نزیکی خیوەتەکەی ئێمەوە، کەوتنە بەر گوێمەوە، ڕاچڵەکیم، شڵەژام، ماوەی چەند خولەکێکی کورت هەستی خۆم ڕادێرا، تا دەهات دەنگی پێیەکان زیاتر و نزیکتر دەبوونەوە، هێندەی نەبرد یەکێك زۆر بە ئاسپایی، بە چەقۆیەك ئەو بەنە باریکەی کە دەرگەی خیوەتەکەمان پێ بەستابۆیەوە پچڕاند و خۆی کرد بە ژێر خیوەتەکەوە، لە دەرەوەش چەند کەسێکی تریش دیار بوون، ترس دایگرتم، هەرچەندی دەمکرد نەمدەتوانی بانگی باوکم بکەم، چونکە لەبەر خۆمەوە دەمگوت: با کەمێك چاوەڕێ بکەم، بزانم چی دەکەن، لەوانەیە بێ ئەوەی هیچ شتێك ئەنجام بدەن لە کۆڵمان ببنەوە و بەرەو لای کاری خۆیان بڕۆن، زۆر بە نهێنی لە ژێر بەتانییەکەوە سەیری پیاوەکەم کرد، ناسیمەوە "قالە سمێڵ" بوو، هەر ئەو دەم، سێ لە پیاوەکانیشی، خۆیان کرد بە ژێر خیوەتەکەوە "قالە سمێڵ" هەندێ چاوی بەسەر ئێمەدا گێڕا، پاشان بەتانییەکەی سەر منی هەڵدایەوە و تەماشایەکی خێرای منی کرد و بەتانییەکەی دایەوە بەسەر سەرمدا، دیسانەوە لە ژێر بەتانییەکەدا تەماشام کردنەوە، ئەمجارەیان بەرەو لای "ڕۆژان" ڕۆیشت، ئەوەبوو بەتانییەکەی ئەویشی لەسەر سەری هەڵدایەوە، یەکڕاست دەستی خستە سەر دەمی و دەم و دەست پیاوەکانی لەژێر پێخەفەکەیان هێنایەدەر "ڕۆژان" چەند جارێك بە قوڕگێکی نووساوەوە، بە نزمی بانگی باوکمی کرد، شڵەژام، هەڵچووم، هەستم کرد دەیانەوێت "ڕۆژان" بەرن، بۆیە بەتانییەکەم لەسەر خۆم هەڵدایەوە و لە هەمان کات و لەحزەشدا باوکم لە خەو هەڵسا، دوای یەك لەحزە لە تەماشاکردنی دیمەنەکە و بێ ئەوەی من و باوکم تەنیا قسەیەك لەگەڵ یەکدا بکەین بە یەکەوە، پەلاماری "قالە سمێڵ" و پیاوەکانیماندا لە ژێر خیوەتەکە بووە دەنگە دەنگ و بینە و بەردەیەکی زۆر، بەم هۆیەوە دایکم و "ڕەوەند"ی براشم لە خەو هەڵسان و هاتنە

نێو ڕووداوەکەوە "قالە سمێڵ"و پیاوەکانی بە هەر جۆرێك بوو، توانیان "ڕۆژان" ببەنە دەرەوە، پەلاماری ئێمە بۆ بەرەنگاریکردن لە "ڕۆژان" بەردەوام بوو، بەڵام ئەوان لە هەوڵی ئەوەدابوون بە زووترین کات "رۆژان" لەگەڵ خۆیاندا بەرن و ئەویٚ جێبهێڵن، لە کاتی هەڵاتنیاندا" قالە سمێڵ" بەرەو ڕووی باوکم گەڕایەوە چەقۆیەکی لەسەر سەری بردە خوارەوە، دەم و دەست باوکم کەوتە سەر زەویەکە و گیانی دەرچوو، ماوەی چەند لەحزەیەکی کورت ڕۆیشتینە سەر تەرمەکەی باوکم، کاتێك ویستمان بە دوای "قالە سمێڵ" و پیاوەکانیدا بڕۆینەوە ئیدی ئەوان دیار نەبوون و "ڕۆژان"یشیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو.

بۆ بەیانییەکەی تەرمەکەی باوکمان لە بناری کێوەکاندا و لەو گۆڕستانەی تەمەنی لەگەڵ دروستبوونی خیوەتگەکەدا دەستی پێکردبوو، بە خاکمان سپارد، دوای ناشتنی تەرمەکەش خیوەت بە خیوەت بە دوای سۆراخی "ڕۆژان"دا گەڕاین، هیچ سۆراخێکیمان نەزانی، ئەوەی ئەودەم بۆ ئێمە جێگەی ئومێدێکی بچووك بوو، ئەوەبوو چەندان جاری تریش "قالە سمێڵ"و پیاوەکانی، کردەوەی لەم جۆرەیان لە نێو خیوەتگەکەدا ئەنجامدابوو، دوای چەند شەوێکی کەم لە پڕێکدا و لە نیوەی شەودا، ژنە ڕفێندراوەکەیان بە چاو بەستراوی و لە هەمان ئەو شوێن و خیوەتەی لێیان ڕفاندبوو، دادەناو کەسیش نەیدەزانی بەرەو چ لایەك دەڕۆیشتنەوە و لە کویٚ خۆیان دەشاردەوە!

بیٚ ئەوەی کەسمان بۆ تەنیا چرکەیەك خەو چووبێتە چاویەوە، شەوی سێیەمی دوای ڕووداوەکەشمان بەڕێکرد، تەواوی ئەو ماوەیە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی "ڕۆژان"دا بووین، نەگەڕایەوە، شەوی پانزەمیش کۆتایی هات هەر نەگەڕایەوە، چاوەڕوانی خەریك بوو لە نێو خۆیدا بزرم بکات، بیٚ ئومێدی تاسەر ئێسقان ڕۆچووبووە نێو بوونمەوە، هێندەی نەمابوو بە یەکجاری بوونم بسڕێتەوە، بەڵام هەرچی هێز و بیرکردنەوەم هەبوو خستبوومە گەڕ، بۆ ئەوەی بەسەر خۆمدا زاڵبم، بە خەیاڵ ئومێدم دروست دەکرد، وام لە خۆم دەگەیاند "ڕۆژان" دەگەڕێتەوە، هەر ئەودەمیش کۆشکی ئومێدە خەیاڵییەکەم دەڕووخاو لە خۆمم دەپرسی: دەبیٚ بگەڕێتەوە؟



لە نێوانی ئەم پانزە شەوەی باوکمی تێدا کوژراو "ڕۆژان"ی تێدا ڕفێندرا، بە هەمان شێوە لە لایەن "قالە سمێڵ"و پیاوەکانییەوە، چەندان ژن و کچی تریش لە نیوەی شەودا بەڵام بیٚ ئەوەی هیچ کەسێکی تر بکوژن ڕفێندران، دوای چەند شەوێکی کەم، تەنانەت یەکێك لە ژنە ڕفێندراوەکان هەر هەمان شەوی ڕفاندنەکەی و دوای دەستدرێژییەکی زۆر، گەڕێندرانەوە شوێنەکەی خۆیان.

هیچ یەکێك لە ژنە ڕفێندراوەکان، سۆراخی "ڕۆژان"یان نەدەزانی، بە هۆی ئەوەی لە کاتی ڕفاندنیاندا بە توندترین شێوە چاوبەست کرابوون و بە کۆڵیش بردرابوون، تەنیا هەستیان بەوەکردبوو زۆر لە خیوەتگەکەوە دوور نەخراونەتەوە، ئەو شوێنەی تێیدا دەستدرێژییان کراوەتەسەر، ژێر خیوەت بووە، چونکە بە هۆی "با"و بارینی بارانەوە، هەستیان بەو نهێنییە کردووە.

ئەو بەیانییە زووەی لە خەو هەڵسام، یەکڕاست تەماشایەکی وردی نێو خیوەتەکەم کرد، دایکم هێشتاکە لە خەودابوو، بەڵام "ڕەوەند" لە ژێر پێخەفەکەیدا هاتبووەدەر و لە نێو خیوەتەکەش نەمابوو، سەرەتا تاڕادەیەك بەلامەوە ئاسایی بوو، بەڵام کاتێك لە دەرگەی خیوەتەکەم ڕووانی، بە هۆی ئەو کاغەزەی بە داوێکی باریکەوە، بەدەرگەکەوە هەڵواسرابوو، ترسێك بە گیانمدا گەڕا، شڵەژام، بە پەلەپروزێوە لە جێگەی خەوەکەم هاتمەدەر و بەرەو کاغەزەکە ڕۆیشتم، گرتمەدەست، هەرچەندی دەمکرد، نەمدەوێرا بیخوێنمەوە، چونکە هەر لە خۆمەوە هەستم دەکرد لەگەڵ خوێندنەوەی کاغەزەکەدا ڕووداوێکی ترم بۆ زیاد دەبێت، بەڵام خۆ هەر دەبووایە بخوێندرێتەوە، دواتر هەر چۆنێك بوو کەوتمە خوێندنەوەی:

دایکە...

کاکە...

هەر چەندە گومانم نییە، لەوەی کە منتان خۆشدەوێت، ئەگەر بەڕاستی لای ئێوە خۆشەویستم، نامەوێت خەم بۆ منیش بخۆن، دڵتەنگ مەبن، پێتان سەیر نەبێت من ئێستاکە لە ژیاندا نەماوم، بەرانبەر دارستانەکەی خوار خیوەتگە لە نێو ڕووبارەکەدا

خنکاوم، له هەمان ئەو شوێنەی ماوەیەك لەمەو پێش، تەرمی منداڵەکەیان لێ دۆزییەوە، تەرمی منیش لەوێدایە، بمبوورن ئەگەر تەرمەکەم لەوێ نەبوو، من لەوێ خۆم خنکاندووە، لە دەسەڵاتی مندانییە ئەگەر ئاوەکە منی بۆ شوێنێکی تر بردووە.

ئەمە باشترین ڕێگەیەك بوو کە بەوپەڕی بڕواوە هەڵمبژاردووە، ڕۆژ دوای ڕۆژ ژیانم زیاتر بەرەو ئاڵۆزی دەڕۆیشت، کوژرانی باوکم و ڕفاندنی "ڕۆژان" بەم شێوەیە نەبووایە، هیچ کاتێك و بە هیچ جۆرێك بیرم نەدەچۆیەوە، کوژرانی باوە بە لای منەوە وەك کوژرانی تەواوی ڕەگەزی مرۆڤایەتی وابوو، کاتێکیش مرۆڤایەتی بکوژرێت، من بۆ نەمرم، هەستم دەکرد، دوای ئەو، بوونی من پێویست نەبوو، منێکی بێ توانا کە بەرچاومەوە "ڕۆژان" ڕفێندرا و باوەش کوژرا، نەمتوانی بەرەنگاریان لێ بکەم، مرۆڤ ئەگەر نەیتوانی بەرەنگاری لە هاوڕەگەزەکانی خۆی و نزیکترین کەسەکانی بکات بۆ مردن نەبێت بۆ هیچ شتێکی تر باش نییە، ئەو کاتە هیچم بۆ نەکرا، ئەی لەمەودوا چیم بۆ دەکرا، دڵنیام بۆ دۆزینەوەی "ڕۆژان"یش هیچم لە دەست نەدەهات،

دەزانن چەند ناخۆشە مرۆڤ لە ژیاندا بەبێ هێزی بسووڕێتەوە، من هەستم دەکرد بێ هێزترین مرۆڤی ئەم دونیایەم، بۆیە بڕیارمدا نابێت لەوە زیاتر ببمە بارگرانی بەسەر ژیانەوە، مرۆڤی بێ هێز بەسەر مرۆڤەکانی ترەوە دەبێتە بارگرانی، حەزم نەکرد من لەو جۆرە مرۆڤانەبم.

تکایە هەر کاتێك گەڕانەوە شار، هەر چەندە نازانم دەگەڕێنەوە، یاخود نا، بەڵام ئەگەر گەڕانەوە، یەکڕاست سۆراخی کۆترەکانم بکەن، ئەگەر مابوون زۆر ئاگاداریانبن، ئەوان تاڕادەیەك هۆی بەختەوەری من بوون، خۆ من بە هۆی خۆشەویستی ئەوانەوە لە خوێندن دوور کەوتمەوە، توخودا ئاگاداریانبن.

بمبوورن، زۆر شتی تریش مابوون بیانووسم، بەڵام نەمتوانی لەوە زیاتر بنووسم، دەترسام بەم کارەم بزانن و بمخەنە ژێر چاودێری خۆتانەوە، مرۆڤ ئەگەر لەژێر چاودێریدابوو، بێ ماناترین ژیان دەگوزەرێنێت، نەمتوانی ژیانم بێ مانا بێت.



دوای خوێندنەوەی نامەکە، من و دایکم بە پەلەپروزێ، خۆمان گەیاندە هەمان ئەو شوێنەی لە نامەکەدا ئاماژەی پێدرابوو، نە بەزیندوویی و نە بە خنکاوی "ڕەوەند"مان نەبینی، بەڵام من دڵنیابووم لە نێو ڕووبارەکەدا خنکاوە، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو لە ژیانیدا ئەوەبوو بڕیاری لەسەر هەر شتێك بدابووایە زۆر بە خێرایی جێبەجێی دەکرد، تەنانەت ئەگەر بیزانیبووایە زیانیشی بۆی دەبێت، بە لایەوە گرنگ نەبوو، بەڵکو گرنگ ئەوەبوو جێبەجێی بکات و خۆی لە ژێر قورسایی ئەو بڕیارەی دابووی بهێنێتەدەر.

کات ڕووەو ئێوارە هەڵدەکشا، هێشتاکە لە قووڵایی ڕووبارەکەمان دەڕوانی، هیچ شتێك سەرنجی بۆ خۆی ڕانەدەکێشاین، لەو کاتەدا حەزم دەکرد جولەی گەردوون بەدەست من بووایە، بۆ ئەوەی بیوەستێنم، تاکو بەرەنگاری هاتنی تاریکی ببمەوە، بەڵام زۆر بە هێواشی، هەستم دەکرد هێزی تاریکی ڕووەو ئێمە دەهات و باوەشی پیاماندادەکرد و نەمدەتوانی بەرەنگاری ببمەوە.

نێوانی من و دایکم نزیکەی بیست هەنگاوێك دەبوو، لە بەیانییەوە بێ ئەوەی زۆر قسە لەگەڵ یەکدا بکەین بەردەوام لە ڕووبارەکەمان دەڕوانی، لە پڕێکدا دایکم ناوی هێنام، ڕاچڵەکیم، بە ترسەوە ئاوڕم لێی دایەوە، بەرەو لای من هەنگاوی دەهاویشت، لەبەری هەڵسامەوە و بەرەو ڕووی هەنگاوم هەڵێنا، دوای چەند لەحزەیەك تێڕامان لە نێو چاوی یەکتری، دایکم بە قوڕگێکی پڕ لە گریانەوە کەوتە قسەکردن:

کوڕم، ئێمە لە بەیانییەوە لەسەر ئەم ڕووبارە وەستاوین بە هیچ شێوەیەك نە بە خنکاوی و نە بە زیندوویی "ڕەوەند" دیار نییە، خەریکە چاوەڕوانی دەمکوژێت، ناتوانم لەوە زیاتر دەستەوئەژنۆ دانیشم و چاوەڕێی ئەوەبم تەرمەکە لە خۆیەوە لەژێر ئاوەکەدا بێتەدەر، دەبێت ڕێگەیەکی تر بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بتوانین تەرمەکە بهێنینەدەر.

چ جۆرە ڕێگەیەك؟

دەبێت کەسێکی مەلەوان بڕواتە ژێر ئاوەکەوە، ئەوسا بە ئاسانی تەرمەکە دەدۆزرێتەوە.

دایکە، خۆت دەزانی من مەلە نازانم، لەم ڕۆژگارەشدا کەس هاوکاری کەس ناکات، ئەوەتا لە بەیانییەوە ئێمە لێرەین، بەدەیان کەس بێرەدا ڕەتبوونە کەسێك سڵاوی لێ نەکردووین، ئیدی چۆن هاوکاریمان دەکەن.

دەزانم تۆ مەلە نازانی، من مەبەستم تۆ نییە، ئەگەر خۆشت بتەوێت بچیتە نێو ئاوەکەوە من ڕێگەت نادەم، هەر تۆم ماوە، چۆن ڕێگەت دەدەم شتی وا بکەیت.

ئەی مەبەستت چییە و دەتەوێت چیبکەین؟

چەند ڕۆژێك بەر لە ڕووداوەکەی ئەوشەوە، وا ڕێکەوت من و پورە فاتیمە و پێنج شەش ژنی تر، نزیك ماڵی پورە فاتیمە یەکترمان گرتبوو، ئیدی بۆ خۆمان باسی ئەو ڕەوشە ناخۆشەمان دەکرد کە ئێمەی تێکەوتووین، هەر کەسە و باسی شتێکی دەکرد، ئەوەبوو یەکێك لە ژنەکان ئاماژەی بەوەدا کوڕێکی گەنج کە وەختی خۆی لە شاردا لە مەلەوانگەدا کاری کردووە، ئێستاکەش لێرەدا ئەم شارەزاییەی هەیەتی وەك پیشەیەك بۆ پەیداکردنی پارە بەکار دەهێنێت، کەسانی خنکاو لە ڕووباردا بە پارە دەردەهێنێت، پێت باش نییە ئێمەش بڕێ پارەی بدەینێ و تەرمەکەمان بۆ بدۆزێتەوە؟

ڕێگەیەکی باشە، بەڵام من دەترسم بەو پانزە بیست دینارەی هەمانە، ڕازی نەبێت، تەنانەت بە قەرزیش، کەس ئامادە نییە پارەمان پێبدات، ئەی چۆن ڕازی بکەین؟

لەوانەیە بەو پارەیەی هەمانە ڕازی بێت، خۆ ئەو چی دەکات، تەنیا ئیشی نێو کاتژمێرێتی و بۆ خۆی دەڕواتەوە ماڵ، خۆ قابیلە لە سوود بەو لاوە زەرەری تێدا بکات.

چۆن بتوانین ئەو کوڕە مەلەوانە بدۆزینەوە؟ ئەی ئەو ژنە نەیگوت لە چ خێوەتێکدا دەژیەت؟ خۆت باش دەزانی دۆزینەوەی ئاسان نییە، بە هەزاران ماڵ لەم خێوەتگەیەدا دەژین، ئێستاکە پێم بڵێ چۆن بیدۆزینەوە؟

ئەو ژنەی باسی ئەو کوڕەی بۆ ئێمە گێڕایەوە، پورە فاتیمەی هاوسێمان دەیناسێت، من لێرە دەبم ، ئاگام لە ڕووبارەکە دەبێت، تۆ بڕۆ بۆ لای پورە فاتیمەو با ئەو ناونیشانی ئەو ژنەت بداتێ، لە ڕێگەی ئەو ژنەوە کوڕەکە دەدۆزرێتەوە، هەر



ئێستاکە بڕۆ، تاکو زیاتر درەنگ نەبووە، هەوڵبدە هەر چۆنێك بێت ڕازی بکەیت، ئەگینا تەرمەکەمان بۆ نادۆزرێتەوە.

لە ڕێگەی پورە فاتیمەوە ژنەکەم دۆزییەوە، ئەویش ناونیشانی کوڕە مەلەوانەکەی پێمدا و هەر هەمان کات ئەویشم دۆزییەوە، گەنجێکی باریکەلەی موو ڕەش بوو، باڵای کورت و جل شڕ بوو، ئەوەی بەزەیی بێت لە ڕووخساریدا بەدیم نەدەکرد، زۆر بە ڕێزەوە بەرەو ڕووی وەستام و لەگەڵی کەوتمە گفتوگۆوە:

بموورە، کاتەکەشی ناوەختە، هیوادارم بێزارم نەکردبیت.

بە پێچەوانەوە، فەرموو هەر کارێکت هەیە، شەرم مەکە بیڵێ، ئەگەر لە توانای مندا بێت، بە چاوان بۆتی جێبەجێدەکەم.

ئەوەی ڕاستی بێت ناونیشانی تۆیان داومەتێ، گوایە تۆ شارەزاییت لە مەلەکردندا هەیە، نازانم جەنابت شارەزاییت لە مەلەکردندا هەیە؟

بەڵێ، من مەلەوانێکی باشم، لە شاریشدا هەر ئەوە پیشەم بووە، بڵێ، هیچ بووە؟

کارێکی زۆر گرنگ و بە پەلەم پێت هەیە، لە بەیانییەوە برایەکم لە خوار خێوەتگەکەوە لە ئاوی ڕووبارەکەدا خنکاوە تاکو ئەم لەحزەیەش تەرمەکەیمان بۆ نەدۆزراوەتەوە، بۆیە هانام وەبەر جەنابت هێناوە، بەڵکو تەرمەکەیمان بۆ بدۆزیتەوە، زۆر مەمنوونت دەبین.

ئەو شوێنەی براکەتی تێدا خنکاوە زۆر لە خێوەتگەکەوە دوورە؟

زۆر نا، هەر لای دارستانەکەوەیە، لەوانەیە پێنج تاکو دە خولەکێك لە خێوەتگەکەوە دوور بێت، ئەگەر پەلە بکەین زۆر باشە، چونکە ئێستاکە دایکم چاوەڕێی ئێمە دەکات، بەدبەختەی خەریکە لە تاوا لە هۆشخۆی بچێت.

خۆت دەزانی لێرە هیچ کارێك نییە، مرۆڤ خۆی پێیەوە خەریك بکات و بژێوی ژیانی لێوە دەست بکەوێت، بۆیە منیش ئەو شارەزاییەی لە مەلەکردندا هەمە، کردوومەتە پیشەیەکی سەرەکی، بۆ ئەوەی بتوانم بڕێ پارەم دەستکەوێت، لەگەڵ ئەوەی ئێستاکە

نێو ئاوەکە زۆر ساردە، بەڵام هەر چۆنێك بێت، توانیومە چەندان تەرم لە ئاوەکەدا دەربهێنم.

کەواتە لەگەڵ منیش دێیت بۆ دۆزینەوەی تەرمی براکەم؟

بەڵێ، لەگەڵ تۆش دێم، بەڵام دەبێ پیشەکی بڕی سەد دینارم بدەیتێ، ئینجا خۆم دەخەمە نێو ئاوەکەوە، کەمتر لە سەد دینار ناتوانم ئەم کارەت بۆ ئەنجام بدەم.

ئاخر بۆ ئێستاکە سەد دینار پارەیەکی گەڵێك زۆرە، ئێمە ئەو پارەیەمان بۆ دابین ناکرێت.

بەڕێزم، من بە زۆر ئەو پارەیەت لێناسەنم، بەڵکو لەبڕی ئەوەی ژیانی خۆم دەخەمە مەترسییەوە ئەو پارەیەت لێ وەردەگرم، ئەگەر زۆر مەمنوونیش نەبیت، لەگەڵت نایەم.

تکایە بە هەڵە لێم تێمەگە، ئەگەر هەمبووایە، زۆر لەوە زیاتریشم پێتدەدا، لە پێناوی دۆزینەوەی تەرمەکەدا، چونکە ئێمە ئەو برایەمان زۆر خۆشدەویست، هەرچییەکی بۆ بکەین هێشتاکە قابیلی ئەو نییە، تکایە هاوکاریمان بکە، ئەو پارەیەمان بۆ دابین ناکرێت، کەسیش بە قەرز ناماندداتێ.

دیارە تۆ ئەوە بە هاوکاریکردن نازانیت کە تەرمەکەتان بۆ دەدۆزمەوە، ئەگەر بە پارەش بێت، کاتێك تەرمێك لە ئاوی ڕووبارەکە دەردەهێنم، لای خۆمەوە وەك هاوکاری تەماشای دەکەم، لێرە خۆت دەزانی جگە لە من کەسی تر ئەو کارە ناکات، ئەگەر من نەبوومایە، خەڵکی چییان دەکرد؟ دەبووایە دەست لە تەرمەکانیان بشۆن، دەبێ زۆر مەمنوونیشبن پارەم پێ بدەن، هەرچەندە پارەش مافێکی سروشتی خۆمە لە بڕی دۆزینەوەی هەر تەرمێك لە خاوەنەکەی وەریبگرم.

دەزانم مافی خۆتە پارە وەربگریت، بەڵام خۆ دەبێت تۆش بڕە پارەیەکی وا داوا بکەیت خاوەن تەرمەکە بۆی دابین بکرێت، بڕوابکە بیست دینارمان لەماڵەوە هەیە، هەموویت دەدەمێ ئەگەر تەرمەکەمان بۆ بدۆزیتەوە.



جا بیست دینار کەی حیسابی پارەی بۆ دەکرێت، حەز ناکەم زۆر یەکتری ماندوو بکەین، بە ڕاشکاوی پێت دەڵێم سەد دینار یەك فلسی کەمبێت، تەرمەکەتان بۆ نادۆزمەوە.

جگە لەو بیست دینارەی باسم کرد، دایکیشم ئەنگوستیلەیەکی زێڕی لە پەنجەدایە، ئەویشت دەدەیێنێ، زێڕیش هەر پارەیە، بۆ خۆت دەتوانی بە پارە بیگۆڕیتەوە.

لەوانەیە بە فرۆشتنی ئەو ئەنگوستیلەیەش هێشتاکە حیسابی پارەکەی من تەواو نەبێت، باشتر وایە خۆت ئەگەر بۆت دەفرۆشرێت، بیفرۆشە و حیسابەکەی منی پێ تەواو بکە و ئەوسا منیش تەرمەکەتان بۆ دەدۆزمەوە.

ئێمە کاتمان بەدەستەوە نییە تاکو ئەنگوستیلەکە بفرۆشین، دەمانەوێت تەرمەکە بە خێرایی بدۆزینەوە، چونکە ترسی ئەوەمان هەیە بە یەکجاری بزر بێت، تکات لێدەکەم ئەنگوستیلەکەت دەدەیێنێ، خۆت بیفرۆشە، ئەگەر چەند دینارێکیش لە حیسابەکەت کەمی هێنا، زۆر مەمنوونت دەبین، ئەگەر وەك هەڵوێستێکی ئینسانی لێمان خۆشبیت، ئەگەر لە حیسابەکەشت زیادی کرد، ئەوا ئێمەش لێت خۆش دەبین و تاکو دونیا دونیایە، ئەم چاکەیەت لە بیر ناکەین.

بە مەرجێك لەگەڵت دێم.

بڵێ، بزانم مەرجەکەت چییە؟

من هەوڵی جیدی دەدەم تەرمەکە بدۆزمەوە، ئەگەر نەمتوانی لە بڕی ماندوو بوونەکەم، بیست دینارەکەم هەر دەوێت، بەڵام کاتێك دۆزیمەوە، بیست دینارەکە و ئەنگوستیلەکەشم دەوێت، ئەم ڕێکەوتنەمان لە نێواندایە، بیرت نەچێت، ئەگەر لێی پەشیمان بیتەوە، تەرمەکە دەخەمەوە نێو ئاوەکەوە.

مەرجەکەتم قەبووڵە، بەڵام تاکو زیاتر درەنگ نەبووە، با بە خێرایی بڕۆین.

گەیشتینە ئەو کەنار ڕووبارەی تەرمەکەی لێ بوو، هەرچەندی چاوم گێڕا، دایکمم نەکەوتە بەر چاو، شڵەژام، ترسێك بە جەستەمدا گەڕا، خەریك بوو لە هۆشخۆم بچم، وەك شێت تەماشای چواردەوری خۆمم دەکرد، هێندەم زانی لە نێو دارستانەکەوە

منداڵێکی شەش حەوت ساڵان بەڕاکردن بەرەو ڕووی ئێمە دەهات، هەستم کرد هەواڵی دایکمی لایە، ئەو ڕێگە کورتە لای من ببووە ڕێگەیەکی درێژ و کۆتایی نەدەهات، هەرکە گەیشتە بەردەممان و یەکڕاست بۆمان هاتە دوان:

من کەمێك پێش ئێستاکە لێرە بووم، بۆ خۆم یاریم دەکرد، پیرێژنێکیش نازانم بۆ لێرە وەستابوو، جار جارە دەگریا و دوایی لە گریانەکەی دەوەستا، هێندەم زانی دەنگێك لە نێو ئاوەکەوە بەر گوێم کەوت، ئاوڕم دایەوە، پیرێژنەکە دیار نەبوو، ترسام، تەماشای نێو ئاوەکەم کرد، پیرێژنەکە بوو، خۆی هەڵدابووە نێو ئاوەکەوە، هەر ئەودەم لە نێو ئاوەکە بزر بوو، چیتر نەمبینییەوە.

دوای تەواو بوونی قسەکانی منداڵەکە، تەماشام کرد کوڕە مەلەوانەکە بەرەو ڕووی خیوەتگەکەوە هەنگاوی دەهاویشت، چەند جارێك بانگم کرد، نەوەستا، بەدەم ڕێوە ئاوڕێکی خێرای لێم دایەوە و بە جۆرە گاڵتەجاڕییەکەوە گوتی: تۆ سەد دینارت بۆ تەواو نەدەکرا، ئێستاکە چۆن دەتوانی دوو سەد دینارم پێ بدەیت، تاکو دوو سەد دینارم بۆ نەهێنیت، تەرمەکانت بۆ نادۆزمەوە.

٤

دوو کاتژمێر دەبوو لە پرسگەکەیدا چاوەڕێی دیداری "قالە سمێڵ" بووم، تەواوی ئەو ماوەیە بە بیانووی ئەوەی جەنابی لەگەڵ سەرۆك بەشەکانی فەرمانگەکەیدا دانیشتنی هەیە، نەمتوانی چاوم پێی بکەوێت، ئەوەی زیاتر منی بێزار دەکرد، ئەوەبوو بە بەر چاوی منەوە، سکرتێرەکەی کە کچێکی باڵا بەرزی ڕەنگ گەنمی بوو، درزی مەمك و قۆڵ و ئەژنۆکانی بەدەرەوە بوون، مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی بە سێ کچی هاوشێوەی خۆیدا، تەواوی ئەو ماوەیەی لە پرسگەکەدابووم، بۆ تەنیا چرکەیەکیش چییە "ڕۆژان" لە نێو بازنەی بیرکردنەوەکانمدا دەرنەچوو، بەردەوام بە نێو دەمارەکانی هەستەوەریمدا دەهات و دەچوو، هێندەی نەمابوو بەو هۆیەوە لە هۆشخۆم بچم.



لە نێو ئەو بیرکردنەوانەدابووم، لە پڕێکدا، دوایین کچ لەو کچانەی ڕۆیشتنە لای جەنابی بەڕێوەبەر، هاتەدەرەوە، بیرکردنەوەکانی پەرتکردم، تێڕامام، پارچە کاغەزێکی بەدەستەوە بوو، جۆرە پەشۆکاویەك بە ڕووخسارییەوە دەبیندرا، هەندێ خۆی خەریکی ڕێکخستنی جلەکانی کرد، ئینجا لە سکرتێرەکە نزیك بۆیەوە و چەند قسەیەکی لەگەڵدا کرد و پارچە کاغەزەکەی دەستی بە سکرتێرەکە نیشاندا، ئەویش دوای خوێندنەوەیەکی خێرا و بە دەنگێکی تا ڕادەیەك بڵند پیرۆزبایی لێکرد و دەستی بۆ یەکێك لە ژوورەکان درێژ کرد، دەم و دەست کچەکەش بەرەو ژوورە ئاماژە پێکراوەکە هەنگاوی هەڵێنا.

دوای ڕۆیشتنی کچەکە، کەمێك لە سکرتێرەکەم ڕوانی، هەستم کرد جۆرە دڵتەنگییەك بە ڕووخسارییەوە دیار بوو، بەر لەوەی ئەو کاغەزە بخوێنێتەوە، چەند جارێکی تر تەماشام کردبوو، ئاسایی بوو، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی کاغەزەکەدا هەستم بەو گۆڕانە کرد کە ڕووخساری گرتبۆیەوە.

بە بێدەنگی دانیشتبووین، هەریەکەسە و بیرمان لە شتێك دەکردەوە، من بیرم لە چارەنووسی "ڕۆژان" و ئەویش پێدەچوو بیر لە هاتنی ئەو کچە بکاتەوە، لەو بێدەنگییەدابووین، هەر هێندەم زانی هەمان کچە پەشۆکاوەکە خۆی کردەوە بە پرسگەکەدا بەپێچەوانەوە ئەمجارەیان زەردەخەنەیەکی گەش ڕووخساری تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕی بوو، هەر ئەوەتەو دەناسرایەوە، بە کەمێك فیزەوە، تەماشایەکی منی کرد و پاشان ئاڕاستەی تەماشاکردنەکەی بەرەو لای سکرتێرەکە سووڕاندەوە.

ئەویش بە کەمێك بێزارییەوە، لە کچەکەی پرسی:

ناوت تۆمار کرا؟

بەڵێ، زۆر بە خێرایی ئیش و کارەکانیان بۆ ڕاپەڕاندم.

ئەی پێیان نەگوتی کەی دەست بە کار دەبیت؟

ئەوەی ڕاستی بێت من نیازی ئەوەم نەبوو بەمزووانە دەست بە کار بکەم، چونکە تازە شووم کردووە و لە دەیەم ڕۆژی مانگی هەنگوینیدام، خەریکی ڕێکخستنی ماڵم،

کاتێ ناوەکەم تۆمار کرا، ناوەکەی نازانم! بەڵام هەمان ئەو کەسەی  ناوی تۆمار کردم، لەسەر ڕۆژی دەست بە کار بوونەکەم بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کاك قادردا کرد، ئەوەبوو جەنابی فەرمانی کرد دەبێت لە بەیانییەوە بێمە سەر کارەکەم.

نازانی لە کامە بەش دەست بە کار دەبیت؟ هەر چەندە هەموو بەشەکان وەك یەکن، جیاوازیان نییە.

بەڵێ، بۆ من بەشەکان جیاوازیان نییە، بەڵام هەر لە تەلەفۆنەکەدا کاك قادر فەرمانی ئەوەشی دەرکرد وەك سکرتێری خۆی، لەگەڵ تۆدا کار بکەم، ئەوە فەرمانی خۆیەتی، دەبێ ئێمەش پێوەی پابەند بین.

گوێم لە گفتوگۆکەی نێوانیان گرتبوو، لە پڕێکدا و بە پەلەپروزێوە، چەند کەسێك کە جلی فەرمیان لەبەردابوو، خۆیان کرد بە پرسگەکەدا، هەر هەمان کاتیش "قالە سمێڵ" کە بچووکترین مووی بە رووخسارەوە نەدەبیندرا، لە ژوورەکەی هاتەدەر و لە چاوتروکانێکدا بزر بوون.

دوای ڕۆیشتنی ئەوان، هەستم بەوە کرد سکرتێرەکەی بە مەبەستی چەواشەکردن پێی ڕاگەیاندم جەنابی بەڕێوەبەر لەگەڵ سەرۆك بەشەکاندا دانیشتنی هەیە، بۆیە بە توندی لەگەڵی کەوتمە قسەوە:

تۆ زیاتر لە دوو کاتژمێر دەبێت بە بیانووی ئەوەی جەنابی بەڕێوەبەر لەگەڵ سەرۆك بەشەکاندا دانیشتنی هەیە منت وەستاندووە، کەچی ئەوەتانە بە بەر چاوی ئێمەوە هاتەدەر و کەسی بە دواوە نەبوو، بۆ ڕاستگۆ نەبوویت لەگەڵمدا؟ من کارێکی زۆر گرنگم پێی هەیە، پەیوەستە بە چارەنووسی کەسێکەوە، لەو زیاتر کەسی تر چارەنووسی نازانێت.

بەڕێزم، کەمێك ئارام بەرەوە، خۆت دەزانی جەنابی بەڕێوەبەر، ڕۆژانە زۆربەی ئیش و کارەکانی ئەم شارە لەڕێگەی تەلەفۆنەوە بەسەر دەکاتەوە، ئەو کاتی نییە، ئەگەر لێرەش بێت وەك ئەوە وایە لێرە نەبێت، چونکە هەر وەك گوتم بە هۆی تەلەفۆنەوە سەرقاڵە و ناتوانێت دیدار لەگەڵ هەموو کەسێکدا ڕێکبخات.



دەزانم سەرقاڵە، خۆ من نەمگوتووە بێ ئیش لێرە دانیشتووە، بەڵام تۆ دەبووایە ئاگادارت بکردابووایەوە لەوەی کەسێك هاتووە دەیەوێت چاوی پێی بکەوێت.

تا خۆی بانگم نەکات، من ناتوانم بچمە ژوورەوە، ئەی چۆن تۆ بەرمە ژوورەوە؟

من دەڵێم ئاگادارت بکردابووایەوە.

تەنانەت ناتوانم ئاگاداریشی بکەمەوە.

ئەی چۆن ئەو کچانەت بێ پرسی ئەو ناردنە ژوورەوە؟

من  ناتوانم بۆ تەنیا خولەکێکیش بێت کچان لە پرسگەدا ڕاگرم، ئەوە فەرمانی خۆیەتی نابێت هیچ کات و بە هەر هۆیەکەوە بێت کچان لە پرسگەدا بهێڵمەوە، من چۆن دەتوانم دەستکاری فەرمانی ئەو بکەم.

بە هەرحاڵ، دەبێ کەی جەنابی بگەڕێتەوە؟

هەر خۆی دەزانێت، لەوانەیە ئەمڕۆکە نەگەڕێتەوە، چونکە تازە کاتەکە درەنگە، تازە هەر دەبێ بەیانی یان ڕۆژانی تر بێیتەوە، بەڵکو بتوانی چاوت پێی بکەوێت، من بەڵێنت نادەمێ  بتخەمە ژوورەوە، مەگەر خۆی ئاگادارم بکاتەوە دیدار بۆ خەڵکی ڕێکبخەم.

دەبێ هەر چاوم پێی بکەوێت، چونکە ئیشەکەم زۆر گرنگە، خۆشی دەزانێت، چونکە پەیوەستە بە خودی خۆی و چارەنووسی ئەو کەسەی تەنیا ئەو دەیزانێت.

ئەگەر خۆی دەیزانێت، چۆن دیدارێکت بۆ ڕێکناخات؟

لەوانەیە ئەو بیەوێت لە بیر خۆی بەرێتەوە، بەڵام من دەمەوێت بیری بخەمەوە.

لە نێو دەرگەی هەمان ئەو ژوورەی کچەکە ناوی خۆی تێدا تۆمار کرد پیاوێکی سك گەورەی چاویلکە لە چاو بانگی هەمان کچی کرد: خاتوو "نازدار" بێزەحمەت نایەی قاوەیەکمان لەگەڵدا بخۆیتەوە؟ چیدەکەیت لەوێ؟ وەرە لای ئێمە پشوویەك بدە.

بێ ئەوەی تەنیا قسەیەك چییە لە زاری بێتەدەر، هەندێ تەماشای نێو چاوی ئێمەی کرد و پاشان ڕووەو پیاوەکە کەوتەڕێ، بۆ دوایین جار لەبەردەم دەرگەی ژوورەکەدا

ئاورێکی لە من و سکرتێرەکە دایەوە و ئینجا ڕۆیشتە ژوورەوە، پیاوەکەش لە دوای خۆیەوە دەرگەکەی بە هێواشی داخست.

بە هەمان شێوە منیش بێ ئەوەی هیچ قسەیەکی تر لەگەڵ سکرتێرەکەدا بکەم تەماشایەکی قووڵی نێو چاویم و کرد و پاشان فەرمانگەکەم جێهێشت.

بە پێچەوانەی جاری پێشووترەوە، دیسانەوە شار خرۆشایەوە، ئەمجارەیان خەڵکی لە نێو خۆیاندا ببوونە چەند بەشێك و پەلاماری گەڕەکەکانی یەکتریان دەدا، هەر گەڕەکە و چەندین دەستە و گروپی تێدا دەرکەوتبوون، هەندێ لە گروپەکان یەکیان گرتبوو و پەلاماری ئەوانی تریان دەدا، ماوە ماوە پەلاماردانەکان دەوەستان و دوای ماوەیەکی کورت، دیسانەوە سەری هەڵدەدایەوە و بە شێوەیەکی تر ترسی دەخستە نێو گەڕەکەکانەوە، تا دەهات هاتوچۆی نێوان گەڕەکێك بۆ یەکێکی تر بەر تەسکتر دەبۆیەوە و پەشێوی زیاتر گەشەی دەکرد، مرۆڤەکان بەردەوام بەرانبەر بە یەکتری، تەکنیکی تازەی جەنگی دەروونی و توندوتیژی جەستەییان دادەهێنا و هەوڵی سەرکوت کردنی یەکتریان دەدا.

لە نێو ئەو فەزا خرۆشاوەی شاردا دیسانەوە دوای دەیەمین رۆژ بەسەر تێپەڕبوونی ئەو ڕۆژەی نەمتوانی جەنابی بەرێوەبەر ببینم، خۆم گەیاندەوە فەرمانگەکەی، ئەمجارەیان بڕیارمدابوو دەبووایە بە هەر شێوەیەك بێت چاوم بە جەنابی بەرێوەبەر بکەوێت و چارەنووسی "ڕۆژان"ی لەگەڵدا باس بکەم.

مێزەکە لە شوێنەکەی خۆی نەمابوو، هەندێ لە کورسییەکان کەم کرابوونەوە "نازدار" لە بەردەم مێزەکە دانیشتبوو، سکرتێرەکەی پێشووش بە خەمبارییەوە لە سووچێکی پرسگەکەوە لەسەر کورسییەکی کۆن دانیشتبوو، هەستم بە گۆڕانێکی زۆر دەکرد لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی کە "نازدار" وەك سکرتێری تازە دەست بە کار ببوو، ڕوویدابوو، سکرتێرەکەی تر هەندێ تەماشای کردم و دواتر لێمی پرسی:

دیسانەوە دەتەوێت چاوت بە جەنابی بەڕێوەبەر بکەوێت؟



بەڵێ، ئەی نەمگوت زۆر پێویستە و دەبێ هەر جەنابییان ببینم، ئێستاکە دەتوانم چاوم پێی بکەوێت؟

من نازانم! "نازدار"خان دەیزانێت، دەتوانی پرسیار لەو بکەیت.

تەماشایەکی "نازدار"م کرد، دەستی بۆ سەر یەکێك لە کورسییە دارینەکان درێژ کرد و فەرمووی دانیشتنی لێکردم، دەم و دەست لەسەر هەمان ئەو کورسییەی ئەو ئاماژەی بۆ کردبوو دانیشتم، لەو کاتەدا خزمەتگوزارێك هاتە ژوورەو پارچەیەك پەڕۆی بەدەستەوە بوو، هەندێ سەر مێزەکەی "نازدار"ی سڕییەوەو بەرەو لای تەلەڤزیۆنەکە ڕۆیشت، بە هەمان شێوەی مێزەکە تەلەڤزیۆنەکەشی سڕیەوە و پاشان ژوورەکەی جێهێشت، هەر دوای دەرچوونی ئەویش، کوڕە گەنجێکی تر بە خۆی و سینیەك چایەوە هاتە ژوورەکەوە و هەریەکە و چایەکی بۆ دانان و ئیدی ڕۆیشت.

ماوەیەك بێدەنگ بووین، دوایی بێدەنگییەکەم شکاند و پرسیم:

خاتوو "نازدار" بێزەحمەت ئاگاداری جەنابی بەڕێوەبەر بکەوە کەوا من ماوەیەکە دەمەوێت بۆ مەسەلەیەکی گرنگ چاوم پێی بکەوێت.

تازە هاتۆتەوە، جارێ هێشتاکە ماندووە، دەبێ چاوەڕێ بکەیت تاکو کەمێك پشوو دەدات.

ئاخر من زۆر دەمێکە خەریکی ئەو دیدارەم، تاکو درەنگتر بێت بۆ من خراپە، کارێکی زۆر گرنگم پێی هەیە، پێش ئەوەی بەرێزتان دەست بەکاربن، بەو خاتوونەم گوتووە ئەم دیدارەی من پەیوەستە بە چارەنووسی کەسێکەوە کە تەنیا ئەو دەیزانێت، بۆیە ناکرێت لەوە زیاتر دوا بخرێت، زۆر مەمنوون دەبم، ئەگەر ئاگاداری بکەیتەوە.

ئێمە لەو گفتوگۆیانەدابووین، لە پڕێکدا زەنگێك لە نێو پرسگەکەدا بەرزبۆیەوە، بێ ئەوەی "نازدار" ڕووخسەت لە من بخوازێت، بە خێرایی چووە ژوورەوە، دڵم خۆشبوو دیارە جەنابی بەرێوەبەر دەیەوێت دیدار بۆ میوانەکان رێکبخات، ئێ خۆ بە تەنیا منیش لە پرسگەکەدابووم، بۆیە پێم وابوو یەکەم کەس دەبم چاوم پێی بکەوێت. نزیکەی پێنج تاکو هەشت خولەکێکی برد "نازدار" نەگەڕایەوە، تەماشایەکی سکرتێرەکەم کرد،

زەردەخەنەیەکی بۆم کرد و ڕووی وەرگێڕا، دیسانەوە تەماشای کردمەوە و ئینجا بە شێوەیەکی نزیك لە گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

بۆ خۆت تاماوەیەکی تریش چاوەڕێ بکە، خاتوو "نازدار" بەمزووانە نایەتە دەرەوە، ئەو ئیشی گرنگی لەگەڵ جەنابی بەڕێوەبەردا هەیە، تاکو جێبەجێی نەکەن نایەتەدەرەوە.

یەکسەر لە مەبەستی قسەکەی گەیشتم، وەڵامم دایەوە:

لەوانەیە ئیشەکەیان تایبەتی بێت، قەیناکە چاوەڕێ دەکەم تاکو تەواو دەبن.

ئاخر ئەگەر بێتەدەرەوش حەوسەلەی ئەوەی نابێت کارەکەت بۆ ڕایی بکات، چونکە ماندوو دەبێت.

ماندوو بوونی بۆ چییە، هەر دوای تەواو بوونی کارەکەیان بە چەند خولەکێك هەر دووکیان دەگەڕێنەوە باری ئاسایی خۆیان، خۆ بە کێودا هەڵناگەڕێن، پێویستیان بە کاتێکی زۆر هەبێت تا دەحەسێنەوە.

کاکە گیان وا بزانم تەواو لە مەبەستی قسەکانی من گەیشتوویت؟

بەڵێ، زۆر بە چاکی لە مەبەستی قسەکانت گەیشتووم، پێم وابێت هەر بۆیەش بەڕێزت لەسەر مێزەکەت دانەنیشتوویت، وا بڕوات لێرەشت دەردەکەن، داخوا دەتگوازنەوە بۆ چ بەشێکی تری فەرمانگەکە.

خۆشم دەزانم هەر چەند ڕۆژێکم ماوە، لەوانەیە هەر لە فەرمانگەکەش دەربکرێم.

هەر هێندەم زانی لە پڕێکدا "نازدار" خۆی کردەوە بە پرسگەکەدا و بە جۆرە شڵەژاویەکەوە فەرمووی لێکردم بڕۆمە ژوورەکەی جەنابی بەڕێوەبەر، بە مەبەستی دیدار، بەر لەوەی لە دەرگەکە ڕەتبم هۆشداری ئەوەی پێمدا دیدارەکەم کورت خایەن بێت.

لەسەر یەکێك لەو کورسییە دارینانەی کە لە نزیکی کورسی و مێزەکەی ئەودا بە ڕێکی ڕیز کرابوون دانیشتم، هەر ئەودەم چایەچییەکەی سەر و چای بۆ هاوردین، هەندێ تەماشای یەکتریمان کرد و پاشان دەستمان کرد بە خواردنەوەی، چاوێکی خێرام بە نێو



ژوورەکەیدا گێڕا، دەرگەیەك کەوتە بەر چاوم پێدەچوو ژووری تایبەتی بێت، لە سووچێکیشدا کتێبخانەیەکی بچووك نزیکەی پەنجا تاکو شەست کتێبێکی تێدا بوو سەرنجی بۆ خۆی ڕاکێشام، تەماشایەکی تری چایەکەم کردەوە، هێشتاکە پیاڵەکە بە نیوە نەببوو، دیسانەوە کەوتمەوە خواردنەوەی، دوایین چۆڕی چایەکەم خوارد و مەبەستی دیدارەکەمم بۆی ڕوونکردەوە، سەرەتا ئاسایی وەریگرت، بەڵام کاتێك هەستی بەوەکرد من لەسەر مەسەلەی چارەنووسی "ڕۆژان" پێداگری دەکەم، شڵەژا، هەڵچوو، دەم و دەست بە تەلەفۆن بانگی "نازدار"ی سکرتێری کرد و ئەویش بانگی پاسەوانەکانی و ئەوانیش بە قۆنداغە تفەنگ بەربوونە گیانم، لە ژوورەکەی "قاڵە سمێڵ"ەوە تاکو نێو حەوشەی فەرمانگەکە بە لێدان دامیانە پێش خۆیان، لە نێو حەوشەکەش بەردەوام بوون لەسەر ئازار دانم، بەم هۆیەوە تەواوی فەرمانبەرەکان لە ئێمە کۆبوونەوە، هیچ یەکێکیان دەنگی لێوە نەهات، تەماشایەکی خێرایان کردن، هەندێ خەریکی ڕۆیشتن بوون بۆ ژوورەکانی خۆیان و هەندێکیش وەك چۆن بە دیار فیلمێکی کۆمیدییەوە بووبن، بە دیار ئێمەوە پێدەکەنین، پاشان تاکو بەر دەرگەی فەرمانگەکە لەگەڵ پاسەوانەکاندا هاتن، دوایی منیان لەسەر شەقامەکە جێهێشت و ئەوانیش شانبەشانی پاسەوانەکان گەڕانەوە نێو فەرمانگەکە و هەر چۆنێك بوو خۆم گەیاندەوە ماڵەوە.

دوو ڕۆژ دوای ڕووداوەکە، بەیانییەکی زوو تازە لە خەو هەڵسابووم، هێندەم زانی لە دەرگە درا، بەدەم ئێش و خاوە خاوێکەوە بەرەو دەرگەکە کەوتمەڕێ، کردمەوە، کوڕە گەنێکی چاویلکە لە چاو بوو، هەندێ تەماشای کردم و ئینجا گوتی:

بێزەحمەت ئێرە ماڵی هەرمانە؟

بەڵێ، خۆم هەرمانم.

من پەیامنێری ڕۆژنامەی ......م، دەتوانم هەندێ قسەت لەگەڵدا بکەم؟

لەبارەی چییەوە قسە بکەین؟

زانیومانە بەڕێزتان دوو ڕۆژ لەمەوبەر بە فەرمانی بەڕێوەبەری فەرمانگەی ..... لە لایەن پاسەوانەکانییەوە لێتدراوە، دەمەوێت لەم بارەیەوە هەندێ قسەت لەگەڵدا بکەم.

دەکرێت بزانم ئەو هەواڵەتان چۆن و لە لایەن کێوە دەستکەوتووە؟

یەکێك لە فەرمانبەرانی فەرمانگەکە، ئەم هەواڵەی پێداوین.

مەبەستت چییە؟ دەتەوێت لە ڕۆژنامەکەتاندا بڵاوی بکەیتەوە؟

بەڵێ، ئەگەر جەنابت حەز بکەیت؟ بە پێچەوانەوە، ئەگەر حەز نەکەیت بڵاوی ناکەینەوە؟

فەرموو، وەرە ژوورەوە بە چاوان، تەواوی زانیارییەکانت پێدەدەم.

بۆ بەیانییەکەی بە خێرایی خۆم گەیاندە یەکێك لە ڕۆژنامەفرۆشەکانی نێو شار و ڕاستەوخۆ هەمان ئەو ڕۆژنامەیەم گرتەدەست کە پەیامنێرەکەی ئاماژەی بە ناوەکەیدابوو، لە لاپەڕەی یەکەمیدا و بە مانشێتێکی گەورەوە، ڕووداوەکەی منیان دەرخستبوو، خەریکی خوێندنەوەی ناواخنی هەواڵەکە بووم، لە پڕێکدا چەند کەسێك هەمان جلی ئەو پاسەوانانەیان لەبەردابوو کە ئازاریاندام، تەواوی ژمارەکەی ئەو ڕۆژەیان کۆکردەوە و ئەو دانەیەی بە دەست منیشەوە بوو لێیانسەندم و هەمووانیان خستە دواوەی یەکێك لە ئۆتۆمبێلەکانیان و ڕۆیشتن.

تازە خۆر ئاوابوو، لە ژوورەکەی خۆمدا خەریکی خوێندنەوەی کتێبێك بووم، بێدەنگی تەواوی ماڵەکەمانی داگرتبوو، هەر لە خۆمەوە هەستم دەکرد ئەو شەوە گۆڕانێك لە ڕەوتی ژیانم ڕوودەدات، بەڵام نەمدەزانی ڕووداوەکە چییە و چۆن ڕوودەدات! چەند جارێك کتێبەکەم دادەنا و هەڵمدەگرتەوە، دەمخستەوە نێو ڕەفەکەیەوە، دەمهێنایەوە خوارەوە، لەو جموجۆڵانەدابووم، لە دەرگە درا، شڵەژام، ویستم دەرگە نەکەمەوە، دیسانەوە لێدرایەوە، کەمێك خۆم دواخست، تاکو دەهات زیاتر بە توندی لە دەرگەکە دەدرا، بە پەلەپروزێ خۆم گەیاندە دەرگەکە و کردمەوە، هەمان پاسەوانەکانی "قالە سمێڵ" بوون، دەم و دەست چاویان بەستم و خستمیانە دواوەی ئۆتۆمبێلێك و بە خێرایی کەوتنەڕێ، نزیکەی بیست تاکو سی خولەکێك ڕێگەمان بڕی، دوایی



ئۆتۆمبێلەکەیان وەستاند و بە چاو بەستراو منیان دایە پێش خۆیان، هەندێ قسەیان لەگەڵ یەکێکدا کرد و دواتر دەنگی کردنەوەی دەرگەیەکی ئاسنین کەوتە بەر گوێم، بەر لەوەی بمخەنە نێو ژوورەکەوە چاویان کردمەوە، هۆڵێکی گەورەی تاریك بوو، بە سەدان کەسی تێدا بوو، توڕیان هەڵدامە ژوورەکەوە، لە هەمان لەحزەشدا دەرگەکەیان داخستەوە.

هەستم کرد ئیدی ڕەوتی ژیانم گۆڕا، تەماشایەکی وردی نێو هۆڵەکەم کرد، هەندێ خەریکی تەماشاکردنی من بوون و هەندێکیش لە خەوێکی قووڵدابوون، لەو هۆڵە گەورەیەدا تەنیا دوو ڕووناککەرەوەی کارەبایی تیابوو، ئەویش بە هۆی گەورەیی شوێنەکە و دووکەڵی جگەرەوە، هەر ئەوەتەو ڕووناکیان هەست پێدەکرا، لە سووچێکی هۆڵەکەدا یەکێك بە ئیشارەی دەستەکانی بانگی کردم، سەرەتا ویستم بەدەم داواکاییەوە نەچم، دووبارە و چەند بارەی کردەوە، بە نێو زیندانییەکاندا هەنگاوم بەرەو لای هاویشت، پەرژینێکی لە کارتۆن بە چواردەوری خۆیدا دروست کردبوو، لەسەر سەریشیدا هەندێ جل و ئاوێنەیەکی درز تێکەوتووی هەڵواسیبوو، ڕووخسارێکی تا ئەوپەڕی ناشیرینی هەبوو، دەتگوت تازە لە نێو دارستانێکی سووتاودا گەڕاوەتەوە، بە دەنگێکی ناشاز فەرمووی دانیشتنی لێکردم، بە بێزارییەوە دانیشتم، چاوی ڕپییە نێو چاوەکانم، لە نێو چاوەکانیدا هەستم بەوە دەکرد ئومێدی بە ژیان نەماوە، تەنیا ئومێدێکیشی هەبێت، ئەوەبوو بتوانێت پارێزگاری لە سووچە پەرژینکراوەکەی بکات، ماوەیەك بە دیار یەکەوە دانیشتین، دواتر هەڵیدایە قسان:

ناوت چییە؟

هەرمان.

لەسەر چی دەستگیر کراویت؟

ئەو چیرۆکە دوور و درێژە هەر وا بە ئاسانی ناگێڕدرێتەوە.

من چوار ساڵ و سێ مانگ و چەند ڕۆژێکە لەم سووچەدا ژیان دەگوزەرێنم، بەر لەوەی دەست بەسەر ئەو سووچەشدا بگرم، یەك دوو مانگی تریشم لە زیندانێکی تردا

گوزەراندووە، من لە لایەن بەرپرسانی زیندانەوە کراوم بە چاودێری ئەم هۆڵە، هەر کەسێك بێتە ئێرە، دەبێت لە لای من ناوی خۆی تۆمار بکات، دەبێت بزانم لەسەر چی دەستگیر کراوە، تۆش بە هەمان شێوە پێم بڵێ لەسەر چی دەستگیر کراویت؟

ئاخر هەر وەکو گوتم چیرۆکێکی درێژە، ئێستاکە ناتوانم تەواوی چیرۆکەکەت بۆ بگێڕمەوە، با بۆ کاتێکی تر بێت، بە چاوان هەموویت بۆ باسدەکەم.

هیچ جارێکی تر زیندانت دیوە؟

نەخێر.

بۆیە شارەزای نێو زیندان نیت؟ ئەو کەسەی ڕێگەی دەکەوێتە زیندانەوە خۆی نییە، دەبێت هەر چییەکی پێگوترا جێبەجێی بکات، تۆش ئێستاکە کەسێکی زیندانیت، دەبێت هەر چییەکت پێدەگوترێت، جێبەجێی بکەیت، بۆیە ئێستاکە دەمەوێت تەواوی چیرۆکەکەتم بۆ بگێڕیتەوە.

ئەو ساڵەت بیرە تەواوی خەڵکی شار کۆچیان کرد و لە ژێر خیوەتدا ژیانیان دەگوزەراند؟

بەڵێ، باشم بیرە، هیچ کاتێك بیرم ناچێتەوە، بەڕاستی ژیانێکی سەخت بوو.

لە یەکێك لە نیوە شەوەکانی ئەو ساڵەدا، چەند کەسێك هەڵیانکوتایە سەر ماڵمان، ئەو شەوە، باوکم بە دەستی ئەو کەسانە کوژراو خوشکێکی گەنجیشم هەبوو ئەویشیان ڕفاند، ئێستاکە من ئەو کەسەم دۆزیوەتەوە کە سەردەستەی ئەو کردەوەیە بوو، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر چاوم پێی کەوت و داوای چارەنووسی خوشکەکەمم لێیکرد، خۆی لێ بێبەری کرد و ئەوەتا منی بەو هۆیەوە زیندانی کردووە.

دیارە ئەو کەسە دەستی دەڕوات، وا تۆی زیندانی کردووە؟

بەڵێ، لەوانەیە خۆشت بیناسیت، ئێستاکە بەڕێوەبەری فەرمانگەی ...... یە و دەیان پاسەوانی تایبەتی بۆ دابین کراوە، بە ئارەزووی خۆی و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاریان دەهێنێت.

بەڵێ، ناویم بیستووە، بەڵام لە نزیکەوە ڕووخساریم نەدیوە.



زۆر جار لە تەلەڤزیۆنەکاندا دەردەکەوێت، سەرەتا من نەمدەزانی هەمان ئەو کەسەیە، بیرم بۆ شتی وا نەدەچوو پیاوێکی ئاوا، ئەو بەرپرسیارێتییەی پێبدرێت، دوایی یەکێك ئەو زانیارییەی پێمدا، ئەوەبوو منیش ناسیمەوە، چونکە لە خیوەتگەکەدا بەر لەوەی دەست بەو کارانە بکات، چەند جارێك بینیبووم.

ئێمە لەو قسانەدابووین، لە پڕێکدا دەنگێك لە دەرگەکەوە هات و پاشان کرایەوە، زیندانییەکان هەر یەکە و کوپێکی بەتاڵیان بە دەستەوە گرت و بەرەو دەرگەکە کەوتنەڕێ، تێکقژقژان، کەس بە کەس نەبوو، نێو هۆڵەکە خرۆشا، هەستم بە دڵتەنگییەکی زۆر کرد، دەبێت لەمەودوا منیش بەم جۆرە بۆ تەنیا چایەك ڕیز ببەستم و یەکێکبم لە پێکهاتەی ئەو تێکقژقژانە، لەگەڵ ناوەوەی خۆمدا قسەم دەکرد، هەر هێندەم زانی پیاوەکە گوتی:

تۆش بڕۆ کوپێك چای بێنە.

من حەزم پێی نییە، ئێستاکە دڵم بۆی ناچێت.

خۆ نەمگوتووە بۆ خۆت چای بێنە.

ئەی بۆ کێ چای بێنم؟

بۆ من.

ئەوە کەی ئیشی منە چای بۆ تۆ بێنم.

پێم گوتی بڕۆ.

ئاخر بۆ خۆت ناچیت؟ من هێشتاکە شارەزای وەرگرتنی چای نەبوویمە.

زۆری لەسەر مەڕۆ، ئەگینا چی خراپە پێتی دەکەم، تۆ تازە دەبێت لەژێر فەرمانی مندابیت، هەر چییەکم گوت دەبێ بۆمی جێبەجێ بکەیت، تێگەیشتی؟

بەڕێزم، من هەر یەك دوو ڕۆژ لێرە دەمێنمەوە، هاکا ئازاد کرام.

بیر لە ئازادبوون مەکەرەوە، هەموو ئەوانەی یەکەم ڕۆژ دەخرێنە زیندانەوە تاکو ماوەیەك وا هەست دەکەن زوو ئازاد دەکرێن، ئەو ماوەیە بەردەوام تەماشای دەرگەی زیندانەکە دەکەن، نازانن هەرکە پێت لە ژووری زیندان نا، ئیدی ئازاد بوونت ئاستەم

دەبێت، تۆش چاوەڕێی ئەوە مەکە بەمزووانە ئازاد بکرێیت، تۆ تازە زیندانی کراویت، جارێ بیر لە ئازادبوون مەکەرەوە، تا چەند مانگی تر کەس تۆی بیر نییە، لەوانەیە هەر لە بیریش بکرێیت، منیش سەرەتا وابووم، وامدەزانی دوای چەند ڕۆژێك ئازاد دەکرێم، بەڵام ئەوە چەند ساڵە کەس لێمی نە پێچیوەتەوە، ئومێدم نەماوە تازە کەس لێم بپێچێتەوە، ئەوەی لەم زیندانەدا جێگەی دڵخۆشی منە، تەنیا ئەو سووچەیە، وا هەست دەکەم تەواوی دونیا هی منە، هەموو هەوڵێکدەدەم بتوانم پارێزگاری لێبکەم و نەهێڵم خەڵکانی تر لێمی داگیر بکەن.

خێراکە تاکو چایەکە ماوە کوپێك چای بێنە، دوایی منیش چیرۆکی دەستگیرکردنی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە.

بەشەرمەوە چایەکەم بۆی هێنا، هەندێ لە زیندانییەکان کاتێك ئەو کردەوەیەی منیان بینی، کەوتنە پێکەنین، زیاتر شەرم دایگرتم، هەستم کرد بوونم وا خەریکە بەرەو سڕانەوە دەچێت، دوای ئەوەی چایەکەی خواردەوە ئینجا دەستی کردەوە بە قسەکردن:

حەز دەکەیت منیش چیرۆکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە؟

ئێستاکە دڵم زۆر توندە، ئەگەر لێرە مامەوە، لە کاتێکی تردا بۆمی بگێڕەرەوە.

پێم نەگوتی بەمزووانە ئازاد ناکرێیت؟ دەبێت خۆت ڕابهێنیت، ئەگینا ژیانت ئالۆزتر دەبێت، هەر ئەو چەند ڕۆژەت بە لاوە ناخۆش دەبێت، دوایی بە دەست خۆت نییە یادەوەرییەکانی دەرەوەت بیر دەچێتەوە و بە ژینگەی نێو زیندان ڕادێیت.

بڕوابکە هیچ کاتێك ناتوانم بەم شوێنە ڕابێم، ئەگەر بزانم بەمزووانە ئازاد ناکرێم، خۆم دەکوژم، خۆکوژی زۆر خۆشترە لە ژیانی نێو زیندان، مرۆڤ ئەگەر ئازاد نەبێت، ژیانی مانای نابێت.

باسی خۆکوژی مەکە، بەخودای بەرپرسانی زیندان بزانن ئەشکەنجەت دەدەن، ئێرە زیندانە تێگەیشتی؟ دەرەوە نییە بە ئارەزووی خۆت قسە و هەڵسوکەوت بکەیت، نابێت هەموو قسەیەك بکەیت، تێگەیشتی؟



لە مەبەستی تۆ گەیشتم، بەڵام من ناتوانم لێرە درێژە بە ژیانم بدەم.

دەبێ خۆت ڕابێنیت، هێندە بیر لە دەرەوە مەکەرەوە.

چۆن بیر نەکەمەوە، دەبێت من ئازاد بکرێم، چونکە ئازادی من چارەنووسی کەسێك دیاری دەکات، ئەگەر لە زینداندابم ئەویش چارەنووسی دیار نابێت.

ئەو کەسەی چارەنووسی خوشکەکەتی لایە، ئێستاکە چارەنووسی تۆشی بەدەستەوەیە، هیچت لە دەست نایەت تاکو بیکەیت، ئەو ئێستاکە زۆرترین دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، تۆ لە بەرانبەر ئەودا وەك ئەوە وایت هەر بوونیشت نەبێت، دەنگی تۆ بە کوێ دەگات؟ پێم نالێیت تۆیەکی زیندانی چیت لە دەست دێت؟ بۆ خۆت بێدەنگ بیت باشترە، ئەگینا هەر زیندانییەکان ئەشکەنجەت دەدەن.

پێم نالێیت زیندانییەکان چ پەیوەندییەکیان بە ئەشکەنجەدانی منەوە هەیە؟ ئەوان چییان بەسەر منەوە هەیە؟ خۆ من هیچ زیانێکم بۆیان نییە تاکو ئەشکەنجەم بدەن.

هەندێ زیندانی هەیەن بۆ ئەوەی خۆیان لای بەرپرسانی زیندان خۆشەویست بکەن، هەموو شتێك لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا دەکەن، هاوڕێیەتی نێو زیندان نازانن، ئامادەن هەموو شتێك بکەن، تەنیا چەند خولەکێك بۆ پشوودان بیانبەنە نێو حەوشەکەوە، ئەوە سروشتی نێو زیندانە، منیش لەم جۆرە کارانەم کردووە، پێت سەیر نەبێت، لەوانەیە تۆش ڕۆژێکدابێت ئەو شتانەت بە لاوە ئاسایی بێت، ناچاریت دەبێت هەموو شتێك قەبووڵ بکەیت.

ئەگەر تەواوی ژیانم لە نێو ئەو چوار دیوارەی زینداندا بەرمەسەر لەم جۆرە کارانە ناکەم، مرۆڤ چۆن دەبێت بەسەر هاوڕێیەکانییەوە جاسووسی بکات.

بە هەرحاڵ لە لای زیندانییەکان باسی مەسەلەی گیرانەکەت مەکە، هەروەك گوتم دوایی لای بەرپرسانی زیندان ورد و درشتی دەگێڕنەوە، ئەوکاتە کێشەکەت گەورەتر دەبێت.

ئەو کێشەیە خۆی گەورە بووە، ڕاستە ئێستاکە زیندانییەکان نازانن لەسەر چی گیراوم، بەڵام من ئەو مەسەلەیەم داوەتە ڕۆژنامە و پەخشکراوە، ئێستاکە لەوانەیە لە دەرەوە هەرایەکی گەورەی نابێتەوە.

جا ئەوان کەی گوێ بە قسەی ڕۆژنامەکان دەدەن، من خۆم ڕۆژگارێك لە نێویاندا خاوەن دەسەڵاتێکی دیاریکراوی خۆم بووم، ئەوەی حیسابی بۆ نەکەن قسەی ڕۆژنامەکانە، پێت سەیر نەبێت بەر لەوەی دەستگیر بکرێم ئەفسەر بووم، ماڵەکەم هەمیشە پڕی بوو لە ئەفسەرانی گەورە و پلەدارانی نێو لەشکر، ئەوەتانە ئێستاکەش لێرە کەوتووم، تەنانەت یەکێك لە ئەفسەرانی هاوڕێشم بۆ دیدەنیم نەهاتوون.

گوتت ئەفسەر بوویت؟

بەڵێ، لە نێو ڕیزەکانی لەشکردا ئەفسەر بووم.

ئەی باشە بۆ ئێستاکە دەستگیرکراویت؟ هێندەی من زانیبێتم ئەفسەران کەمتر لە خەڵکانی ئاسایی دەستگیر دەکرێن، ئەگەر دەستگیریش بکرێن، شوێنی تایبەت بە خۆیان هەیە و زووتریش ئازاد دەکرێن، من تێناگەم! بۆچی چەند ساڵە ئازاد نەکراویت؟ دیارە کێشەیەکی گەورەت هەیە؟

بەڵێ، کێشەکەی من زۆر گەورەیە، پەیوەندی بە ناپاکییەوە هەیە.

ناپاکیت لە ڕیزەکانی لەشکردا کردووە؟

نەخێر.

ئەی ئێستاکە نەتگوت لەسەر مەسەلەی ناپاکی دەستگیر کراویت؟

خۆم ناپاکیم نەکردووە.

ئەی کێ کردویەتی، مادام تۆ نەتکردووە چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟

ژنەکەم کردویەتی.

دیسانەوە پەیوەندی بە تۆوە نییە.

چۆن پەیوەندی بە منەوە نییە؟



من تێناگەم ناپاکی ژنەکەت چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە! دیارە تۆ ئاگاداربوویتە لە مەسەلەکە و خۆت بێدەنگ کردووە؟

نەخێر، دەم و دەست ئاگاداری سەرووی خۆم کردەوە.

ئەی ژنەکەت دەستگیر کراوە؟

نەخێر.

چۆن دەستگیر نەکراوە؟ ئەی ناپاکی نەکردووە؟

چونکە ئێستاکە ئەو لە ژیاندا نەماوە.

لە ژێر ئەشکەنجەدان گیانی دەرچوو؟

نەخێر، خۆم کوشتم، دەبووایە بکوژرێت.

بمبوورە، زۆرم پرسیار کرد، هیوادارم بێزارم نەکردبێت؟

ئاساییە، سەرەتا حەزم نەدەکرد بۆ کەسی بگێڕمەوە، بەڵام ئێستاکە گێڕانەوەی بە لامەوە ئاسایی بووە، حەز دەکەیت تەواوی چیرۆکەکەت بۆ بگێڕمەوە؟

ئەوەی ڕاستی بێت حەزم لێیەتی، ئەو مەسەلەیە بە تەواوی سەرنجی بۆ خۆی ڕاکێشاوم، خەریکە بەو هۆیەوە کێشەکەی خۆمم بیر چێتەوە.

بەیانییەك بۆ ئەرکی ئاسایی ڕۆژانەی خۆم لە ماڵ دەرچووم، کاتێك گەیشتمە شوێنی ئەرکەکەم، تەماشام کرد هەندێ نووسراو کە ڕۆژی پێشوو بە نیازی ئیشکردن لەسەریان لەگەڵ خۆمدا بردبوومنەوە، لە ماڵەوە لێم جێمابوون، دەبووایە ئەو ڕۆژەش بۆ سەرووی خۆمان بەرز بکرێتەوە، نەدەبووایە بە هیچ جۆرێك دوابخرێت، بۆیە بە خێرایی گەڕامەوە بە دوای نووسراوەکاندا، ڕێگەی نێوان ماڵی ئێمە و شوێنی ئەرکەکەم، نزیکەی کاتژمێر و نیوێك دەبوو، هەمیشە دەرگەکانی ماڵەوەمان، سەروو کلیلی زیادەیان لە لای من هەبوو، بۆیە هیچ کاتێك پێویست بە لە دەرگەدانی نەدەکرد، هەر وەك جاران خۆم کرد بە ماڵەوەدا، ژنەکەم دیار نەبوو، هەندێ هەستی خۆم ڕاگرت، لە نێو گەرماوییەکەدا دەنگی شووڕەی ئاو هاتە گوێمەوە، لە درزی دەرگەکەوە تەماشایەکی نێو گەرماوەکەم کرد، ژنەکەم بوو خۆی دەشۆری، حەپەسام، لەبەر خۆمەوە کەوتمە حاڵەتی بیرکردنەوەوە،

باشه بەیانی بەیەکەوە خۆمان شۆری، ئەو خۆ شۆرینە چییە؟ دەبێ چی ڕوویدابێت، ئاگاداری بکەمەوە، نەخێر، دواتر بێ ئەوەی ژنەکەم هەست بە گەڕانەوەی من بکات، نووسراوەکانم لەسەر مێزەکەدا هەڵگرت و ڕۆیشتمەوە.

ئەو ڕۆژە هەرچەندی دەمکرد نەمدەتوانی ئەو دیمەنە لە بیر خۆم بەرمەوە، سێ چوار ڕۆژ بە بەردەوامی لە نێو مێشکمدا دەهات و دەچوو، ئەوەبوو دوایی لە شوێنی ئەرکەکەم ڕۆژێکیان بە نیازی چاودێری کردنی ژنەکەم گەڕامەوە بەرەو ماڵەوە، بزانم کە دوای ڕۆیشتنی من خەریکی چی دەبێت، چونکە بەڕاستی ماوەیەك بوو هەستم دەکرد لەگەڵ مندا جۆرە ساردییەکی دەنواند، گەیشتمەوە کۆڵان، لە سووچی کۆڵانەکە سووڕامەوە، ئۆتۆمبێلەکەی کوڕی یەکێك لە ئەفسەرە باڵاکانی نێو لەشکر لەبەر دەرگەی ماڵەوەمان وەستابوو، شڵەژام، دوایی ئاسایی بوومەوە، لەبەر خۆمەوە گوتم لەوانەیە لەگەڵ خوشکەکانی هاتبێت بۆ لای ژنەکەم، چونکە هاتووچۆیەکی گەرم لە نێوانماندا هەبوو، بێدەنگ خۆم بە ماڵدا کرد، لە نهۆمی خوارەوە هەستم بە هیچ نەکرد، ڕۆیشتمە نهۆمی سەرەوە، لە نێو ژووری خەوتنەکە جیڕەی سیسەم و دەنگی نیمچە گریانی ژنەکەم هاتنە گوێمەوە، ئەوەی لێی دەترسام ئەوەبوو، ڕۆیشتمە ژوورەوە، کوڕەکەی ئەفسەرە باڵاکە بوو، بە ڕووتی لەگەڵ ژنەکەمدا خەریکی ڕابواردن بوون، هێشتاکە لە باوەشی یەکدابوون، یەکە و چەند گوللەیەکی دەمانچەم ئاڕاستەی نێو چاویان کرد و دەم و دەست لە باوەشی یەکدا گیانیان دەرچوو، دواتر باوکی کوڕەکەم لە هۆی کوژرانی کوڕەکەی ئاگادارکردەوە، هەمان ڕۆژ، جلە سەربازییەکەیان لەبەرم کردەوە و دەستگیریان کردم، ئەوەبوو چیرۆکی دەستگیرکردنی من.

نیسانی ٢٠٠٩

# چێژی نیوەڕۆیەک

بەهۆی دار و درەختی زۆرەوە، نێو گوندەکە بە تەواوی نەدەبیندرا، هەندێ خانووی بچووك نەبێت لە نێوانی پەنجەی دارەکانەوە دەکەوتنە بەرچاو. لە بەیانییەوە تاکو ئێوارەیەکی درەنگ، خەڵکی بە ئاژەڵداری و جۆرەها کاری ترەوە سەرقاڵ دەبوون، خەڵکێکی زۆر کەم لە نێو گوندەکە دەمانەوە، هەندێ بۆ شارو هەندێکیش بەرەو کێوەکان دەچوون، من لە هەموویان زیاتر لە نێو گوندەکە دەمامەوە، بگرە جاری وا هەبوو بە مانگ لە ماڵەوە دوور نەدەکەوتمەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە باوکم و دایکم منیان زیاد لە پێویست خۆشدەویست و بە نازەوە پەروەردەیان کردبووم، بۆیەش کاری گرانیان پێم نەدەکرد.

لەملای گوندەکەی ئێمەوە گوندێکی گەورەتر هەبوو، ئێمە مزگەوت و خوێندنگەمان نەبوو، بەڵام لەو گوندەی دیکە تەواوی ئەم شتانە هەبوون، ڕۆژانە منداڵان بۆ خوێندنگەو گەورەکانیش بۆ نوێژو خوداپەرستی ڕوویان تێدەکرد.

ڕۆژێکیان مام بایز، تەواوی پیاوانی گوندەکەمانی دایە دوای خۆی و بەرەو گوندەکەی تەکمانەوە ڕۆیشتن، هەر چ جارێك بچووبوونایە، تاکو پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ لای گەورە پیاوانی ئەوێندەر کاتیان بە قسەی سەیرو باسی ئاژەڵداری و جۆرەها شتی ترەوە بەسەر دەبرد، پاشان پەیتا پەیتا بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە.

ماڵی مام بایز، هێندە لە ماڵی ئێمەوە دوور نەبوو، چەند هەنگاوێکی کەم لەملای ماڵی ئێمەوە بوو، زۆر جار وا ڕێککەوتووە لە دەمی مام بایز خۆیەوە بیستوومە کەوا تەمەنی شەست ساڵی تێپەڕاندووە، بە پێچەوانەوەی ئەوەوە، فاتیمەی خێزانی ژنێکی جوان و جەحێل بوو.

دێتەوە بیرم ڕۆژێك لە ژێر تاوێرە بەردێکدا لە نزیك کانی ئاوەکەی خوار ئاوایی بووم، بەڕێککەوت دایکم و فاتیمە بەرەو ئەوێ دەهاتن، خۆم لێیان شاردەوە، بە دەنگێکی نزیك لە گریانەوە گوێم لێ بوو فاتیمە بە دایکمی دەگوت:

ژنێ، نازانم قوڕی کوێ بکەم بەسەری خۆمدا، دەزانی مام بایز، دڵی لێم پیسە، نازانم چی بکەم، بە تەواوی بێزاری کردووم، جاری وا هەیە بە ئارەزووی دڵی خۆی



بەردەبێتە گیانم، تاکو ماندوو دەبێت لێم دەدات، خۆ هەر ئاگای لە جووتبوون و ڕابواردن نەماوە، من گومانم هەیە توانای جووتبوونی مابێت! ئەگینا بۆ ماوەیەکی زۆرە بەلامەوە نەهاتووە؟

جاران بە هەر فێڵێك بووایە لەگەڵم جووتدەبوو، زۆر جار بە فێڵی پشت شۆرین، بانگی نێو گەرماویی دەکردم، من باش لەمەبەستەکەی دەگەیشتم.

ژنەکە، ئەگەر بکرێت کەمێك دەست بە پشتم دابهێنیت، بەڵکو لەو عارەق و پیسییە پاك دەبمەوە، کاتێ نەرم نەرم پشتیم دەشۆری، دڵنیابووم چێژم پێیدەبەخشی، دواتر داوای شتی تری لێ دەکردم، منیش داواکەیم قەبووڵ دەکرد.

هێواش هێواش ڕۆحمان ئاوێتەی یەکتری دەبوو، دەبووینە دوو ڕووبارو بە لەززەتەوە لە نێو یەکتریدا شەپۆلمان دەدا.

چەند ڕۆژێك بەسەر ئەم قسانەدا تێپەڕی بوو، مام بایز، وەکو هەموو جارانی دیکە، تەواوی پیاوانی گوندەکەمانی دایەوە دوای خۆی و بەرەو گوندەکەی دیکە ڕۆیشتن، ژنان کۆمەڵ کۆمەڵ بە مەبەستی جل شۆرین بەرەو کانیاوەکان ڕێگەیان گرتەبەر، دایکم لە حەسارەکەدا خەریکی پاککردنەوەی ژێر مانگاکان بوو، کۆترێکم گرتەدەست و بە هێواشی لە ماڵ دەرچوومە دەرەوە، چەند هەنگاوێك ڕێگەم بڕی، نزیکی ماڵی مام بایز بوومەوە، هەر لە خۆمەوە سەیری نێو ماڵیانم کرد، لە نێو هەیوانەکەدا فاتیمەم بینی، دڵم داخووڕپا، تەماشایەکی زۆر سەیری کردم، لە کەسێك دەچوو، بییەوێت داوای هاوکارییەکەم لێ بکات و پێی شەرم بێت پێم بڵێت، بەرانبەری وەستام، چاوەکانمان مۆڵەق وەستان، بۆ ماوەیەك بە بێدەنگی لە یەکتریمان ڕووانی، نازانم چۆن بوو هەر لە خۆمەوە بەرەو ڕووی چووم! گەیشتمە بەردەمی، هیچ قسەیەکم نەبوو بیکەم، هەستم کرد عارەق هێدی هێدی بە لەشمدا دەهاتە خوارەوە، نەرمە خەندەیەکی بەڕوومدا هەڵداو هەندێ سەیری ئەملاو ئەولای خۆی کردو دواتر گرتی بەقۆڵمداو بردمییە ژوورەوە.

دەستی گرتم و بۆ نێوانی هەردوو ڕانی برد، دڵم داخووڕپا، هێزی لەززەت هاتە گیانمەوە، ئەمجارەیان من دەستم خستە ژێر کراسەکەی و مەمکەکانیم گرتەدەست و بە

خۆشییەوە باوەشمان بەیەکدا کرد، گەرمایی و لەززەت ئاوێتەی لەشم بوون، هێواش هێواش گیانم خاو دەبۆیەوە، پاشان منی لەسەر زەویەکە درێژ کردو سمتی نایە سەر هەردوو ڕانمەوە، موچورکێگی گەرم و چێژاویی بە لەشم داهات، لەو کاتەدا مەلی ئەندێشەم هەڵفڕی و ژن و مێردەکەی هاوسێمانم کەوتەوە بیر کە بەعەشقەوە یەکترییان لە باوەش نابوو، جەستە و نێو دەمی یەکترییان بەچێژەوە ڕادەموسی، جاری وا هەبوو ژنەکە بەسەر پیاوەکەدا دەکەوت و هەندێ جاریش پیاوەکە دەکەوتە سەر ئەوەوە. من وام دەزانی  یاری لەگەڵ یەکتریدا دەکەن! هەر ئەو ڕۆژە، بەو مەبەستەی بزانم ئەو یارییە چ جۆرە یاریەکە ئەوان دەیانکرد، لە نووکەوە بۆ دایکم گێڕایەوە، هەرکە گوێی لەم قسانەم بوو، بەڕق و شەرمەوە سەیری نێو چاومی کرد، ماوەیەك بە بێدەنگی لە یەکتریی ورد بووینەوە، دواتر گوتی:

ڕۆڵە ئەوە یاری نییە، جارێکی دیکە سەیریان نەکەیتەوە، ئەم قسانەش بۆ کەسی دیکە باس نەکەیت، ئەگەر باسی بکەیت گوناهبار دەبیت، لەو دونیاش لەنێو دۆزەخدا دەتسووتێنن.

هەر لەو ڕۆژەوە گوناه و دۆزەخ بوونە ترسێك و ناخمیان تەنیەوە، تاکو بە ئێستاکەش دەگات ئەو ترسە یۆتۆبیاییە لەناخم دەرنەچووە، دەست بۆ هەر شتێك دەبەم ترسێك دێتە دڵمەوە، نەکەی، دەستی بۆ مەبە، مەیچێژە، گوناهبار دەبیت.

بەسۆزو لەززەتەوە دەمی خستە نێو دەممەوە، تەڕایی نێو دەممی هەڵدەمژی، هەندێ جاریش مەمکی دەنایە نێو دەممەوەو هێواش هێواش گیانمان خاو دەبۆیەوە، هێندەی نەبرد لە هۆشخۆی چوو، کەوتە سەر زەویەکەوە، ماوەیەك بەبێ جولە کەوت، تاسێك ئاوی ساردم پرژاندە سەر دەم و چاوییەوە، هاتەوە هۆشخۆی.

سەیری کاتژمێری قەد دیوارەکەی کرد، دواتر بە خێرایی جلەکانمان کردەوەبەر، شڵەژا، سەیری دەرەوەی کردو بەشڵەژانەوە گوتی:

خێراکە.. زوو لێرە دوور کەوە، لای خەڵکی باسی هیچ مەکە، چونکە تووشی کێشە دەبین.



بەشەرمەوە ڕێگەی ماڵەوەم گرت، کاتێك گەیشتمە ماڵەوە، کۆترەکەم لە نێو حەوشەدا بوو، لەپڕێکدا دایکم لە دوامەوە گوتی:

ڕۆڵە.. ئەوە لە کوێ بوویت؟ بۆ زوو نەگەڕایتەوە؟ وەڵامم بدەرەوە، تاکو ئێستا لە کوێ بوویت؟

شڵەژام، هەرچەندی هێز و توانام دایە بەر خۆم تاکو وەڵامی بدەمەوە، بەڵام نەمتوانی هیچ بڵێم!

٢٠٠٤/٩/١٣

# تراژیدیای شەوێك

کات بە خێرایی تێدەپەڕی، ناخۆشترین و ترسناکترین شەو بوو بە لای منەوە، تەماشای هەر لایەکم دەکرد ڕەش دەچۆیەوە، لەسەر گردۆڵکەیەکی نزمتر لە کێوە بڵندەکاندابووم، بێدەنگییەك چواردەورمی تەنیبۆیەوە، هەندێ جار نەبێت لە نێو جەنگەڵستان و باخچەی ماڵەکاندا بە ئاوازێکی خۆش دەنگی بۆق و ئاژەڵانی دیکەم بەر گوێ دەکەوتن.

بە ئاسپایی سەیرێکی ئاسمانم کرد، وەکو شەوەکانی پێشوو نەبوو، ئاسایی نەدەهاتە بەرچاوم، ڕەنگی خوێنی پێوە دیاربوو، بە ترس و شڵەژانەوە سەیرێکی مانگم کرد، هێندەی درێژی پێنووسێك بە ئاسمانەوە دیاربوو، هەر چوار لای مانگەکە سوور دەچۆیەوە، هەستم لە خۆم ڕادێرا، هێواش هێواش باڵندەکانی ئەندێشە دەهاتنە نێو مێشکمەوە، بەدەم سەیرکردن و ئاوابوونی مانگەوە بیرم بۆ مردن چوو، مردنێکی ناسروشتی نزیك دەبۆیەوە، گەرچی مردن هێزێکە مرۆڤ لە توانایدا نییە خۆی لێ دوور بگرێت و کۆسپ بخاتە بەردەم هاتنی، هیوایەکی پووچە مرۆڤ بیەوێت نەمرێت! هەر دەبێت بمرێت و کۆتایی بەبوونی بێت، بەڵام جاری وا هەیە لای مرۆڤ گیان خۆشەویست دەبێت و بە هەموو جۆرێك هەوڵدەدات لە دەست مردن رزگاری بێت،

لەملاوە هاوسەنگەرەکەم بە توندی کۆکی، ڕاچڵەکیم، لە بنی پێمەوە تاکو تەوقی سەرم ترسێك لەرزاندی، بە ئاسپایی ڕووی تفەنگەکەم ئاڕاستەی پێشخۆم کرد، هێندە ترساو و شڵەژاو بووم دارو بەردی بەردەم خۆمم لێ ببووە مرۆڤ و هێرشیان بۆ دەهێنام، ماوەی چەند خولەکێك لە دارو بەردە زەبەلاحەکانی پێشخۆم ورد بوومەوە، ئیدی هەستم کرد مرۆڤ نین، دوایی هێواش هێواش خەیاڵات و ترس عەقڵ و جەستەمیان جێهێشت و ئارام بوومەوە.

بە نیازی ئەوەی بزانم کات چەندە، دەستم بۆ ژێر پۆشاکەکانم برد و بە نهێنی دەنکێك شخارتەم ئاگردا، چەند دەقیقەیەکی کەم بۆ کاتی دیاریکراوی هێرشکردن بۆ سەر سەنگەرەکەمان مابوو، دڵم داخووڕپا، ترس ناخمی هەژاند، سەیری پێشخۆم کرد، شتێکی وام نەبینی لە مرۆڤ بچێت، لە نێو ئاوایی دەنگی بۆق و ئاژەڵانی دیکەم بەر گوێ



دەکەوت، لە ژێر پووش و گژوگیا وشکەکانی بەردەم سەنگەرەکەدا گیانەوەرێك دەجولایەوە، دەنگی پێ بچووکەکانی دەبووە هۆی شێواندی هەستەکانم، ئارەزووی ئەوەم نەدەکرد گیانەوەرەکە لەو شوێنە دەربکەم، بەڵام ناچاربووم دووری بخەمەوە، بۆیە بەردێکی بچووکم بۆی هەڵداو ئیدی لەوێ دوورکەوتەوە، دیسانەوە دەنگی بۆقەکان هاتنەوە گوێم، ئای کە دەنگی بۆقم چەند بەلاوە خۆشە! لە کاتی گوێگرتن ئارامیم پێدەبەخشێت، کاتێ لە نێو کانیاو و باخچەکاندا خۆشترین ئاواز لە گەروویاندا دەردەچێت و بە دونیادا بڵاو دەبێتەوە، مرۆڤ هەیە بەسادەترین شت دەروونی ئاسوودە دەبێت، ئەو شتە دەکرێت تەنیا دەنگی بۆقێك بێت، یان دەنگی شەپۆلی رووبار و پشیلەیەکیش بێت، بەڵام مرۆڤی وا هەیە بە هیچ تێر نابێت و تا دەمرێت ئاسوودەیی بەخۆیەوە نابینێت.

سەیری ماڵەکانی نێو گوندەکەم کرد، دوو تارمایی مرۆڤم لە نێو پەنجەرەی ماڵێکدا کەوتە بەرچاو، بە هێواشی ڕووەو یەکتری دەچوون، هێندەی نەبرد ئاوێزانی یەکتر بوون، بە تاسەوە لێیان ورد بوومەوە، دڵم خاو بۆیەوە، خەریك بوو ئاگام لە خۆ نەدەما، لە پڕێکدا دەنگی ئاژەڵێك هێنامیەوە هۆشخۆم، خۆ بووك و زاواکەی ڕۆژن کە بەهۆی ئاهەنگی ئەوانەوە نیوەڕۆ لە ماڵیاندا لەگەڵ هاوڕێکانم داوەت بووین و پیرۆزبایی ژیانێکی بە ختەوەرمان ئاراستەکردن، بەڵێ، خۆیانن، تەماشا چەند دڵخۆش و بە چێژەوە باوەشیان لە یەکتریداوەو جەستەی ڕووتیان تێکئاڵاندووە، من دڵنیام هەنووکە ژیانیان پڕیەتی لە بەرائەت و بە هیچ شێوەیەك بیر لە مردن ناکەنەوە، ئای چەند بێزارم لەم ژیانە، ژیان بۆ من چ بەهایەکی دەبێت هەمیشە لە چاوەڕوانی مردندابم، مردن چ وشەیەکی قورسە، هەموو هیواکان لە نێو دەبات، خۆ تەنیایی و ترس بەشێکن لە مردن و مرۆڤ پێیان نازانێت، هەزارەها جار خۆزگەم بە خۆیان، من دڵنیام ئێستا ئەوان حەز بە هەڵاتنی خۆر ناکەن، بەڵام من چاوەڕێی تیشکی خۆرم لە ئاسۆدا دەرکەوێت.

نەرمە بایەکی فێنك بۆنی لەززەت و شەهوەتی لێدەهات بەرەو رووم هات، چاوم تێبڕین، بە سۆزەوە میوەیان بۆ دەمی یەکتری دەبرد، هەندێ جاریش لە شێوەی دوو

باڵندەی عاشق دەمیان دەنایە نێو دەمی یەکترییەوە، هەرکە بەم شێوەیە دەیانمبینی ئیدی بە دەست خۆم نەبوو ڕۆدەچووم نێو دونیایەك خەیالاتی سەیر و پڕ لە چێژەوە، شەوانێکی پڕ لە لەززەت و ڕاموسانم کەوتەوە بیر، بیرەوەرییەکانم مێژوویکن هەرگیز لە بیرم ناچنەوە.

هاوسەنگەرەکەم هێنامیەوە هۆشخۆم، چییە بۆ بانگ دەکەیت؟ چی چی ؟ شتێکت بینیووە؟ ئازیزم لەم کاتە ترسناکەدا کەی وادەی قسەکردنە، خەریك بوو هەترەشم بچێت، تەنیا بۆ زانینی کاتژمێرە ئەو بانگکردنە؟پرسیارێکی بێمانایە جا کاتژمێر هەر چەندێك بێت بە ئێمە چی، تاکو ڕۆژ هەڵنەیەت، یەك و سی و شەش خولەکە، بەڵێ سی و شەش دەقیقە لە کاتی دیاریکراو لایداوە، پێدەچێت ئەمشەو هیچ لایەکمان حەز بە کوشتنی یەکتری نەکەین، مرۆڤ گەمژەیە گەر بیر لە کوشتنی مرۆڤی دیکە بکاتەوە، نازانم کوشتنی مرۆڤ چ سوودێکی بۆ مرۆڤ خودی خۆی هەیە ! بڕواناکەم سوودی هەبێت، من بۆ هاتوومەتە نێو ئەم سەنگەرە خوێناویی و پڕ لە سامەدا؟من و ئێوەو ئەوان هەموومان تاوانبارین، کوشتنی یەکتری بۆ؟ بێ ویژدانییە مرۆڤ کەسێکی دیکە لە نێو ببات و مافی ژیانی لێ بسەنێتەوە، بەڵێن بێت ئەمشەوم لێ بەسەرچێ لە پێش چاوی هەمووتان تفەنگەکەم دەخەمە نێو چاڵی پیسایی مزگەوتە کۆنەکەی ئاوایی، ئەوسا دوور لە شەڕ و بە دڵێکی ئارام و ئاسوودەوە ژیانێکی خۆش دەگوزەرێنم، لە هەر شوێنێکیش تفەنگ و شەڕ هەبێت، من لەوێ هەڵدێم، تفەنگ ئەو دڵڕەقەی بە هیچ شێوەیەك بە نەرمی قسە لەگەڵ کەسدا ناکات، خوێندەڕژێنێت و خۆشەویستی لە فەرهەنگی ژیان دەسڕێتەوە، نامەوێت، من شەڕ و ئاشوویم ناوێت، شەڕ پیسترین وشەیە، دژی جوانییەکانی دونیاو سروشتە، حەز دەکەم دەست لەیەخەمان بەردات و لەم مەملەکەتە دوور بکەوێتەوە، ئەی شەڕ دەرچۆ لە ماڵەکانمان، چیتر باخچەو جەنگەڵستانی جوانمان مەکە خۆڵەمێش و ڕووبار و کانیاوەکان بە خوێنی مرۆڤ سوور هەڵمەگەڕێنە، با چیتر منداڵانی ساوا بێ باوك نەبن و ژنەکان تەنیایی نەیانکوژێت، هێندەت خوێن ڕشت خەریکە بیابان و گۆڕستانەکان لە نێو خوێندا بزر دەبن!



هاوڕێکەم هەستی لە خۆی بڕی و بێدەنگییەك کەوتە نێوانمانەوە، بە ئاسپایی تفەنگەکەم لە بەردەم خۆم داناو تەماشایەکی گوندەکەم کردەوە، چاوم بە ماڵەکاندا گێڕاو ماڵی بووك و زاوا کەوتەوە بەرچاوم، وەکو دوو ماری عاشق و لە شێوەی لاولاو ئاوێتەی یەکتر ببوون، هێندەیان یەکتر هێناو برد تاکو چێژ و توانایان لەبەردا بڕاو دواتر لە نێو باوەشی یەکتریدا جولەیان لە خۆ بڕی و چوونە نێو خەوێکی ئارامەوە.

چ خەوێکی خۆشەو ئەوانەی تێکەوتوون! لە خەویشدا هەست بە چێژ و ئارامی دەکەن، لەم دونیایەدا هەندێ لە خۆشیدان و هەندێکیش تۆسقاڵێق خەو بە ئاوات دەخوازن، هەندێ بیر لە مردن ناکەنەوەو ژیانیان لاشیرینە، هەندێکی دیکەش هەن لە نێو تاریکی و ترسدا چاوەڕێی مردنێکی خوێناویی دەکەن، مردن هەر دێت، بەڵام ناخۆشترین مردن بۆ مرۆڤ و هەموو گیانەوەرێك ئەو مردنەیە کە خوێناویی بێت و لاشەی لە خوێنی خۆیدا بزر بێت.

لە پڕێکدا، لەگەڵ دەنگی تەقە بەئاگاهاتمەوە، ترس دایگرتم، بە شڵەژان و نابەدڵییەوە ڕووی تفەنگەکەم ئاراستەی ئاسمان کرد و چەند گوللەیەکم بە بۆشایی ئاسمانەوەنا، هاوڕێکانم ڕووبەڕووی شەڕێکی توند و ترسناك ببوونەوە، ماوەیەك سەرقاڵی شەڕێکی گەرم بوون، چەند جارێکی دیکە ڕووەو ئاسمان تەقەم کردەوە، هەستم کرد، هێواش هێواش بەرگری لە نێو سەنگەرەکەماندا کەم دەبۆیەوە، ئەوانیش بەدەم گۆرانی و سروودی سەرکەوتنەوە هەوڵی ئەوەیان دەدا بێنە نێو سەنگەرەکەمانەوە، سەیرێکی دواوەی خۆم کرد و بە مەبەستی خۆ دەربازکردن ڕووەو گوندەکە هەنگاوم هەڵێنا، لە نێو باخچەیەکی تووش ڕووەو سەنگەرە جێماوەکە وەستام، هیچ بەرگریکردنێك لە نێویدا هەستی پێنەدەکرا، بەڵام گۆرانی و سروودی سەرکەوتنی ئەوانم بەر گوێ دەکەوت.

شەو ڕووەو بەیانی هەڵدەکشا، هەرچۆنێك بوو ماوەیەکی دیکە لە نێو باخچەو جەنگەڵستانەکەی خوار ئاوایی خۆم ونکرد، هەرکە دونیا ڕووناك بۆیەوە یەکڕاست بەرەو سەنگەرەکە و بە هانای هاوڕێکانمەوە چووم، بە ئاسپایی ڕێگەم بڕی، نزیکی ماڵی زاوا

بوومەوە، ئاپۆرەیەکم بەر چاو کەوت، هەندێ جاریش گریان و هاواری ژنانم بەر گوێ دەکەوتن، دەبێ چی ڕوویدابێت؟ پێدەچێ بە هۆی شەڕی ئەمشەوی ئێمەوە کەسێك کوژرابێت، نازانم چی ڕوویداوە! هیچ چارەیەکی دیکەم نییە هەر دەبێت بڕۆمە نێو خەڵکەکەوەو ڕاستییەکەی بزانم، چەند هەنگاوێك رووەو ئەوێ چووم، وەستام، ئاوڕێکی دواوەم دایەوە، دوو مندالْ تیژ تیژ بەرەو لای خەڵکەکە هەنگاویان هەڵدەهێنا، بە دەنگێکی نزم بانگم کردن، بە ڕقەوە تەماشای نێو چاومیان کرد و وەڵامیان نەدامەوە، تیژتر لە جاران ڕۆیشتنەوە، دیسانەوە بانگییانم کردنەوە، لە جاری پێشووتر بە ڕقترەوە سەیریان کردمەوە، دواتر بە شەرمەوە گوتم:

لەم ماڵەدا چی ڕوویداوە؟ کەمێك بێدەنگ بوون، دوایی یەکێك لە منداڵەکان گوتی:

نازانی چی ڕوویداوە؟ بەهۆی شەڕی ئێوەوە، ئەو بووکەی دوێنێ گواسترایەوە، ئەمشەو کوژرا، دڵم داخورپا، ئاو بە چاوەکانمدا هاتە خوارەوە، تفەنگەکەم فڕێدایە نێو جۆگەلە ئاوێکی پیس و بەرەو لای خەڵکەکە ڕۆیشتم، خەڵکێکی زۆر بە دیار تەرمەکەوە ئەڵقەیان بەستابوو، بە وردی چاوێکم بە نێو خەڵکەکەدا گێڕا، هیچ کامێك لە هاوڕێکانم بەر چاو نەکەوت، تەواوی خەڵکەکە بەڕقەوە تەماشایان دەکردم، لە ژێر لێوەوە قسانیان دەکرد، لەوەی دەکرد بە تاونبارم بزانن، دڵم ترسا، بە خێرایی لە نێویان دەرچووم، ڕێگەی سەنگەرەکەم گرتەوەبەر، هەر چۆنێك بوو خۆم گەیاندەوە سەنگەرەکە، لاشەی هەموو هاوڕێکانم بە شێواوی و لە نێو خوێنی خۆیاندا بینی، لە گریان بەملاوە توانای هیچ شتێکی دیکەم نەبوو، ماوەیەك بە دیاریانەوە گریام، خەریك بوو ئاو لە چاوەکانمدا وشك دەبوو، رووەو گوندەکە هاوارم کرد، بگەنە فریامان، کەسم نەدی بێت بە هانامانەوە، بەرەو ئەملای سەنگەرەکە ڕووم وەرگێڕا، تەرمێك لە خوارەوە بۆر دەچۆیەوە، دڵنیابووم لەوەی تەرمی هاوسەنگەرەکانم نەبوو، بە دەم گریان و ترسەوە هەنگاوم بۆ هەڵێنا، هەر کە گەیشتمە سەری، لاشەی یەکێك لە براکانم بوو، بۆ کوشتنی من هاتبوو!

٢٠٠٤/٨/٥

# دەمەتەقێی نێو هۆتێلەکان

دوو هۆتێل رووەو یەکتر بەرز بوونەتەوە، لە نێو پەنجەرەی یەکێك لە هۆتێلەکاندا کچێك کە نیوەی جەستەی بەدەرەوەیە بەردەوام چاوەکانی بە چواردەوری خۆیدا دەگێڕێت و بە هیچ شتێکەوە ناگیرسێتەوە، هەرچەند بیری دەکردەوە نەیدەزانی بۆ کێ و بە دوای چییدا دەگەڕێت، هەستی دەکرد دواتر لەسەر شتێك دەگیرسێتەوە، ئیتر ناتوانێت خۆی لێ دوور بگرێت و ژیانی پێیەوە پەیوەست دەبێت.

دوای ماوەیەك تێڕامان لە شتەکانی دەوروبەری و ئاپۆرەی خەڵکەکەدا، بە بەردەوامی گۆڕانیان بەسەردا دەهات و بۆ چەند چرکەیەك کەسانی دیکە دەکەوتنە بەرچاوی و بۆ هەمیشە بزر دەبوون.

لە نێو یەکێك لە پەنجەرەکانی هۆتێلەکەی بەرانبەریدا چاوەکانی گیرسایەوە، لە نێویدا کوڕێکی بینی کە بە هۆی دووری هۆتێلەکانەوە لە یەکتری، بەتەواوی رووخساری دیار نەبوو، کوڕەکە بێ ئەوەی ئاوڕ لە کەس بداتەوە یان بۆ جارێکیش چییە لە پەنجەرەکەدا تەماشای خوارەوە بکات بەردەوام بە نێو ژوورەکەیدا پیاسەی دەکرد.

هەندێ جاریش پەردەی پەنجەرەکەی دادەدایەوە، بۆ ماوەیەك بزر دەبوو، لە پڕێکدا بە هەمان شێوەی جاران دەستی دەکردەوە بە پیاسەکردن.

بۆ ماوەیەکی زۆر بە دیار سەیرکردنی کوڕەکەوە چاوەکانی مۆڵەق ببوون، بە پێچەوانەوەی ئەوەوە کوڕەکە تەماشای ئەوی نەدەکرد.

هێدی هێدی... لە سەیرکردنی بێزار بوو، کەوتە نێو دڵەڕاوکێوە، بۆ چەند لەحزەیەکی کورت پەردەکەی دادایەوە، هەرکە گەڕایەوە لای پەنجەرەکە، بە خێرایی پەردەکەی کردەوە، بینی پەردەی پەنجەرەی کوڕەکە دادراوەتەوە.

دووبارە پەردەکەی دادایەوە، بە شڵەژانەوە، زۆر بەخێرایی بەرەو ئەو هۆتێلەی کەوتۆتە بەرانبەر هوتێلەکەی خۆی بەمەبەستی بینینی کوڕەکە هەنگاوی گرتەبەر.

لە بەردەم دەرگای هۆتێلەکە هەڵوەستەیەکی کرد و پاش کەمێك بیرکردنەوە ئیدی بە پەیژەکەدا بۆ ئەو نهۆمەی ژووری کوڕەکەی تێدایە، سەرکەوت، کاتێك خەریکی سەرکەوتن بوو بە پەیژەکەدا رووبەڕووی کوڕێك بۆیەوە، چەند لەحزەیەك بەرانبەر



یەکتردا وەستان، دواتر بێ ئەوەی قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن هەر یەکەیان بەرەو لایەك هەنگاویان هاویشت.

تەواوی دەرگەکانی نهۆمی سێیەمی بەسەر کردەوە، نەیتوانی چاوی بە کوڕەکە بکەوێت، چونکە هیچ یەکێك لە دەرگەکانی بەڕوودا نەکرایەوە، شڵەژا.. هێواش هێواش خەریك بوو دڵی دادەخورپا، ماوەیەك هەستی لە خۆی راگرت، پاشان گەیشتە ئەو راستییەی ئەو کوڕەی لە نهۆمی دووەمی هۆتێلەکەدا تووشی هات، هەمان ئەو کوڕەی نێو پەنجەرەکە بوو کە وەکو سەراب خۆی لەبەر چاوی ونکرد.

جگە لە دەنگی پاژنەی بەرزی پێڵاوەکانی خۆی، هیچ دەنگێك لە نێو هۆتێلەکەدا بەر گوێی نەدەکەوت، هەستی بە ترس و تەنیایی کرد، دووبارە خەریکی دەرگاکان بۆیەوە، دیسانەوە کەس بەروویدا نەیکردەوە، زیاتر رۆچووە نێو ترسەوە، پاشان زۆر بە خێرایی بە پەیژەکەدا چووە خوارەوە.

شەقامێکی قەڵەباڵغ کەوتۆتە نێوانی هەردوو هۆتێلەکەوە و بەدەیان عەرەبانە و منداڵی دەستگێڕ و بۆیاغچی گرتۆتە خۆی، بەردەوام بە دەنگی بەرز بە پیشە و شتەکانی خۆیاندا هەڵدەدەن و سەرنجی رێبوارەکان بە لای خۆیاندا رادەکێشن تاکو هەرچی زووە بژێوی ژیانی ئەمڕۆژەیان دەسکەوێت و هەوڵدەن شتی دیکە ساغبکەنەوە.

بە هیوای دۆزینەوەی ئەو کوڕەی بۆ جاری یەکەم لە نزیکەوە لە نهۆمی دووەمی هۆتێلەکەدا یەکتریان بینی، تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد و بەرەو شۆستەکە هەنگاوی هەڵێنا و تێکەڵ بە ئاپۆرە و جموجۆڵی خەڵکەکە بوو کەوا بە پێچەوانەی یەکترییەوە دەڕۆیشتن.

دەنگی فرۆشیارەکان بە شێوەیەکی زۆر بەرز دەهاتە گوێی بە ئاراستەی هەندێ لە رێبوارەکان دەڕۆیشت و بە وردی چاوی دەگێڕا.

رۆچووە نێو بێزارییەوە، خەریك بوو مێشکی گێر بخوات، لە پڕێکدا هێندەی زانی هێزێکی خەیاڵی توانای دایەوە بەر بۆ ئەوەی بە دوای دۆزینەوەی کوڕەکەدا بڕوات، بە نێو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا کەوتەوە رێگە.

لە بەردەم یەکێك لە دووکانەکاندا چەند پۆلیسێك کە جلەکانیان بە هۆی عارەق و پیسییەوە بۆر دەچوونەوە چواردەوری هەرزەکارێکی دەستگیرپیان دابوو، جار جارێکیش بەردەبوونە گیانی و تاکو هێزییان لەبەردابوو تێیان هەڵدەدا، دواتریش دایانە پێش خۆیان و کەس نەیزانی بەرەو کوێیان برد.

جار جارە شتێکی بە مێشکدا دەهات چیدیکە بە دوایاندا نەڕوات و خۆی خەریکی دۆزینەوەی کوڕەکە بکاتەوە، بەلاَم نەیتوانی! بەردەوام بوو لەسەر ڕۆیشتن بە دوای پۆلیسەکاندا.

پۆلیسەکان پێچیان کردەوە و چوونە کۆلاَنێکی پڕ لە ژن و منداڵ و عەرەبانەی شکا و کە پیشەوەرەکان فرێیاندابووە کۆلاَنەکەوە، دواتر زۆر بە خێرایی بزربوون.

لە کۆتایی کۆلاَنەکەدا چاوی کەوت بە پیاوێك، کەوتبووە گیانی ژنێك و بە قژ ڕاکێشان بە دوای خۆیدا دەیبردە ماڵێکەوە، پاشان بە توندی دەرگەکەی لە دوای خۆیەوە داخست.

بە هەمان شێوەی ڕۆژی رابردوو، ڕۆیشتەوە بەردەم پەنجەرەکە و زۆر بە پەرۆشەوە لە پەنجەرەی کوڕەکەی ڕووانیەوە، دیسانەوە نەیبینی، ڕۆچووە نێو قولاَیی خەم و دڵتەنگییەوە، ئاو بە چاوەکانیدا هاتەخوارەوە، لە ماوەی کاتژمێرێك لە چاوەڕوانی بینینی کوڕەکەدا چەندین جار پەردەی پەنجەرەکەی خۆی دادایەوە و دەچۆیەوە نێو پێخەفەکەیەوە، هەرچەندی دەکرد خەو نەدەچووە چاوەکانی و ئارام نەدەبۆیەوە.

چاوی بڕی بووە سەر پەردەکە، کەسی نەدەبینی، هەر هێندەی زانی بە هێواشی پەردەکە کرایەوە و کوڕەکە لە نێویدا دەرکەوت.

دەرگەی ژوورەکەی خۆی کلۆمدا و ئیدی بۆ لای کوڕەکە کەوتەڕێ، لەبەردەم هۆتێلەکەدا هەڵوەستەیەکی کرد، موچڕکێکی گەرم لەشی داگرت و ڕۆچووە نێو خۆشییەوە.



بە پەیژەکەدا سەرکەوت، نەیدەزانی چۆن چۆنی لە دەرگەی ژووری کوڕەکە بدات کە تاکو ئێستاکە لە نزیکەوە ئاشنایەتییان لەگەڵ یەکتردا نەبووە، بە چ شێوەیەك قسەی لەگەڵدا بکات و چۆن رازی دڵی خۆی بۆ دەربڕێت.

چەند چرکەیەك بیری لەم شتانە کردەوە، دواتر بڕیاریدا دەبێت بە هەر شێوەیەك بێت چاوی بە کوڕەکە بکەوێت و قسەی لەگەڵدا بکات.

هێندەی زانی یەکێك لە دەرگەکان کرایەوە، دڵی داخورپا، بێ ئەوەی هیچ قسەیەکی لەگەڵدا بکەن، ژن و پیاوێك بوون پێدەچوو تازە چووبێتنە نێو مانگی هەنگوینییەوە، لە نێو ژوورەکەدا هاتنە دەرو بەرەو لای پەیژەکە ڕۆیشتن و لە پڕێکدا بزربوون.

ئەمجارەیان دەرگەیەکی دیکە جیڕەی لێوە بەرز بۆیەوە و دووبارە دڵی داخورپایەوە، هەمان کوڕەکەی نێو پەنجەرەکە بوو کە بۆ جاری یەکەم لە نزیکەوە لەسەر پەیژەکەدا یەکتریان بینی، هەندێك تەماشای یەکتریان کرد، چاویان مۆڵەقی یەکتری بوون، بێ ئەوەی قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن بە هێواشی ڕووەو یەك هاتن، لەگەڵ هەر چرکەیەکدا زیاتر لێك نزیك دەبوونەوە، هەرچەندێکیش نزیکی یەك ببوونایەتەوە هێندەی تر ڕۆدەچوونە نێو شەرمەوە و هەناسەکانیان ئاوێتەی یەکتری دەبوون، لە نێو چاوانیاندا ئەوە دەخوێندرایەوە هەردووکیان زۆر پەرۆشی قسەکردن بوون لەگەڵ یەکتریدا، بەلاَم بە هەر هۆیەکەوە بووبێت بە ئاسانی نەیاندەتوانی بکەونە قسەکردنەوە، بۆ چەند لەحزەیەك چاوەڕوانی یەکتری بوون بۆ ئەوەی بێدەنگییەکەی نێوانیان نەمێنێت.

پاش ئەوەی کچەکە دڵنیابوو لەوەی کوڕەکە ئەو بێدەنگییەی نێوانان ناشکێنێت، ئینجا خۆی بڕیایدا دەبێت دەستپێشخەری بکات و بێدەنگییە کاتییەکەی نێوان تێکبشکێنێت.

بێ زەحمەت دەتوانم چەند قسەیەکت لەگەڵدا بکەم؟

هەرکە گوێی لەم قسەیەی بوو لە جاران زیاتر چاوی بڕییە نێو قولاّیی چاوەکانی، تەزوویەکی گەرم جەستەی راچڵەکاند و کەوتە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە، پاش چەند چرکەیەك لە بێدەنگی، دواتر بەدەنگێکی نزم و لە سەرخۆ وەلاّمی دایەوە:

بەڵێ، دەتوانی هەرچییەکت هەیە بیڵێیت، لێرە قسەکانمان بکەین یان بچینە شوێنێکی دیکە؟

کچەکەش دەستی بۆ ژوورەکەی درێژکردو گوتی:

ئەگەر حەز بکەیت دەچینە ژوورەوە قسەکانمان دەکەین؟

هەرکە لە دەرگەکە چوونە ژوورەوە یەکەم شت سەرنجی کچەکەی راکێشا وێنەی کوندەپەپوویەك بوو لە تەك کاتژمێرێکدا بە دیوارەوە هەڵواسرابوو، باڵەکانی کردبۆیەوە، نێو چاوەکانی تیشکی دەدایەوە و ترسی دەخستە نێو دڵییەوە، دواتر چاوی کەوتە سەر مێزێکی دارین کە چەند کتێبێکی لەسەر بوو، لەگەڵ یەك دوو پێنووس و چەند پەڕەیەکی نەنووسراو، یەکێك لە کتێبەکانی گرتەدەست و تەماشایەکی ناونیشانەکەی کرد، دواتر بەنەرمی داینایەوە شوێنەکەی خۆی و ویستی قەسەیەك بکات، بەلاّم لە پڕێکدا چاوی کەوتە سەر چەند وێنەیەك و بێ ئەوەی تەماشای هیچ یەکێکیان بکات ئاراستەی چاوەکانی کەوتە سەر ئەو بوتڵە شەرابەی لەسەر مێزەکەدا بەتەك "زۆربا"کەوە داندرابوو، لەپڕێکدا کوڕەکە فەرمووی دانیشتنی لێکرد لەسەر یەکێك لەو دوو کورسییە دارینەی کەوا سالاّنێکە ئەم ژوورو ئەو ژووری هۆتێلەکەیان پێ دەکرێت و بە هۆی کۆنیانەوە جیڕەیان لێ بەرز دەبێتەوە.

رووبەڕووی یەکتر دانیشتن، دووبارە بێدەنگی دایگرتنەوە، بەلاّم دوای چەند چرکەیەك ئەمجارەیان کوڕەکە بێدەنگییەکەی نێوانیانی شکاند:

بمبوورە، کەمێك ژوورەکەم بێ سەروبەرە، چونکە چاوەڕوانی هیچ کەسێك نەبووم بێتە لام، حەوسەڵەی ئەوەشم نەبوو ژوورەکە پاك کەمەوە.

زۆر ئاساییە، پیاو بە تەنا بێت ئەم جۆرە شتانە روو دەدەن، بیری لێمەکەرەوە هەروا دەبێت.



دوای ئەوەی ئەو چەند قسەیەی کرد، راستەوخۆ رۆیشتە لای دەرگەکەو بە هێواشی کلۆمیدا، کوڕەکەش بەم هۆیەوە هەڵوەستەیەکی کرد و تەماشایەکی وردی نێو چاوی کچەکەی کردەوە، هیچ شتێکی ترسناکی لە چاوەکانیدا هەست پێنەدەکرد.

کچەکە تەماشایەکی تری وێنەی کوندەپەپووکەی کردەوە، دەتوانم چەند قسەیەك لەبارەی ئەم وێنەیەوە بکەم؟

کام وێنەیان؟

ئەم وێنەیەی کوندەپەپوویە.

دەزانم بەلاتەوە شتێکی سەیرە، چونکە لەوانەیە زۆر بە کەمی وێنەی کوندەپەپووت لە مالاّن بینی بێت!

کچەکە بەئەدەبەوە درێژەی بەگفتوگۆکەی نێوانیاندا:

بە راستی شتێکی زۆر سەیرە! لەم هەرێمەدا تۆ تەنیا کەسێکی وێنەی کوندەپەپوو بە دیوارەوە هەڵدەواسیت، ئەمە چ نهێنییەکی تێدایە، پێدەچێت کوندەپەپووت زۆر بەلاوە جوان بێت؟

کوڕەکە زۆر بەڕاشکاوییەوە وەلاّمی دایەوە:

تا ئێستاکە جوانترین باڵندە من بینیبێتم چ لە وێنە و چ لەراستیدا، کوندەپەپوویە.

کچەکە هەرکە گوێی لەم قسەیە بوو، ماوەیەك خۆی بێدەنگ کرد.

کوڕەکە دەستپێشخەری کرد لە شکاندنی بێدەنگییە کورتەکەی نێوانیان:

بۆ قسەناکەیت؟ خۆ هیچ قسەیەکی وام نەکردووە نیگەرانی کردبیت؟

ئەویش دوای ئەوەی کە چاوی بڕییە نێو قولاّیی چاوەکانی و گوتی:

نازانم چۆن چۆنی کوندەپەپووت بەلاوە باڵندەیەکی جوانە؟ چۆن دەبێت لە لایەن مرۆڤەوە بە خێو بکرێت، یان وێنەی لە مالاّن و شوێناندا هەڵبواسرێت، دەبێتە هۆی وێرانکردنی ئەم شوێنە، هەرچی زووە ئەم وێنەیە داگرە، تکایە نەکەی کوندەپەپوو بە باڵندەیەکی جوان تێبگەیت، چونکە فڕندەیەکی شوومە!

دوای ئەوەی کەمێك بەم قسانەی پێکەنی، ئینجا وەلاّمی دایەوە:

راستە ئەم جۆرە قسانەی لە بارەوە دەکرێت، بەڵام لە راستیدا کوندەپەپوو باڵندەیەکی شووم نییە، بەڵکو تا بڵێی جوانە، ئیتر بۆ دەبێت بە شوومی بزانین، ئەمە قسەی باوك و باپیرانمانە، مەرج نییە هەر قسەیەك لەوانەوە بۆمان مابێتەوە راستبن، زۆرێك لەو قسانەی لەسەر زاری ئەوانەوە دەکرێن دوورن لە راستییەوە.

زۆر شت هەن کە لە سەرەتادا مرۆڤ بە هەڵە خوێندنەوەی بۆ کردوون و ئێستاکە وەکو راستییەك تەماشایان دەکرێت. بمبوورە لەوەی ئاراستەی قسەکانم پێچەوانەی قسەکانی تۆیە، تکایە لێم تێبگە.

نازانم هۆی چی بوو کچەکە زیاتر لەسەر کوندەپەپووکە هەڵوەستەی نەکرد و وەکو ئاماژەیەك بۆ راستی قسەکانی ئیدی سەری بۆ لەقاند و گوتی:

با بچینەوە سەر بابەتە سەرەکییەکەی خۆمانەوە، چیمان لەم بابەتە داوە، ئەمە کەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە.

نازانم نهێنی لەوەدا چییە هەرکە یەکەم جار لە نێو پەنجەرەی ئەم هۆتێلەدا تۆم بینی هێزێك لەسەرووی ئیرادەی خۆمەوە بەرەو لای تۆی کێشدەکردم، شەوان تاکو درەنگانێك لەم هۆتێلەی بەرانبەرتدا تەماشای تۆ دەکەم ، چۆن پیاسە دەکەیت، کەی دەخەویت، جاری وا هەیە بە دیار سەیرکردنتەوە خەوم لێدەکەوێت و لەگەڵ کەوتنم بەزەوییەکەدا بەئاگادێمەوە، تۆش پەردەکەت داداوەتەوە.

کوڕەکە قسەکانی پێبڕی:

تۆ لەم هۆتێلەی بەرانبەر ئێرەدا دەژیت؟ ئەو کچە تۆیت بەردەوام سەیری ئێرە، نێو ژوورەکەی من دەکات، لە راستیدا ئەگەر هەمان کچیش بیت من ناتناسمەوە، چونکە بە هۆی ئەوەی کەمێك چاوەکانم کزبوونە لە دوورەوە بە باشی نابینم.

بەڵێ، لە نێو یەکێك لە ژوورەکانی ئەو هۆتێلەی بەرانبەر تۆدا دەژیم، ئەو کچەی بەردەوامیش سەیرت دەکات ئەوە منم، زۆر جاریش حەزم دەکرد بێمە لات، بەڵام نەمدەتوانی، ئەوە بوو دوێنێ بریارمدا بە هەر شێوەیەك بێت دەبێت بێمە لات.



دوێنێ لێرە نەبووم، تاکو درەنگانی شەو لە دەرەوەی شار بووم، ئەویش بە هۆی ئەوەی من لە هەفتەیەکدا دوو جار دەچمە دەرەوەی شار و تاکو درەنگانێکی شەو لە نێو باخچەیەکی گەورەدا پیاسە دەکەم و بیر دەکەمەوە، لەوانەیە بەمزووانە بە یەکجاری بچمە نێو ئەو باخچە گەورەیەی کە باوکم لە دوای کوژرانیدا بۆمی جێهێشتووە، ئەگەرچی دڵنیام لەوەی ژیان لەو باخچەیەدا بەسەربەرم ئەوا رووبەڕووی بارودۆخێکی نائاسایی دەروونی دەبمەوە، بەڵام ناتوانم نەچم، چونکە تارمایی باوکم بەردەوام بەرەو نێو ئەو باخچەیە کێشم دەکات.

ماوەیەك بێدەنگی کەوتەوە نێوانیانەوە، هەستی بە ئاڵۆزی ژیانی کوڕەکە کرد کە بە نێو ژیانێکی نالەباردا گوزەردەکات، دواتر ئەمەی بەدەرفەتێك زانی.

گوتت باوکت کوژراوە؟ دەکرێت کەمێك لە بارەی کوژرانی باوکتەوە قسەم بۆ بکەیت؟

دە ساڵ لەمەوبەر باوکم لە یەکێك لەو شەڕە ناوخۆیانەدا بە ناشیرینترین شێوە بە دەستی یەکێك لە لایەنە شەڕکەرەکان کوژرا، لە هەمووی ناخۆشتریش ئەوەبوو دوای مردنەکەی تەرمەکەیان ئەتککرد بوو.

کەللەی سەریان لە جەستەیدا جیاکردبۆیەوە و چاوەکانیان دەرهێنابوو، قاچ و دەستەکانیان بە یەکەوە بەستابۆیەوە و لە خەڕەندێکدا هەڵیاندابووە خوارەوە، ئیدی نەماندۆزییەوە، دایکیشم بەم هۆیەوە سەری نایەوە، چونکە تارادەی پەرستن باوکمی خۆشدەویست و بێ ئەوەی شەرم لە من بکەن لەبەر چاوی مندا باوەشیان بەیەکدا دەکرد و نێو دەمی یەکتریان ماچ دەکرد، تاکو ئەو کاتەی بێ هۆشدەکەوتن بەسەر زەوییەکەدا یەکتریان رادەموسی.

کە تەرمەکەی باوکتتان نەدۆزیتەوە چۆن زانیتان تەرمەکەی شێوێندراوە؟

یەکێك لە هاورێکانی باوکم کە لەگەڵیدا بەشداربوو لە شەڕەکەدا ئەم هەواڵەی پێداین، بەڵام هەرچەندی کردمان لەگەڵماندا نەهات بۆ هێنانەوەی تەرمەکەی، زۆر بە دوایدا گەراین، بەڵام نەماندۆزییەوە، خەڕەندەکە زۆر لەوە ترسناکتربوو ئێمە بێ هاوکاری و

رێنیشاندەری هیچ کەسێك بتوانین لە نێویدا بیدۆزینەوە، ئەویش بە هۆی ئەوەی هێزەکانی دوژمن لەم ناوچەیەدابوون هاورێکەی باوکم نەیدەوێرا لەگەڵماندا بێت، دڵنیام بهاتبوایە دەماندۆزییەوە، چونکە هاورێکانی باوکم بینیبوویان کاتێك هێزەکانی بەرانبەریان فرێیاندابووە نێو خەرەندەکەوە.

دوای دوو ساڵ چەکدارەکان ئەم ناوچەیان جێهێشت و ئێمەش لەگەڵ هاورێکەی باوکم چووین بۆ شوێنی تەرمەکە، بەڵام هیچ ئاسەوارێکی دیار نەبوو، پاشان بە یەکجاری لە دۆزینەوەی نائومێدبووین.

چاوەکانی پڕ لە فرمێسك ببوون، هەستی دەکرد یادەوەرییەکی ناخۆشی بیرخستۆتەوە، بۆیە بەخەمبارییەوە گوتی:

بمبوورە ئەم یادەوەرییە تاڵەم بیر خستییەوە، نەمدەزانی چیرۆکی کوژرانی باوکت بەم شێوەیە دەستپێدەکات! بەڵام دڵنیابە لەم هەرێمەی ئێمەدا دەیان چیرۆکی تری لەم شێوەیە هەن، کەس باسیان ناکات، مەگەر تەنیا کەس و کاریان وەکو چۆن ئێستا تۆ چیرۆکی باوکت دەگێڕییەوە، ئەوانیش باسیان لێوە بکەن، ئەگینا خەریکە لە بیر دەچنەوە، لەوە ناخۆشتر نییە مرۆڤ تراژیدیای هاو ڕەگەزەکانی خۆی بیر بچێتەوە.

سوپاس ئەم یادەوەرییەت بیرخستمەوە، نابێت هیچ کاتێك بیرم بچێتەوە، چەندی بیرم دێتەوە هێندەی تر هەست بە بوونی خۆم دەکەم و نەفرەت لەم زەمەنە دەکەم ئێمەی تێدابووین، ئەم یادەوەرییە تەنیا یادەوەری من نییە، بەڵکو یادەوەری تەواوی مرۆڤایەتییە، نابێت بیرمان بچێتەوە، شتێك بووە موڵکی مرۆڤایەتی، ئیدی نابێت تەنیا کەسێك خۆی بەخاوەنی بزانێت، راستە ئەم چیرۆکەی ئێستاکە بۆتم گێڕایەوە، پاڵەوانەکەی باوکمە، بەڵام لە راستیدا دەبێت هەموومان خۆمان بە خاوەنی ئەم چیرۆکە بزانین و هەمیشە بۆ یەکتری بگێڕینەوە تاکو لە بیر نەکرێت، نا بە هیچ شێوەیەك نابێت لە بیر بکرێت.

چاوەکانیان مۆڵەقی یەکتر ببوون، هێدی هێدی ئاو بەچاوەکانیاندا دەهاتە خوارەوە، دەستی بۆ بوتڵە شەرابەکەی سەر مێزەکە برد، پەرداخێکی پڕکرد و نایە



سەر لێویەوە، دواتریش لەژێر مێزەکەدا گیتارێکی هێنا، داوای لە کچەکە کرد ئەگەر حەز بکات کەمێك گیتاری بۆ بژەنێت، ئەویش رەزامەندی نیشاندا و بە بێدەنگی گوێی بۆ گرت.

نزیکەی نیو کاتژمێر خەریکی ژەنینی گیتارەکە بوو، رۆچووبوونە نێو خەیاڵەوە، خۆشترین ساتەکانی ژیان ئەو دەمە بوو کە لەگەڵ لەرینەوەی دەنگی گیتارەکەوە دەهاتە گوێیەوە و بیری لەوە دەکردەوە تازە ناتوانێت ئەم کوڕە بۆ یەك چرکەش چییە بە جێبهێڵێت و دوور لەو بژێت.

چەند جارێك بانگی کوڕەکەی کرد، بەڵام بە هۆی رۆچوونی بە نێو خەیاڵ و خەریك بوونی بەژەنینی گیتارەکەوە ئاگای لە بانگکردنەکانی نەبوو، دووبارە بانگی کردەوە، ئەمجارەیان گیتارەکەی دانا و تەماشای نێو چاوی کچەکەی کردەوە.

تازە ناتوانم جێتبهێڵم، من لەگەڵ تۆدا هەست بە بەختەوەری دەکەم و ژیانم پڕ دەبێت لە ئارامی، ئەگەرچی دەزانم ژیانی تۆ پڕیەتی لە ئاڵۆزی و ناخۆشی، بەڵام بڕوام پێبکە ناتوانم لێت دوور کەومەوە، ئەمە قەدەری منە و دەبێت تۆش قەبوڵی بکەیت لەگەڵ تۆدا هاوبەشبم لە هەرچی چرکەکانی ژیانتدا هەیە، بە هەرچی ناخۆشی و خۆشیەکانتەوەیە، دەمەوێت لە نێو تۆدا بتوێمەوە، بۆ ئەوەی هەست بە بوونی خۆم بکەم، ئەوەی ساڵانێکە بە دوایدا دەگەڕێم لەم چەند چرکەیەدا دۆزیمەوە، ژیانم بەتۆوە جوانە، نازانم بۆ لە پڕێکدا پێتەوە پەیوەست بووم، هەرچەندی بیر دەکەمەوە ناتوانم بێ تۆ بژیم، تکایە وەکو هاوبەشی ژیانی خۆت قەبووڵم بکە بۆ ئەوەی خۆم بدۆزمەوە و چیتر خۆم بزر نەکەم.

هەرکە کوڕەکە گوێی لەم قسانەی بوو، خۆی بۆ نەگیرا و دەستی کرد بە گریان، تاکو ئەو ئاستەی لە نێو گیانی کچەکەدا هەستی بە بوونی خۆی دەکرد.

دەزانم تازە ناتوانی بێ من بژیت، بەڵام من ناتوانم خۆشبەختت بکەم، ژیانی من پڕیەتی لە ئاڵۆزی و نالەباری، من خۆشبەختی بۆ تۆ لە کوێ بێنم کاتێك خۆم نەمدیبێت، حەز بە تەنیایی دەکەم و لە نێو قووڵایی بیرکردنەوەمدا بوونی خۆم دەدۆزمەوە، بۆیە

تكات لێدەكەم خۆت بە منەوە پەیوەست مەكە، چونكە خۆشبەخت نابیت، ژیانی من وەكو تابلۆیەك وایە بۆ تەعبیركردن لە ئازار كێشرا بێت.

چەندین گفتوگۆی تریان لە نێو ژوورەكەدا كرد، هەستییان بە ماندووبوون كرد، دواتر بڕیاری ئەوەیاندا كە پیاسەیەك بە نێو بازارەكەدا بكەن و بڕێك لە خەم و ئالۆزییەكانی دەروونییان بڕەوێننەوە.

هەندێ لە شتەكانی نێو بازارەكە ڕامان و بەدەم ڕێوەش خەریكی قسەكردن بوون، لە پڕێكدا چاویان كەوتە سەر مێزێكی كۆنین كە چەند كتێبێك و هەندێ ڕۆژنامەی كۆن و نوێی لەسەر كەڵەكەكرابوو كە هەندێكیان بەهۆی كۆنیانەوە زەردهەڵگەڕابوون و كونی بچووك بچووكیشیان تێكەوتبوو ئەویش بەهۆی ئەوەی كەسانێكی زۆر لاپەڕەكانیان هەڵدابوونەوەو تەنیا مانشێتەكانیان خوێندبوونەوەو ئیدی لە شوێنەكەی خۆیانیان دانابوونەوە.

سەیری ڕۆژنامەكانیان كرد و یەكێك لە ڕۆژنامەكان سەرنجی كوڕەكەی ڕاكێشاو دواتر دەستیكرد بە خوێندنەوەی مانشێتەكانی.

دوێنێ ئێوارە لە گەڕەكی.... نێو شاری.... قوتابییەك بە هۆی دەرنەچوونی لەوانەی بیركاریدا خۆی خنكاند.

لەم قۆناغەدا وڵات بە نێو كۆمەڵێ قەیرانی جۆراوجۆردا گوزەر دەكات.

گەندەڵی رووی لە زیادی كردووە.

كچێك بە هۆی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ كوڕێكدا بە دەستی باوكی كوژرا.

چارەنووسی كوڕەكەم بە كوێ گەیشت.

سەرپێیی چاوی بە مانشێتەكاندا گێڕا و دەستی كرد بە گیرفانی و دواتر پارەی ڕۆژنامەكەی دایە دەست ڕۆژنامەفرۆشەكە و ئینجا بەرەو هۆتێلەكان كەوتنەوە ڕێگە، تاكو گەیشتنەوە لای هۆتێلەكان تیشكی ڕۆژ لەسەر هۆتێلەكان بزربوو، دونیا بەرەو خۆرئاوابوون هەنگاوی دەهاویشت، لە بەردەم هۆتێلەكان هەڵوەستەیەكیان كرد و لە



یەكتری ڕامانەوە، لەنێو چاوەكانیاندا ئەوە دەخوێندرایەوە كە نەیاندەویست ماڵئاوایی لە یەكتری بكەن، هەرچەندی دەیان كرد نەیاندەتوانی جیاببنەوە.

تكایە لەگەڵم وەرە بۆ ژوورەكەم، تا شتەكان كۆكەمەوە و بە یەكجاری بێمە لات، بڕوا بكە ناتوانم لێت جیاببمەوە، هێزێكی خەیاڵی بەرەو لای تۆم كێش دەكات، تكات لێدەكەم لەگەڵم وەرە، دەترسم جارێكی تر نەتبینمەوە، چونكە من ساڵانێكە بێ ئەوەی بتناسم بەدواتدا دەگەڕام.

هەركە گوێی لەم جۆرە قسانەی بوو، بێ هیچ قسەیەك دەستی خستە نێو دەستی كچەكە و ئاماژەی ڕۆیشتنی بۆ نێو دەرگەی هۆتێلەكە كرد و دواتر بەپەیژەكەدا سەركەوتن، دەرگەكەی كردەوە و بە هێواشی چوونە ژوورەوە، وێنەی پیاوێكی ڕیشن بە دیوارەكەوە هەڵواسرابوو، لەگەڵ چەند وێنەیەكی دیكەی كچە هونەرمەندە بیانیەكان كە نیوەی جەستەیان بەدەرەوەبوون، چەند گۆڤارێكی كۆنی عەرەبیش بەوێنەی جۆراوجۆری ڕێكلامی كاڵاو كچە هونەرمەندەكان ڕازێندرابۆیەوە لەسەر جێگەكەی بە پەرش و بڵاوی كەوتبوون، چركەی كاتژمێری قەد دیوارەكە ئاسایی لێیدەدا، ئەوەی زیاتر سەرنجی كوڕەكەی ڕاكێشا، وێنەی پیاوە ڕیشنەكە بوو، تفەنگێكی بەشانەوە بوو، چاوی بڕی بووە نێو زوومی كامێراكەوە، لە پاڵەوانی فیلمە سینەمایەكانی دەكرد، ئەوەی ترس بوو بە رووخسارییەوە نەدەبینرا، دواتر ڕۆچوونە نێو بێدەنگییەوە.

دوای كەمێك بێدەنگی كوڕەكە پرسیاری لێكرد:

تۆ بە تەنیا لێرە دەژیت؟

بەڵێ، من لەم هۆتێلەدا كار دەكەم، بە شەوانیش لێرە دەمێنمەوە.

بۆ بە تەنیا لێرە دەژیت؟

ئەمڕۆژەی من لە دایك بووم، دایكم بەسەر منەوە مردووە، پورم ئەركی سەرپەرشتی كردنی منی گرتۆتە ئەستۆی تاكو گەورەبووم، هەر لە لای ئەویش چوومەتە بەر خوێندنەوە، دواتر بە هۆی ئەوەی كە پورم دووبارە شووی كردەوە، من لەو دابڕام،

لەبەر ئەوەی پیاوەکەی رازی نەبوو من لەگەڵیاندا بژیم، بۆیە باوکم خانووێکی بەکرێ گرت و ماوەی چەند ساڵێك بە هەژاری لەو خانووەدا ژیانمان گوزەراند.

ئەوەبوو رۆژێکیان باوکم نەهاتەوە، زۆر چاوەڕێی بووم، بەڵام هەر نەهاتەوە، شەوەکەی بە تەنیا بووم، بۆ بەیانیەکەی زۆربەی دەزگە پەیوەندیدارەکانی شار بەدوایدا گەڕام هیچ هەواڵێکیم نەزانی، ئیدی لە دۆزینەوەی بێ ئومێد بووم، خاوەنی خانووەکەش چەندین جار هاتەسەرم بە بیانووی ئەوەی ناتوانم کرێی خانووەکەی بدەمێ، دەبێ لە خانووەکە دەرچم، دواتر لە نیوە شەوێکی باراناویدا هاتەسەرم و داوای هەرچی کرێ قەرزەکان هەبوو کردی، بەڵام نەمبوو بیدەمێ، ویستی دەستدرێژی سێکسیم بکاتە سەر، بەڵام بە هەرچی شێوەیەك بوو نەمهێشت، بۆ بەیانیەکەی بەرێکەوت هاتم بۆ ئەم هۆتێلە تاکو کارێك بدۆزمەوە، ئەوەبوو خاوەن هۆتێلەکە وەکو چێشتلێنەر لە چێشتخانەکەدا دایمەزراندم، بەڵام دوای ماوەیەك لە کارکردنمدا هەستم کرد داوای شتی دیکەم لێدەکات، ئەوەبوو لەچێشتخانەکە دەریهێنام و بێ کارێکی دیاریکراو لە هۆتێلەکەدا هێشتمییەوە، جاری وابوو شەوان وەکو کەسێکی تایبەتی بۆ میوانە تایبەتییەکانی خۆی دەیدامە دەست کەسانێکەوە، لەسەرەتادا بەم کارە رازی نەبووم، بەڵام دواتر قەبووڵم کرد، لەبەر ئەوەی  هیچ شوێنێك نەبوو تێیدا بژیم.

تکات لێدەکەم وا تێمەگە من خراپ بم، نا من خراپ نیم و هیچ لەزەتێکیش لەم کارە نابینم،  بەڵام لەناچاریدا ئەم کارە دەکەم، تکایە لێم تێبگە، من خراپ نیم، کاتێ لەگەڵ یەکێك رادەبوێرم وا دەزانم لەگەڵ مردووێکدا جووتدەبم، دەبمە پارچەیەك گۆشتی بێ گیان و بێ هیچ ئارەزوویەك خۆم بەدەستەوە دەدەم.

کاتێك کوڕەکە گوێی لەم قسانەی بوو، چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسك و بەروومەتەکانیدا رێچکەیان بەست، هەندێك بیری لەم قسانەی کردەوە، هەستی کرد ئەم کچە ژیانێکی ئاڵۆزتر لەو دەژییێت، بەڵام لەناچاریدا بەم جۆرە ژیان دەگوزەرێنێت.

لەم بیرکردنەوانەدا بوو، لەپڕێکدا یەکێك لە دەرگەی ژوورەکەیدا و دوای ئەوەی کچەکە کردییەوە، یەکێك لەخزمەتگوزارەکانی هۆتێلەکە بوو:



ئەندێشەخان، بەرێوەبەر کاری پێت هەیە، وابزانم هەندێ میوانی تایبەتی هاتوون، دەیانەوێت چاویان پێتبکەوێت، ئەگەر زەحمەت نییە تاکو ژووری بەرێوەبەر بچۆ، ئێستا چاوەڕێی تۆن.

ئەویش وەڵامی خزمەتگوزارەکەی دایەوە:

بە بەرێوەبەر بڵێ ناتوانێ بێت.

خزمەتگوزارەکەش هەندێك تەماشای کرد و حەپەسا، ئەندێشە دووبارە پێی گوتەوە:

پێت دەڵێم نایەم.

دوای چەند لەحزەیەکی کەم بەرێوەبەرەکە خۆی کرد بە ژوورەکەدا و بە توندی قیژاندی بەسەر ئەندێشەدا.

تۆ چۆن دەتوانی من بانگت بکەم نەیەیت، خۆت بیرچۆتەوە کە لەمن پاڕایتەوە تاکو کارێکت بدەمێ تەنانەت بێ بەرانبەریش، بەڵکو تەنیا بهێڵم شەوان لە هۆتێلەکەمدا بمێنیتەوە.

ئەندێشە رێگەی نەدا لەوە زیاتر بەرێوەبەرەکەی قسە بکات، زۆر بە خێرایی کلیلی ژوورەکەی دایە دەست و بە توندی هاواری بەسەردا کرد کە چیتر لەم هۆتێلەدا کار ناکات و هەر ئێستاکەش دەڕوات.

من لەشفرۆش نەبووم، تۆ فێرت کردم، چەند ساڵە لەگەڵ خۆمدا شەڕ دەکەم رۆژێك بێت و لە تۆ دوور کەومەوە، لەبەر ئەوەی جەستەی من وەکو کاڵایەك بەکار دەهێنیت تاکو بگەیتە ئامانجە پیسەکانی خۆت، دوورکەوە لەبەر چاوم.

هەرکە ئەم قسانەی بە بەرێوەبەرەکەی گوت، بە خێرایی وێنەکەی باوکی لە دیوارەکە کردەوە و بێ ئەوەی  هیچ قسەیەك لەگەڵ کوڕەکەدا بکات، گرتی بە قۆڵی و لە ژوورەکەدا دوور کەوتنەوە، رۆیشتە بەردەم ژووری بەرێوەبەرەکە و خۆی کرد بەژوورەکەدا، بە بەر چاوی میوانەکانەوە تفێکی کردە نێو چاوی بەرێوەبەرەکەو ئیدی بێ ئەوەی قسەیەك بکات لە هۆتێلەکە دەرچوون.

کاتێك گەیشتنەوە نێـو ژووری کوڕەکـە، بـێ ئـەوەی هـیچ قـسەیەك لەگـەڵ یەکتریـدا بکـەن، کوڕەکـە وێنـەی کوندەپەپووکـەی لەدیوارەکـە داگـرت و کتێبـەکانی کـۆکردەوەو جلەکانی خستە نێو نایلۆنێکی گەورەوە و خۆی ئامادەی ڕۆیشتن کرد، ئەندێشە هەسـتی بەوە کرد ئەویش دەیەوێت بۆ یەکجاری ئەم هۆتێلە جێبهێڵێـت، کوڕەکـە بێدەنگیەکـەی نێوانیانی شکاند:

کـەمێك چـاوەڕێم بکـە تـا لای بەرێوەبەرەکـەم دەچـم، منـیش وەکـو تـۆ چـیتر لـەم هۆتێلەدا کار ناکەم، هەرچەندە من لێرە هیچ گـرفتێکم نییـە، بـەڵام حـەز دەکـەم لەگـەڵ تۆدا بۆ یەکجاری بـچمەوە نێـو باخـچەکەی بـاوکم و لـەو تـەنیا ژوورە بـچووکەی لـە نێـو باخچەکەدایە ژیانێکی تازە دەست پێبکەین.

# ٧
# سێبەرەکانی جەنگ

### کتێبێك لێکدەترازێت

لە نزیکی خانوویەکی نیوە ڕووخاودا، لەسەر شەقامێکی وشك و تۆزاویدا کتێبێك لێکدەترازێت، بۆی دەچەمێتەوە، لاپەڕەیەك دەگرێتە دەست و بەتووڕەییەوە دەیخوێنێتەوە: جەنگ جوانییەکان دەشێوێنێت و ژیان ئاوێتەی مردن دەکات.

**لاپەڕەی دووەم**

تارماییەك ئاسمان دادەپۆشێت، تفەنگەکان ئامادەکرێن، دەرگەی مزگەوتەکان دەخرێنە سەر پشت، تاتەشۆرەکان خاوێن دەکرێنەوە، لە هەموو لایەکەوە باڵندەکان هەڵدەفڕن و لە نێو تەمدا بزر دەبن، گێژەلوکێکی تووڕە لە بیابانەوە دێت هەرچی کتێب و کاغەز و پێنووس هەیە هەمووی لەگەڵ خۆیدا دەبات، دەرگەو پەنجەرەکان بەتوندی دادەخرێن، کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکی ڕوو لە پێدەشتەکان دەکەن و جەنگاوەرەکانیش بە نێو شاردا بڵاودەبنەوە.

**لاپەڕەی سێیەم**

کچێك بە جەستەیەکی نیوە ڕووتەوە لە نێو باخچەیەکی سەوز پۆشدا پیانۆ لێدەدات، بە هۆی ئاوازی سیمفۆنیاکەوە ڕوودەچێتە نێو خەیاڵەوە، هێدی هێدی گیانی خاودەبێتەوە، کەنارییەك لەسەر پیانۆکە هەڵدەنیشێت.

دەستی بۆ درێژ دەکات، هەڵدەفڕێتەوە، بەدەوری باخچەکەدا دەسوڕێت و لە هەمان شوێندا دەنیشێتەوە، لە نێو چاویدا بەرائەت دەبینرێت، بە ئاسپایی دەست بۆ شووشەکەی تەکی دەبات و پێکێك شەراب دەنۆشێت و زێتر ڕوودەچێتەوە نێو خەیاڵەوە.

دەنگی چەند تەقەیەکی بەر گوێ دەکەوێت، ڕادەچڵەکێت، لەو سەری باخچەکەوەش چەند کەسێك بەرەو ڕووی دێن، لە نزیکی ئەودا خۆیان لە نێو درەخت و گوڵەکان حەشار دەدەن، پێدەچێت کەسانێك بەدوایانەوەبن! تفەنگەکانیان بەدەستەوە گرتبوو، بەترس و خەمبارییەوە پیانۆکەی جێهێشت و گەڕایەوە نێو کۆشکەکە.



لە پەنجەرەکەوە تەماشای کردن، چەند کەسێکی تریش بەرەو لای ئەوان دەهاتن، لە هەموو لایەکەوە دەنگی تەقە دەهات، یەك لە دوای یەك بە ڕووخساری خوێناوییەوە دەکەوتنە سەر زەویەکەوە، دوای کەمێك دەنگی تەقە نەما، بە خێرایی گەڕایەوە لای پیانۆکە، جەنگاوەرەکان کوژرابوون، کەنارییەکە لە نێو خوێناودا پەلەقاژەی دەکرد، پیانۆکەش لەبەر خۆیەوە سیمفۆنیای جەنگی لێدەدا.

**لاپەڕەی چوارەم**

دارستانێك ئاگر دەگرێت، لە نێو دووکەڵەکەشیدا جۆرەها زیندەوەری فڕندەو بێباڵ بەدەوری خۆیاندا دەخولێنەوە، چەند زەڕنەقوتەیەك دەسووتێن، هەندێ مێرووڵەش بە خێرایی و ترسەوە ئەوێندەر جێدەهێڵن، هاواری یەکێك لە بریندارەکانی جەنگ بەرز دەبێتەوە، بەمێروولەیەك دەڵێت: جێم مەهێڵە.

**لاپەڕەی پێنجەم**

چەند ڕۆژ دەبێت پیرەژنێك چاوەڕێی گەڕانەوەی کوڕەکەیەتی، ئارامی نەماوە، لە پەنجەرەوە دەڕوانێتە ئەو شەقامەی کوڕەکەی بۆ جەنگ پێیدا ڕۆیشت، دەچێتەوە ژوورەوە، ئەلبوومەکەی دەکاتەوە، تەماشای یەك بە یەکی وێنەکانی نێوی دەکات، وێنەیەك سەرنجی ڕادەکێشێت، وێنەی کوڕەکەیەتی، چەند پاسەوانێکی تفەنگ بەدەست لەپشتییەوە وەستاون، هەندێ لێیان ورد دەبێتەوە، یەکێ سەرنجی ڕادەکێشێت، ئەو کەسە بوو لە کاتی جەنگەکاندا سەری چەندین کەسی لە لاشەیان جیاکردبۆیەوە.

هەرکە لە کۆڵان گوێی لە هاوار و دەنگێکی زۆر بوو، یەکڕاست ئەلبوومەکەی داخستەوە، بە خێرایی خۆی گەیاندە کۆڵانەکە، لە ماڵی هاوسێکەیان دەنگی گریان دەهات، چووە نێو خەڵکەکەوە، تەرمی ئەو جەلادەبوو کە لە وێنەکەدا بینی بووی، ئەژنۆکانی شکێندرابوو، چاوێکیشی دەرهێندرابوو، لەبەر خۆیەوە گوتی:

چاوەڕوانی خەریکە دەمخوات! خۆزگە کوڕەکەی من بووایە، بەڵکو چیدی چاوەڕێی گەڕانەوەی نەدەبووم.

**لاپەڕەی شەشەم**

دەنگی مۆسیقایەکی خەمناک لە ژوورەکەیەوە بەرز دەبێتەوە، لە پەنجەرەوە تەماشایەکی نێو باخچەکە دەکات و گوڵەکان بەژاکاویی دەبینێت، لە کاتژمێری قەد دیوارەکە ورد دەبێتەوە، هێندەی نەماوە گوڵەبەڕۆژە فرۆشەکە بگاتەجێ، تەماشای کتێبخانەکەی دەکات، ئاو بەچاوەکانیدا دێتە خوارەوە.

کتێبێک دادەگرێت و ماچێکی دەکات، زەنگی دەرگەکە لێدەدات، بە خێرایی دەرگەکە دەکاتەوە، گوڵەبەڕۆژە فرۆشەکە بوو کە بەڵێنی فرۆشتنی کتێبەکانی پێدابوو، بە ساردییەوە سڵاوێکی کردو هاتە حەوشەوە، دواتر چووە ژووری کتێبخانەکەوە، هەندێ کتێبی گرتە دەست و بۆ دەرەوە هەنگاوی هەڵێنا، پاشان تەواوی کتێبەکانی خستە سەر عەرەبانەکەیەوە، لە گیرفانیدا هەندێ دراوی هێنایە دەر و خستییە نێو دەستییەوە.

**لاپەڕەی حەوتەم**

دونیا بەرەو کازیوە دەڕۆیشت، یەکێک بە توندی لە دەرگەیدا، ئەویش بە خێرایی و ترسەوە بە مەبەستی کردنەوەی دەرگەکە ڕێگەی گرتەبەر، یەکێک لە هاوڕێکانی مێردەکەی بوو، بەگریانەوە هەواڵی کوژرانی ئەوی بۆ هێنابوو:

پیاوەکەت دوای شەڕکردنێکی زۆر ئیدی بە بریندارى کەوتە دەست جەللادەکان و پارچە پارچەیان کرد، هەنووکە لاشەکەی لە بیابانێکدا فڕێدراوەو بۆتە خۆراکی سەگ و ئاژەڵی کێوی.

چاوەکانی پڕبوون لەئاو، لە هۆشخۆی چوو، کاتێک بەئاگاهاتەوە، پیاوەکە نەمابوو، منداڵەکانیشی لەسەر سەرییەوە وەستابوون، پێدەچوو لە هیچ حاڵینەبووبن.

**لاپەڕەی هەشتەم**

ئۆتۆمبێلێک بە بەردەم ئەو باخچەیەدا ڕێگەی دەبڕی کەوا ماوەیەک لەمەوبەر دوو کەسی تێدا کوژرابوون و تەرمەکانیشیان بە پارچە پارچە کراوەیی لە ژێر درەختەکان فڕێدرابوون.



لەسەر ئۆتۆمبێلەکە یەکێک چاوەکانی بۆ داوە دەگێڕا، هەندێ جاریش سەیری ئەو منداڵەی باوەشی دەکرد کە بە هەمان شێوەی دایکییەوە چاوەکانی لەو ڕێگەیە بڕیبوون کە پێیدا تێپەڕیبوون.

لە نێو باخچەکەدا پیاوێکی بە ساڵداچوو خەریکی بڕینەوەی کالیبتۆسەکان بوو، خێزانەکەشی بەشڵەژانەوە بەرەو ڕووی هات و گوتی:

ئەرێ پیاوەکە، پێدەچێت نەتزانی بێت زۆرێک لەو خەڵکانەی دەوروبەرمان ناوچەکەیان جێهێشتووە، تۆش لە جیاتی ئەوەی لە مەترسی هاتنی سەربازەکان دوورمان خەیتەوە، خۆت بە بڕینەوەی ئەو درەختە جوانانە خەریك کردووە.

واز لەبڕینەوەیان بێنە، خۆ ئەگەر ئێمەش جێیان بهێڵین خەڵکی دیکە سوودیان لێوەردەگرێت، جیاوازی لە نێوان ئێمە و کەسانی تردا نییە، با ئێرە جێبێڵین، چونکە هێندەی نەماوە سەربازەکان بگەنە ئێرە.

پیاوەکەش بەماندووبوونەوە گوتی:

ئافرەت، من بە درێژایی ئەو ساڵانەی ژیاوم لە مردن نەترساوم، چ پێویست دەکات لێی بترسم، مردن ئەوە نییە مرۆڤ لێی بترسێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت لە بەرانبەریدا خۆڕاگربین و بۆ هەمیشە ملکەچی نەبین.

لە کاتی بڕینەوەی کالیبتۆسەکاندا ئەو خەڵکانەم بینیوە ماندوو ماندوو بێرەدا تێپەڕیون و سەیری دواوەی خۆیان دەکرد، دڵنیام لەوەی حەزیان بە هەڵاتن نەبووە، بەڵام باهۆزی ترس پاڵی پێوە دەنان کەوا ئەو ڕێگە دوورە بگرنەبەر و لە نێو یادەوەرییەکانیاندا بخولێنەوە.

بێگومان لە مردن دەترسن، بۆیە ڕێگەی ژیان دەبڕن، باشتر لەوان لە نهێنی ئەو وشەیە تێگەیشتووم، بۆیە من لە مردن ناترسم.

دووبارە ژنەکە گوتی:

کەسی قارەمان لە کاتی تەنگانەو جەنگەکاندا بەوە دەناسرێتەوە کە بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نەدات و درێژە بە مانەوەی بدات، هەرکە کەسێك دەکوژرێت بێگومان لایەنی بەرانبەر بەسەریدا زاڵبووە.

بە بێزارییەوە تەورەکەی داناو خێزان و منداڵەکانی دایە دوای خۆی و لە باخچەکە دوور کەوتنەوە. کۆمەڵێك سەرباز بە نێو باخچەکەدا بڵاو بوونەوە، بە خێرایی ژێر درەختەکانیان پشکنی، هەر جارەو لە شوێنێکەوە دەنگی تەقە بەر گوێ دەکەوت، هەندێ سەرباز هەڵیان کوتایە نێو خانوویماڵەکەوە، وێنەیەك لەبەر دەرگەکە کەوتبوو، تۆز و خۆڵ داپۆشی بوو، یەکێك لە سەربازەکان هەڵیگرتەوەو بە وردی لێی ورد بۆیەوە، وێنەی منداڵێك بوو، بە هۆی سەیرکردنییەوە کەوتە نێو خەیاڵەوە، ڕووخساری منداڵەکەی خۆی کەوتەوە بیر، سەربازەکانی تریش سەرقاڵی سووتاندنی ماڵەکەبوون، لە نێویاندا دەنگی ژەنەڕاڵەکەیان بەرز بۆیەوە:

تەواوی شتەکان بسووتێنن، پۆشاك، دار، بەرد، هەرچی هەیانە مەیهێڵن.

بە خێرایی بەرەو لای هات و وێنەکەی خستە ژێر پۆستاڵەکەیەوە، ئێستاکە کەی وادەی ئەوەیە تۆ بەدیار ئەو وێنەیەوە خەوبتباتەوە، من دڵنیام تۆ چاوەڕوانی سەرکەوتنت لێ ناکرێت.

سێرەی دەمانچەکەی لە نێوان چاوەکانی ڕاگرت و سەربازەکەش بە تووڕەییەوە تەماشای نێو چاوەکانی ئەوی دەکرد، ماوەیەك بەرەو ڕووی یەکدی وەستان، پاشان گوللەیەکی تەقاندە نێوان چاوەکانی و خوێن ڕژایە سەر وێنەکەو دواتر لە نێویدا بزربوو.

لە کاتی خوێندنەوەی لاپەڕەکەی دەستیدا، ماشێنێکی پڕ لە جەنگاوەر بەلایەوە تێپەڕی، کەوتە نێو تۆز و خۆڵەوە، کاتێك بەر چاوی کەمێك روون بۆیەوە، پەڕەکەی دەستی نەمابوو، کتێبەکەش زێتر لێکترازابوو.

# کتێبەکان دەسووتێن

کۆڵانەکانی شار بۆنی کوشتن و خوێنیان لێدەهات، ڕووخساری مرۆڤەکان ئاسایی نەبوو، لەشیان لە نێو جلی تایبەت بە جەنگ پێچابۆیەوە، گروپ گروپ بە نێو کوچە و کۆڵانەکانی شاردا بڵاو ببوونەوە، سروودە ئاگرینەکانی جەنگیان دەگوتەوە، هەر گروپە و سروودێکی جیاوازی لەوانی دیکەی دەچڕییەوە، هەندێ جاریش گوللەیان بە یەکەوە دەنا و یەکتریان دەکوشت.

دەرگەی حەوشەکەی داخست و چووە ژوورەوە، هەندێ لە شتەکانی ژوورەوە ورد بۆیەوە، پاشان دەستی بۆ گیرفانی برد و شخارتەیەکی دەرهێناو مۆمێکی داگیرساند، پەردەی پەنجەرەکەی دادایەوە، لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکە، کتێبێکی هێنایە خوارەوەو ماوەیەك خەریکی خوێندنەوەی بوو.

یەکێك بە توندی لە دەرگەی حەوشەیدا، دووبارە لێیدایەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی:

دەبێ کێ بێت؟ لەم مەملەکەتە نایەڵن مرۆڤ کەمێك بە ئارامی بیر بکاتەوە، خۆ ئاریشەکان هێندە زۆرن، مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی بەسەریاندا زاڵ بێت.

منداڵی هاوسێکەیان بوو، چاوەکانیان بەرانبەر یەك مۆڵەق وەستان، دوای بێدنگییەك بە هەر شێوەیەك بوو توانی چەند قسەیەکی لەگەڵدا بکات.

فریامان کەوە، خێرا بگەرە هانامان.

بۆ ڕۆڵە چی ڕوویداوە؟

کەمێك بەر لە ئێستاکە تەرمی براکەمیان هێنایەوە، دوو هاوڕێی خۆی بوون، فڕێیاندایە بەر دەرگەو دواتر بە خێرایی ڕۆیشتن.

هەرکە منداڵەکە ڕۆیشت، ئەویش تەواوی دەرگەکانی داخست و بەرەو ماڵی هاوسێکەیان کەوتەڕێ، لەم سەری کۆڵانەکەیاندا دەنگی تەقە دەهات، جاروبارێش لە نزیکیدا گوللەکان بەر شەقامەکە دەکەوتن، هەر چۆنێك بوو خۆی گەیاندە سەر تەرمەکە، کەمێك لێی ورد بۆیەوە، لە نێو ئاگردا سووتاو و ڕەش هەڵگەڕابوو، بە تەواوی نەدەناسرایەوە، هەر ئەودەم چەند کەسێکی بوێر تەرمەکەیان شۆرد و پاشان لە نێو



پارچە پەڕۆیەکی سپی تەنکدا بۆ ئەبەد پێچایانەوە، ئینجا خستییانە دواوەی ئۆتۆمبێلێکی کۆن و دووی تریش بەدوایانەوە بەرەو گۆڕستان کەوتنەڕێ.

کاتێ گەیشتنەوە، شەو بە نیوە ببوو، دیسانەوە دەنگی تەقەی بەر گوێ کەوتەوە، جەنگاوەرەکان سەری کۆڵانەکانیان گرتبوو، هەندێکیان لەبەر دەرگەی ماڵی ئەواندا کۆببوونەوە، وەکو مێرووله بە هەموو جێگەیەکی ئەم شارەدا بڵاو ببوونەوە، بەرەو ماڵ گەڕایەوە، ویستی قسەیان لەگەڵدا بکات، بەڵام هەرچەندی کردی و هێزی دایە بەر خۆی نەیتوانی! کەمێك بە وردی تەماشای کردن، پاشان دەرگەکەی لە داوی خۆیەوە داخست و بە بێدەنگی چووە ژوورەوە.

بە هێواشی خۆی خزاندە نێو پێخەفەکەیەوە، ماوەیەك ڕۆچووە نێو خەیاڵەوە، ئاوێزانی بیرکردنەوەیەکی قووڵ بوو، هەستی بەوە دەکرد جەستەی خاو دەبۆیەوە، خەو هێزی لەبەر بڕی بوو، کەوتبووە نێوانی خەو و بێدارییەوە، پاشان هۆشی لەسەر خۆی نەما و کەوتە نێو خەوێکی قووڵەوە.

دونیا بەرەو ڕووناکی دەچوو، دواتر ڕووناکی لە ژێر پەردەکەوە هاتە نێو ژوورەکەیەوە، بێدار بۆیەوە، چاوی بە نێو ژوورەکەدا گێڕا و لەسەر کتێبخانەکەیدا مۆڵەق وەستا، بیری دەکردەوە، بۆ دوایین جار بڕیاریدا ئەم شارە جێبهێڵێت و لەبەر خۆیەوە ئەم چەند قسەیەی کرد:

مرۆڤ بە دەست خۆی نییە جاری وا هەیە بڕیاری ئاستەم دەدات، ئەگەرچی دەزانێت گرانترین و ناخۆشترین بڕیارێکە داوێتی، بەڵام هەر لەسەری سوور دەبێت، ئاستەمترین بڕیاریش ئەوەیە مرۆڤ بە ناچاری و بە هۆی ترسەوە ماڵ و شار و زێدی خۆی جێبهێڵێت و لە تەنیایی و نامۆییدا ژیان بەسەربەرێت.

هەرکە جەنگ هەڵدەگیرسێت، مرۆڤ وێڵی دوای هەناسەیەکی کورتی ژیان دەبێت، هەموو بیرکردنەوەیەکیشی بۆ مانەوەی لە ژیاندا تەرخان دەکات بۆ ئەوەی کەمێکی تر هەناسە بدات.

هەندێ کتێب و چەند پێنووس و دەفتەری نەنووسراوی خستە نێو جانتایەکەوە، لە مۆمەکە ورد بۆیەوەو پاشان کوژاندییەوە، پەردەکەی وەك خۆی هێشتەوە و جانتاکەی گرتە دەست و بە نابەدڵییەوە لە ژوورەکەی دەرچووە دەرەوە، دواتر دەرگەکەی کلۆمدا و ڕێگەی دەشت و دەری گرتەبەر.

لە شار دوور کەوتەوە، بۆ دوایین جار ئاوڕێکی دواوەی دایەوە، تەنانەت وێنەی هیچ باڵەخانە و خانووێکی بەرچاو نەکەوت، لە جاران خێراتر ڕێگەی گرتەوەبەر، بەدەم ئەندێشەی سەیرەوە ڕێگەی دەبڕی و بیری لەو کەسانە دەکردەوە کە یەکتری دەکوژن، نازانم بۆ ئەوانە ڕێز لە یەکتری ناگرن! چ بێ ویژدانی و تاوانێکە مرۆڤ کەسانی دیکە بە کەم بزانێت و مافی ژیانی پێ ڕەوا نەبینێت!

لەم ژیانە جەنجاڵەدا، هەزاران کەس ڕۆژانە بەدەستی یەکترییەوە دەکوژرێن و لاشەکانیان فڕێدەدرێنە نێو خەڕەند و ئۆقیانووسە قووڵەکانەوە، مرۆڤەکان خۆشیان نازانن بۆچی یەکتری دەکوژن و سووکایەتی بەرانبەر بە یەك دەکەن.

جەنگ و خوێن ڕشتن سەراپای شاری گرتبۆیەوە، هیچ چارەیەکی دیکەی لەپێشدا نەمابوو جگە لە دوور کەوتنەوەی نەبێت، نەیدەتوانی چیتر لە نێو ئەو هەموو ئاشوب و خوێن ڕشتنەدا بژیەت، ویژدان ئازاری دەدا هەرکە دەیبینی مرۆڤ هەوڵی سڕینەوەی ژیانی کەسانی دیکەی دەدات.

لە دوورەوە دوو کەسی ڕەشپۆشی بینی، لەوەی دەکرد لەگەڵ یەکتریدا خەریکی شەڕکردن بوون، لێیان نزیك بۆیەوە، دوو پیرەژن بوون بە دیار تەرمێکەوە شەڕیان دەکرد و ئاگایان لە کەس نەبوو، یەکێك لە ژنەکان دەیگوت:

ئەو تەرمە هی کوڕەکەمە، وەیش چاوم کوێرایی دابێت، ڕۆڵە چەندم پێگوتی مەڕۆ بۆ ئەم جەنگە نەفرەتییەوە، بەڵام بە قسەی نەکردم و بەدڵێکی پڕ لە ڕقەوە ڕۆیشت.

پیرەژنەکەی تریش تەرمەکەی بە کوڕی خۆی دەزانی، بەشێوەیەك تەرمەکە شێوێندرابوو، تەنانەت نزیکترین کەسی خۆشی نەیدەناسییەوە! هیچ گیانلەبەرێك وەکو



مرۆڤ نییە هەرکە دەمرێت، دوای چەند لەحزەیەك ئیدی ڕەنگ و ڕووی دەشێوێت و بۆگەن دەکات، خۆ ئەگەر بێت و توانای قسەکردنی هەبێت ئەوا هاوار دەکات:

هۆ خەڵکینە، لە پێش چاوی زیندووە دەروون نەخۆشەکان دوورم خەنەوە، من تازە بە کەڵکی هیچ نایەم، بۆ پووچی و ونبوون باشم، دڵنیام لەوەی لە ژێر خاك وشك و دەبم بە هیچ!

بە دیاریانەوە وەستا، ئەوان هێشتا نەیاندەزانی کەسێك لە نزیکی ئەواندا وەستاوە، بۆیە لەگەڵیاندا کەوتە قسەکردن، سڵاوی لێکردن، ڕاچڵەکین، خەریك بوو بەهۆی ترسەوە لە هۆشخۆیان بچن، تەماشایەکی کردن، ئەوانیش تەماشای ئەویان کردەوە، چاوەکانیان بەرانبەر یەکتری مۆڵەق وەستان.

نەرم ، نەرم ئاو بە چاویاندا دەهاتە خوارەوە، خۆی بۆ نەگیرا و دواتر ئەویش وەك ئەوان فرمێسکی بەچاودا هاتە خوارەوە، ماوەی چەند خولەکێك بە بێدەنگی و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە لە یەکترییان ڕووانی و پاشان بە گریانەوە گوتی:

پێویست بەم شەڕکردنە ناکات، ڕاست بڵێن ئەو تەرمە کوڕی کامتانە؟! چونکە من دەمێکە گوێم لێ گرتوون، هەردووکتان ئەو تەرمە بە کوڕی خۆتان دەزانن، خۆ ناکرێت ئەو تەرمە دوو دایکی هەبێت! بۆی هەیە هەر بە شێوە لە کوڕەکانی ئێوە بچێت! زۆر لە مرۆڤەکان هەر بەشێوە لە یەك دەچن، کێ دەڵێت کوڕی کەسێکی دیکە نییەو ئێوە نایزانن!

یەکێك لە پیرەژنەکان بە بێزارییەوە هاتە وەڵام:

دڵنیام لەوەی ئەو تەرمە کوڕەکەی منە و ئەو ژنە دەیەوێت لێمی زەوت بکات، چەند ڕۆژێك بەر لە ئەمرۆکە لەگەڵ کوڕەکەیدا بۆ جەنگ ڕۆیشتن و چیتر بە زیندوویی نەمان بینینەوە، ئەوەتا پاش ئەو ماوە زۆرە لێرەدا دۆزیمەوە.

پیرەژنەکەی تریش بە تووڕەییەوە وەڵامی پیرێژنەکەی دایەوە:

ئەو قسانە ڕاست نین، بە هەڵەداچووە، من کوڕەکەی ئەو باش دەناسمەوە، بە هەڵە دەیەوێت تەرمی کوڕەکەم بکات بە هی کوڕەکەی خۆی.

ئەویش خۆی پێ ڕانەگیرا و دەستی کرد بە گریان، هەردوو پیرەژنەکەش لەگەڵ ئەودا دەستیان کرد بە گریان.

تەماشای چواردەوری خۆی کرد، کۆمەڵە سەگێك لە نزیکیان وەستابوون، پێدەچوو سەگەکان لە چاوەڕوانی ئەوەدابووبن ئەو ناوە چۆڵ بێت و دواتر بێنە سەر تەرمەکەوە.

ماوەی چەند خولەکێك بە بێدەنگی لە یەکتریان ڕووانی، دواتر ئەو بێدەنگییەکەی نێوانیانی شکاند:

ئێوە هەردووکتان ئەم تەرمە بە کوڕی خۆتان دەزانن، بۆ ئەوەی هیچ لایەکتان نائومێد نەبێت، من پێم باشە هەر یەکەتان لە لای خۆیەوە ئەو تەرمە بە کوڕی خۆی بزانێت، هەر ئێستا بڕۆن گۆڕێکی بۆ هەڵکەنن و بینێژن، ئینجا زوو زوو بڕۆنە سەردانی، هەر کاتێکیش تەرمەکەی دیکەتان دۆزییەوە ئەوسا نهێنیی ئەو تەرمەتان بۆ ئاشکرا دەبێت و دەزانن کوڕی کامتانە!

من دڵنیام ئێوە بۆ ناسینەوەی ئەو تەرمە بەڵگەیەکی تەواوتان لەبەر دەستدا نییە، ئەگەر ئەو نهێنییە ئاشکرا نەبێت، بۆی هەیە لە ئاییندەیەکی زوودا هەرچی دایکانی کوڕ بزربووی ئەم مەملەکەتە هەیە ئەوانیش ئەو تەرمە بە کوڕی خۆیان بزانن! باشترین شتیش ئەوەیە هەر یەکەتان لە لای خۆیەوە بە کوڕی خۆی بزانێت، دڵگران مەبن، ئەوە کوڕی هەموو دایکانی کوڕ بزر بووی ئەم هەرێمەیە.

هیچ کامێك لە پیرەژنەکان بەرانبەر بە قسەکانی ئەو ناڕەزاییان دەرنەبڕی، پێدەچوو لەسەر ئەوە کۆکبووبن هەردووکیان تەرمەکە بە کوڕی خۆیان بزانن.

تەرمەکەیان هەڵگرت و بەرەو شار گەڕانەوە، بۆ دوایین جار بوون بە دوو تارمایی و لە چاودا ونبوون.

تەواوی کتێبەکانی خوێندەوە، بڕیاریدا هەندێ کتێبی دیکە بهێنێت، ڕێگەی شاری گرتەبەر، نزیکی گۆڕستانەکەی لێوار شار بۆیەوە، هێندەی پێنەچوو گەیشتە نێو گۆڕستانەکە، لە نێو کێڵەکاندا دوو مرۆڤی ڕەشپۆشی بینی، کەمێك لێیان ورد بۆیەوەو دواتر زانی هەمان پیرەژنەکانی ئەو ڕۆژە بوون لەسەر تەرمەکە بەشەڕ هاتبوون، ئێستا



لەسەر گۆڕێك دەگریان، بەئاسپایی بەلای گۆڕستانەکەدا تێپەڕی، بەڵام پیرەژنەکان هەستیان بەهاتنی ئەو نەکردبوو، بۆ دوایین جار ئاوڕێکی نێو گۆڕستانەکەی دایەوە، پیرەژنەکان هێشتا بەدیار گۆڕەکەوە بوون، دیسانەوە ڕێگەی گرتەوەبەر، دەنگی تەقەی دەهاتەوە گوێ، ئاسمانی شار بە هۆی دووکەڵی چەکە قورسەکان ڕەش دەچۆیەوە.

خۆی گەیاندە نێو کۆڵانەکانی شار و ئیدی بەرەو ماڵ گەڕایەوە، بەشێوەیەکی سەیر خەڵکی تەماشایان دەکرد، سڵاوی لە هەر کەسێك دەکرد بەساردییەوە وەڵامییان دەدایەوە، دەرگەی حەوشەکەی کردەوەو چووە ژوورەوە، دڵی داخوورپا، دەرگەی ژوورەکەی بەکراوەیی بینی، لەبەر خۆیەوە کەوتە قسە کردنەوە:

دەبێ کێ ئەو دەرگەیەی کردبێتەوە؟ خۆ من بەچاکی کلۆمم دابوو، چووە ژوورەوە، پێخەفەکانی بەشێوەیەکی ناشیرین بە نێو ژوورەکەدا بڵاو ببوونەوە، هەرچی شووشە کریستاڵییەکان هەبوو هەموویان بەشکاوی لەم ناوەدا کەوتبوون.

بە پەلە پەروزێ چووە ژوورەکەی دیکەو بەرەو کتێبخانەکە ڕۆیشت، هەموو کتێبەکانی سووتێندرابوو، دڵی تەنگ بوو، بە دیار کتێبە سووتاوەکان ئەژنۆی داچەماندەوە، چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسکی خوێناویی، لە هۆشخۆی چوو، کاتێك بەئاگاهاتەوە لە کۆڵاندا دەنگی جەنگاوەرەکان و تەقە دەبیسترا!

٢٠٠٥/٢/٥

# باران بە خوڕ دەباری

خەریکی خوێندنەوەی کتێبێك بوو، چراکەی رووناکییەکی کەمی بە دێڕەکانی نێو کتێبەکە دەبەخشی، بەڵام دەیتوانی دێڕەکان بخوێنێتەوە، دەنگی بارانـاو دەهاتە گوێیەوە، بەو نیازەی کە چیرۆکێك لە بارەی مردنەوە بنووسێت، دەستی لە خوێندنەوەی کتێبەکە هەڵگرت، بەڵام دوای چەند لەحزەیەك ئیدی پەشیمان بۆیەوە، چونکە ئەو چێژە زۆرەی لە خوێندنەوەکە وەریدەگرت، بووە هۆی ئەوەی نەتوانێت بە ئاسانی دەستبەرداری خوێندنەوەکە بێت.

ئەمجارەیان بڕیاری ئەوەیدا بە هەر شێوەیەك بێت، دەبێ چیرۆکەکە بنووسێت، دەستی دایەوە پێنووسەکەی و چەند ڕستەیەکی ناتەواوی لە چیرۆکەکە نووسی، هەرچەندی لە کاتی نووسینی چیرۆکەکە بیری دەکردەوە، هێندە رۆدەچووە نێو ترسێکی کۆنی سەردەمی منداڵییەوە، دواتر بە هۆی ترسەکەوە دەستی لە نووسینی چیرۆکەکە هەڵگرت و رۆچووە نێو ترسی مردنەوە کە لە منداڵییەوە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیدا هاتۆتە پێشەوە و تا ئەم لەحزەیەش گیرۆدەی خۆی کردبوو.

هەرکە خزمێکی یان دراوسێیەکیان دەمرد، ئیدی تارمایی ترسێکی قووڵ، نێو ماڵ و باخچە و کۆڵانەکانی شاری دەتەنییەوە، گۆڕستانەکان ترسناکترین شوێنێك دەبوون بەلای ئەوەوە، وای لێدەهات لە هەموو شتێك سلی دەکردەوە، تەنیا بیری لای مردن بوو، نان و ئاوی لە خۆی حەرام دەکرد، شەوان بە تەنیا نەیدەوێرا پیاسەیەك بە نێو باخچە و کۆڵانەکانی شاردا بکات، ئەوەی زیاتر دەبووە هۆی ترسانی لە مردن، ئەوەبوو خەڵکی وێنەیەکی ترسناکی ئەودیوی مردنیان پێشاندەداو باسی جۆرەها شتی نهێنی و نەبینراویان بۆ دەکرد، بگرە وەکو ئەوە وابوو خۆیان پێشووتر مردبوون و جارێکی دیکە زیندووبوونەتەوە وا بەم شێوەیە باسی ئەودیوی مردنیان دەکرد!

ژوورەکەی بۆنی مردنی لێ دەهات، هەندێ تەماشای دەوروبەری خۆی کرد، رۆچووە نێو بیرکردنەوەوە، هێندەی زانی جیڕەیەك لە دەرگەکەیەوە هات، لە جیڕەی کردنەوەی ئەو دەرگەیەی دەکرد پیاو خراپێك لە نیوە شەوێکدا بە مەبەستی دزی بیکاتەوە، ڕاچڵەکی، بەقەد هێندەی درێژی پێنووسێك دەرگەکە کرایەوە، بە شڵەژانەوە لە



شوێنەکەی خۆی هەڵسایەوە، ئیدی دەرگەکە بە تەواوی کرایەوە، هاوسەرەکەی بوو، تەماشایەکی وردی یەکتریان کرد و کەمێك ئاسایی بۆیەوە، ترسێکی قووڵ، بە رووخساری هاوسەرەکەیەوە دیار بوو، پاشان هاوسەرەکەی بە خەمبارییەوە گوتی:

ئەرێ پیاوەکە، دیارە نەتزانیوە، بەم درەنگانی شەوە، حاجی مردووە، چاوانم کوێراییان دابێت خۆ حاجی هێشتا لە سەرەخۆ بوو، تەنانەت جارێکیش نەمزانیوە ئەو پیاوە نەخۆش کەوتبێت، نازانم بۆ وا لە پڕێکدا مرد؟!

دڵی داخورپا، چەند لەحزەیەکی کەم هەستی لە خۆی ڕاگرت و دواتر وەڵامی دایەوە:

ژنەکە، بڕوابکە نەمزانیوە، خۆت دەزانی من شەوانە بە قووڵی خەریکی خوێندنەوە و نووسین دەبم، ئیدی چ ئاگایەکم لەوە دەبێت لە دەرەوە چی روودەدات، نیگەران مەبە، گریانی ناوێت، ئێمەش دەمرین، تا مرۆڤ هەبێت، مردنیش دەبێت، هەر ئێستاکە دەچم بۆ ماڵی حاجی، بەڵام باش بوو بیرم کەوتەوە، با منداڵەکان نەزانن حاجی بەم درەنگانی شەوە مردووە، چونکە بۆ باری دەروونیان باش نییە، لەوانەیە بترسن، پێویستە لە دەرفەتێکدا بیزانن.

بە پەلەپرووزێ، جلی دەرەوەی پۆشی، باران بە خوڕ دەباری، سەرما تەزووی بە لەشیدا دەهێنا، نزیکی ماڵی حاجی بۆیەوە، دەنگی گریانی ژنان دەهاتە گوێیەوە، دواتر خۆی بە ماڵی حاجی داکرد، هەندێ کەس بە چواردەوری یەکتریدا کۆبووبوونەوە و هەندێکیش بە نێو حەوشەکەدا لە هاتووچۆ دابوون، خۆی گەیاندە سەر تەرمەکەو چەند خولەکێکی کەم لێی ڕاما، خەریك بوو رۆبچێتە نێو ترسەوە، بۆیە رووی وەرگێڕا و تەماشای خەڵکەکەی کرد لە نێویاندا پیاوێکی ڕیشنی کەوتە بەر چاو کەوا بەرەو تەرمەکە دەهات، هەرکە گەیشتە سەر تەرمەکە، یەکڕاست کتێبەکەی دەستی کردەوە و دەستی کرد بە خوێندنەوەی، هەندێ لەوانەی لای تەرمەکەوە بوون، بێدەنگ بوون، ئەویش درێژەیدا بە خوێندنەوەی کتێبەکە، ئیدی بێزاری گرتییەوە و لەبەر خۆیەوە کەوتە قسەکردن:

تازە ئەو مردووە، چ پێویست دەکات، ئامۆژگاری بکرێت، ئەو ئێستاکە لە هەموو شتێك بێ ئاگایە، وەکو ئەوە وایە هەر نەبووبێت، مرۆڤ هەرکە دەمرێت، ئیدی دونیا لای ئەو تەواو دەبێت و هەست بە هیچ ناکات، بە هێواشی رووەو پووکانەوە دەچێت ، بۆ دوایین جار نامێنێت و کۆتایی دێت.

لە پڕێکدا، دەنگی یەکێکی هاتە گوێیەوە، هێنایەوە هۆشخۆی:

رەحمەتی خوداتان لێ بێت، تا رۆژمان بەسەر دانەهاتووە، با بڕۆین گۆڕێکی بۆ هەڵکەنین، مردوو نابێت زۆر بهێڵدرێتەوە، چەندی دوابخرێت زیاتر گوناهمان دەگاتێ.

تاریکی لە لوتکەی ئاوابووندابوو، تا دەهات باران بەخوڕ تر دەباری، تەواوی جلەکانی بەریان بە هۆی قوڕەوە بۆر دەچوونەوە، ماندووبوون تەنگی پێ هەڵچنیبوون، بە هێواشی بەرەو ماڵی حاجی دەگەڕانەوە، هەرکە گەیشتنەوە بە پێچەوانەی ئەوان ئەو بەرەو ماڵی خۆیان کەوتەڕێ، هەرکە گەیشتەوە، جلەکانی گۆڕی و بە پەلەپروزێ رۆیشتەوە هەمان ژوورەکەی خۆی و دەستی دایەوە پێنووسەکەی بۆ ئەوەی چیرۆکەکە تەواو بکات.

# مردنی مۆمەکان

به دیار سووتانی مۆمێکەوە دانیشتبوو، چەند کتێبێك و هەندێ پەڕەی کاغەزی نووسراوی لەبەر دەست دابوو، لەگەڵ هەر دێڕێك نووسین، زیاتر هەستی بە ئازارێکی سەخت دەکرد و هەندێ جاریش بە سەرسووڕمانەوە لە توانەوەی مۆمەکەی بەردەمی خۆیدا دەڕوانی و هەستی بە کۆتایی و دوا ساتە کورتەکانی ژیان دەکرد.

پێنووسەکەی خستە نێو پەنجەکانیەوە و نایە سەر ئەو نیوە دێڕە نووسینەی پێشووتر نەیتوانی بوو تەواوی بکات. ویستی نووسینەکانی تەواو بکات، بەڵام دیسانەوە بۆی تەواو نەکرا و کەوتەوە نێو دەریای سەرسووڕمانەوە، دەستەکانی لەرزە گرتبوونی و هێدی هێدی سەمایان دەکرد، تەماشایەکی مۆمەکەی کردەوە، رووەو تەواوبوون و خامۆشی دەڕۆیشت، چاوەکانی لە ئاست مۆمەکەدا مۆڵەق وەستان، تاکو بە تەواوی کوژایەوە، ژوورەکەی بوو بە تاریکستانێکی بەسام و رووخساری هیچ لە شتەکانی ئەو ژوورەی نەدەهاتە بەرچاو، دەستی بۆ شخارتەکە برد و دەنکێك شخارتەی داگیرساند، مۆمێکی دیکەی ئاگردا، لە پاشماوەی مۆمە مردووەکە ورد بۆوە، زۆر هەوڵی ئەوەیدا بۆ جارێکی تریش دایگیرسێنێتەوە، بەڵام نەیتوانی مۆمەکە داگیرسێنێتەوە!

هەندێ بەدیار مۆمەکەوە بیری کردەوە:

تازە ئەو مۆمە مردووە، ئیدی چۆن جارێکی دیکە زیندوو دەبێتەوەو رووناکی بە ژیان دەبەخشێت! هەر شتێك بوونی هەبێت، ئیدی رۆژگارێك دێت بوونی نامێنێت و کۆتایی بە هەموو جولە و بیرکردنەوەو کارەکانی دێت! بەڵام ئەو شتەی لە دوای مردنییەوە جێدەمێنێت، کۆمەڵێك یادگاری تاڵ و شیرینن بۆ دەوروبەرەکەی جێدەهێڵێت! لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕەوتی ژیاندا، ئیدی یادگارییەکانیش دەسڕێنەوەو بۆ دواین جار کۆتاییان دێت!

تەماشایەکی میلی کاتژمێرەکەی کرد، کات بە هێواشی بەرەو بەیانی دەڕۆیشت، پەردەی پەنجەرەی ژوورەکەی هەڵدایەوە، دونیا کازیوە بوو، مۆمەکە هێشتا دەسووتاو بەرەو لوتکەی پووچی دەڕۆیشت.



تیشکی زیوینی خۆر، بە هێواشی لە پەنجەرەکەوە خۆی خزاندە ژوورەکەوە، مۆمەکە تەواو خامۆش ببوو، هەر بە ئارەزوو ویستی ئەویش داگیرسێنێتەوە، بەڵام دیسانەوە نەیتوانی مۆمی دووەمیش داگیرسێنێتەوە! بۆ ماوەیەك هەستی لە دەوروبەری خۆیدا ڕاگرت و بە قووڵی بیری کردەوە، دواتریش دڵنیابوو لەوەی هەر شتێك لە شتەکان کاتێك دەگاتە جیهانی مردنەوە ئیدی جارێکی دیکە زیندوو نابێتەوە، بەردەوام بەرەو بچووکبوونەوەو نەمانی یەکجاری دەچێت! ئەمەش ڕەوتی ئاسایی سروشتە و هیچ شتێك ناتوانێت بەر بەم ڕەوتە بگرێت کە هەر لە خۆیەوە هاتۆتە بوون.

پێنووسەکەی هێشتا بە دەستەوە بوو، دیسانەوە ویستی دێڕە نووسینەکە تەواو بکات، بەڵام بۆی نەنووسرا، چونکە هێندە پیر و شەکەت ببوو بەهۆی نووسینەوە ماندوو دەبوو، وەك جاران توانای نووسینی نەمابوو.

کەوتبووە نێو دەریایەکی قووڵی بیرکردنەوە لە مردن و تەمەنی بەسەرچووی خۆی، تاکو دەهات هەستی دەکرد بەرەو بێ هۆشی دەچوو، دواتر لە نێو ئەندێشە و بیرکردنەوە لە مردندا خەوی لێکەوت، کەوتە نێو خەوێکی قولەوە، خەونی بە سەدان شتی بێ سەروبەرەوە بینی، دواتر خەونی بە مردنی خۆشیەوە بینی، لەو خەونەیدا لەسەر تاتەشۆرێکدا درێژیان کردبوو، چەند کەسێکی خەمباریش دەیان شۆرد، دواتریش لە پەڕۆیەکی سپییان پێچایەوە، ئیدی بەرەو گۆڕستانیان برد.

خەڵکانێکی تاڕادەیەك زۆر بە دیارییەوە تێکقژقژابوون، هێندەی نەبرد خستیانە نێو گۆڕێك لەو گۆڕانەی ئەو هەمیشە بیری لێدەکردەوە، پاشان هەرچی خۆڵ و بەردی هەڵکەندراوی چاڵەکە هەبوو، هەموویان بەسەر لاشەکەیدا کەڵەکەکرد، تەواوی خەڵکەکەی دەوروبەری لێی نزیکبوونەوە، گوێیان بۆ ئەو کەسەی هەمیشە ئەو قسەکانی بە هیچ نەدەزانی و پێی وابوو لە نێو دەریای خورافاتدا غەڵق بووە ڕاگرت، زۆری گوت، هەمان ئەو قسانەی پێشووتری گوتنەوە، بەڵام ئەو بێ ئاگابوو لەو قسانەی لەسەر گۆڕەکەی کردی، دواتر تەواوی خەڵکەکە گەڕانەوە بۆ ماڵ و سەر ئیش و کاری ئاسایی خۆیان، ئەویشیان لە لای مردووەکانی ئەوێندەر بەجێهێشت، نە بەهەشتی بینی و

نەپەریەکانیش  نایانە باوەشی پڕ لە چێژی خۆیانەوە،  نـە ئـاگری دۆزەخـی بینـی و نـە ئازارەکانی خوداوەندیش! بەڵکو هەستی بە هیچ نـەدەکرد، وەکـو ئـەوە وابـوو کـە هـەر نەبووبێت!

کاتێك هاتەوە هۆشـخۆی، ئیـدی ژوورەکـەی تـەواو ڕووناك ببۆیـەوە، پێنووسـەکەی بەدەسـتەوە نـەمابوو، کـەوتبووە سـەر کاغەزەکانـەوە، مۆمـەکانیش هـەر بـەمردوویی مابوونەوە، هەندێ هەستی لەخۆی ڕاگرت و بە قووڵی بیری کردەوە:

ئـای خـەونێکی خۆشـم بینـی، لـە خەونمـدا مردبـووم، خـۆ ئەوانـەی تائێـستا باسـی مردنیان بۆ کردوومە چەند بەشتێکی ترسـناك و بـە سـامیان باسـکردووە، دڵـم خۆشـە وا دەرنەچوو، ئەوان هەڵەبوون، نە بەهەشتم بینـی و نـەدۆزەخیش، ئـەو دۆزەخـەی هـەموو تەمەنی مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوەو ناهێڵێت مرۆڤ چێژ لە خۆشـییەکانی ژیـان ببینێـت و ئارام بژیەت!

# جەنگ

ئەو ڕۆژەی هەواڵی شەڕمان پێگەیشت، کەمێك دوای هەواڵەکەش گوێمان لە دەنگی تەقە بوو، باوکت لە ماڵەوە بوو، ئیدی ئارامی نەماو چاوەکانی پڕبوون لە خوێن، دەم نادەمێکیش سەیری تفەنگەکەی دەکرد، ئەلبوومی وێنەکانی کردەوەو سەیری وێنەی ئەو سەرکردانەی دەکرد کە لە ڕۆژانی شەڕدا بەیەکەوە گرتبوویان، بەنێو حەوشەکەدا دەهات و دەچوو، دەتگوت ژەنەڕاڵێکی سەربازییەو پلان و هێزەکانی شکستیان خواردووە، لەبەر خۆیەوە قسەی دەکردو دەستی بۆ ئاسمان ڕادەوەشاندو بەخێرایی بەرەو دەرگەی حەوشەکە دەچوو و دەگەڕایەوە، تەماشایەکی کۆڵانی دەکردو دواتر دەهاتەوە، پاشان لە نیوە شەوێکدا کۆڵە پشتەکەی پڕ کرد لەپێداویستییەکانی شەڕ و تفەنگەکەشی گرتەدەست و وەکو هەورە بروسکە لەماڵ دەرچووە دەرەوە.

دوای ڕۆیشتنی چوومە ژوورەکەی، کاغەزێکی لەسەر جێگەکەی جێهێشتبوو، بەهێواشی دەستم دایەو ئیدی کەوتمە خوێندمەوەی:

خەمی منتان نەبێت، دەڕۆم بەشداری ئەم شەڕەش دەکەم، بێ شەڕ و کوشتنی مرۆڤ ناتوانم بەئارامی بژیم، من لە نێو شەڕدا هەست بەبوونی خۆم دەکەم، کوشتنی مرۆڤ چێژم پێدەبەخشێت، هێندە حەزم بەکوشتنی مرۆڤە، جاری وا هەیە خوێنیشی دەنۆشم.

لە نامەکەیدا زۆر شتی تریشی نووسی بوو، باسی لە جۆرەها شەڕ کردبوو، کەسێك بتوانێت ئەو هەموو شەڕە بکات و دەیان مرۆڤ بکوژێت، دەشتوانێت خەمی ماڵ و منداڵەکانی نەبێت، لەوەتەی من ناسیومە دوو قسەی خۆشی لەگەڵدا نەکردووم، تەنیا بیری لە شەڕ و تۆڵەکردنەوە بووە، بۆیە نازانم ئێستاکە لە کوێیەو چی بەسەرهاتووە، هەر خۆی دەزانێت لە کوێیە! خۆ لەوانەیە هەر لە ژیاندا نەمابێت.

دارستانێك دیار بوو، لە نزیکی دارستانەکەش ڕووبارێك سوور دەچۆیەوە، هەر لەوەی دەکرد لاشەی جەنگاوەرە کوژراوەکانیان تێدا شۆردبێت، ترس دایگرت و لەبەر خۆیەوە گوتی:

دوای ئەو تەمەنە زۆرە، ئاوی ڕووبارم بەسووری نەدیوە! دەبێت لەبەرچی ئەو ڕووبارە ڕەنگی خوێنی گرتبێت؟! لەوانەیە مرۆڤی کوژراوی تێدا شۆردرابێت!



لەم ڕۆژگارە نەگریسەدا، مرۆڤ کوشتن هێندە زۆر بووە، لە نێو شارەکاندا ئاوی پاك و بەکار نەهاتوو بۆ شۆرینی تەرمەکان دەست ناکەوێت، کوشتن لای جەللادەکان هێندە پیرۆز بووە، خەریکە دەبێتە کوولتوورێك و دەیپەرستن، زۆرێك لەو شتانەی لای مرۆڤ پیرۆزن و ڕۆژانە کڕنۆشیان بۆ دەبردرێت، لە سەرەتادا خەیاڵ و بیرۆکەیەکی سادەو بچووك بووینە، دوایی گەشەیان کردووەو گەورەبوونە.

بەتەواوی بێ هێز ببوو، بەکزییەوە داوای نانی دەکرد.

ڕۆڵە.. ئارام بگرە، هەر ئێستا دەچم لە نێو ئەو دارستانەدا خواردنت بۆ دەهێنم، تاکو نەگەڕێمەوە لەجێگەکەی خۆتدا بمێنەوە، کەمۆکەیەکی دیکە دەگەڕێمەوە بۆ لات، خۆ تۆ ئێستاکە گەورە بوویت، بۆیە ئارام بگرە تا دێمەوە.

بە پەلەپروزێ بەرەو دارستانەکە کەوتەڕێ، بەدەم ڕێگەوە ئاوڕی لە منداڵەکە دەدایەوەو تەماشای دارستانەکەی دەکردەوە، ڕەنگی ژیانی پێوە نەدەبینی، بگرە هەر دەتگوت گۆڕستانێکە دارەکانیی بێ جولە لەشێوەی کێلێکدا وەستابن، نزیکی دارستانەکە بۆیەوە، بەر لەوەی بچێتە نێو دارەکانەوە، بەوردی سەیرێکی دارەکانی کرد، هیچ شتێکی بۆ خواردن بەرچاو نەکەوت، بەڵام سووڕ بوو لەسەر ئەوەی دەبێت شتێك بدۆزێتەوە. هەندێکی دیکە بەنێو دارەکاندا سووڕایەوە، لە ژێر دارێکدا کۆمەڵێك تەرم کەوتنە بەرچاوی، دڵی داخووڕپا، ئاوڕێکی دواوەی دایەوە، کەسی بەرچاو نەکەوت، بە ترس و شڵەژانەوە بەرەو تەرمەکان ڕۆیشت، لاشەکانیان بەهۆی خوێنەوە سوور دەچوونەوە، جێگەی گوللە بە هەموو شوێنێکی لاشەیانەوە دیار بوو، زیاتر بە وردی تەماشای تەرمەکانی کردەوە، لە نێویاندا تەرمی مێردەکەی کەوتە بەرچاو، شڵەژاو دواتریش دەستی کرد بەگریان و هاوارکردن، جنێوی پیسی ئاراستەی بکوژەکان کرد، هێندە گریا، تاکو هێز و توانای لەبەردا بڕا، ماوەیەك بە دیار تەرمەکانەوە لە هۆشخۆی چوو، منداڵەکەشی خەریك بوو لە برساندا دەمرد، دوایی هاتەوە هۆشخۆی.

تەرمی مێردەکەی چەند هەنگاوێك بەدوای خۆیدا ڕاکێشا، بەڵام نەیتوانی زیاتری بەرێت، بە دیارییەوە هەڵوەستەیەکی کرد، دەستی بۆ یەکێك لە گیرفانەکانی مێردەکەی

برد، له نێویدا هەنارێکی خوێناوی دۆزییەوەو توند گرتیە دەستییەوەو بەخێرایی بەرەو لای منداڵەکە هەنگاوی هەڵێنا، جار جارەش ئاوڕێکی دواوەی دەدایەوە، دەڕۆیشتەوە، نزیکی شوێنی منداڵەکە بۆیەوە، بەلاَم نەیبینی، چەند هەنگاوێکی دیکە ڕۆیشتە پێشەوەو دواتر گەیشتە سەر منداڵەکە، ڕووی لە ئاسمان و دەستەکانی لەسەر زەوی درێژ ببوون، بانگی کرد، وەلاَمی نەدایەوە، وایزانی خەوتووە، بانگی کردەوە:

خواردنم بۆ هێناویت، جولەی نەکرد. چەند جاری تریش بانگی کردەوە، دیسانەوە وەلاَمی نەبوو، ئیدی ترس دایگرت و بە شڵەژانەوە دەستی خستە سەر دڵی منداڵەکە، مردبوو.

# لەو دیوی پەنجەرەیەکەوە
# تارماییەک دیارە

گەڕایەوە سەر جێگەکەی خۆی، سەیرێکی خێزانەکەی کرد، لە خەوێکی قووڵ دابوو، هەندێ لە ڕووخساری ورد بۆیەوە، هێواش هێواش ئاوێتەی خەیاڵێکی قووڵ بوو، دواتر لەبەر خۆیەوە کەوتە قسەو مقۆمقۆوە:

مرۆڤ چ بوونەوەرێکی جوانە ! خۆ ئەگەر نەبووایە، تەواوی ئەو شتانەی جوانن ئێستاکە نەدەبوون، کاتێ باخچەیەك یاخود شەپۆل و ئەستێرەکان بەشێوەیەکی جوان دەکەونە بەر چاو، ئەوە خۆیان نین جوانن! بەڵکو ئەوە مرۆڤەکانن بە جوانی ئەوان دەبینن!

لەگەڵ دەنگی گریانی منداڵەکەیان بەئاگاهاتەوە، هاوسەرەکەشی بێدار بۆیەوە، بەیەکەوە منداڵەکەیان هێور کردەوەو دواتر ژنەکە سەیری نێو چاوی پیاوەکەی کردو چەند قسەیەکی لەگەڵدا کرد:

ئەوە بۆ نەخەوتبوویت؟ بیرت لە چی دەکردەوە؟ ژیان هێندە ناهێنێت تاکو بەم شێوەیە بیری لێ بکەیتەوە، هەنووکە ئێمە هەین، ڕۆژێك دێت نین، بگرە یادگارییەکانیشمان بوونی نامێنێت و بەیەکجاری لە بیر دەکرێین.

چۆن بیر نەکەمەوە، بێ بیرکردنەوە، شتەکان هیچ ماناو جوانییەکیان نابێت، بگرە ئەوەی ماناو جوانییان پێدەبەخشێت، بیرکردنەوەی عەقڵانی مرۆڤە، ئەگەر ئێمە نەبووینایە ئەوان نەدەبوون، ئەو شتانەی کە جوانن عەقڵ و بیری مرۆڤە جوانی پێبەخشیون، ئەفسووس کە مرۆڤەکان بکوژی ڕەگەزەکانی خۆیانن، هەرکە کەسێك دەکوژرێت ئیدی هەزاران جوانی لە فەرهەنگی سروشتدا دەسڕێنەوە.

تەماشایەکی پەنجەرەکەی کرد، لە ژێر پەردەکەوە تارماییەکی بەر چاو کەوت، هەندێ لێی ورد بۆیەوە، شتێکی بە دەستەوە بینی، لە شمشێر یان چەقۆیەکی گەورە دەچوو، بە هێواشی بەرەو لای دەرگەکە دەهات، بە توندی کیلۆنەکەی پاڵ پێوەناو دواتر هاتە ژوورەوە، هیچ قسەیەکی نەکرد، سەری منداڵەکەیانی لە جەستەی جیاکردەوە، بەهەمان شێوەش سەری ژنەکەی بڕی، دوای چەند خولەکێکی کەم، خوێنی



هەردووکیان ئاوێتەی یەکتر بوونەوە، خوێن لەژێر دەرگەکەوە ڕێچکەی بەست، پاشان بە نەوت و ئاگری چراکە بەشێك لە ماڵەکەیانی سوتاندو چۆیە دەرەوە.

ئەویش بەدوایدا ڕۆیشت، چەقۆکەی هەر بەدەستەوە بوو، بە مەبەستی سەرکەوتن بەسەر دیواری حەوشەکەدا دەستەکانی گیر کردو خۆی بەرز کردەوە، هێندەی نەمابوو بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوێت، بەڵام نازانم چۆن بوو دیوارە قوڕینەکە بەسەریدا ڕماو کەوتە ژێر دیوارەکەوە ! چەند جارێك بەبێ هێزییەوە هاواری کرد. بە خێرایی بەرەو لای دیوارە ڕماوەکە ڕۆیشت، لە ژێر خۆڵ و بەردی دیوارەکەی دەرهێنا، هێشتاکە زیندوو بوو، لە کوپەی ئاوەکە تاسێك ئاوی بۆ هێنا، هەندێکی پرژاندە دەم و چاوی و ئەوەی تریشی کردە دەمییەوە، خوێن لە لەشی دەچۆڕایەوە، هەندێجاریش لەگەڵ هەناسەدان خوێن لە قوڕگی دەهاتە دەرەوە.

بەرەو ژوورەکە گەڕایەوە، کراسە خوێناوییەکەی لەبەر خێزانەکەی دادڕی و برینەکانی ئەوی پێ پێچایەوە، کەمێك بە دیارییەوە وەستا، خەریك بوو گیانی دەدا، بەڵام ئەو هەوڵیدەدا نەمرێت تاکو هەندێ قسەی لەگەڵدا بکات، دواتر بە کەمێك قورگی پڕ لە گریانەوە پێی گوت:

مەترسە ناتکوژم، بڕوام بەکوشتنی تۆ و هیچ بوونەوەرێکی دیکە نییە، خۆ تاوانێکی گەورەت بەرانبەر بە خێزان و منداڵەکەم کردوە، تۆ بەم شەوە باراناوییە دوو لە نزیکترین کەسەکانی منت کوشت، بەڵام من ئاوم بۆ هێناویت و لە ژێر ئەو دیوارەم دەرهێنای بۆ ئەوەی نەمریت.

بۆ بەیانییەکەی لە یەکێك لە گۆڕستانەکانی نزیك شاردا، چەند کەسێك خەریکی هەڵکەندنی سێ گۆڕ بوون، پیاوێکی جل خوێناویی و ڕووخسار جوان سێ ئینجانە گوڵی بەدەستەوەبوو، دوای ناشتنی تەرمەکان لەسەر هەر گۆڕێکدا ئینجانەیەکی دانا.

# ترا ژیدیای ئەنگوستیلەیەک

# ١

بە هۆی دابەزین و سەرکەوتنی سەرنشینەکانەوە پاسەکە چەندان جار وەستا، سەرکەوتمە ناو پاسەکە و پاشان بەبێ دەنگی دانیشتم، زۆرێك لە سەرنشینەکان بە ساڵاچووبوون، دووکەڵ و بۆنی جگەرە نێو پاسەکەیان پیس کردبوو، هەرکەسە و لە لای خۆیەوە قسەی بۆ یەکێکی دیکە دەکرد و حیکایەتی خۆی بۆ دەگێڕایەوە.

هەستم کرد خەیاڵ دەیبردمەوە، بەلاَم هێندەم زانی کچێك سەرکەوت و خەیاڵەکەمی پچڕاند، لەسەر کوشنەکەی تەك منەوە دانیشت، جار جارە ئاوڕێکی دواوەی خۆی دەدایەوە و ڕووی وەردەگێڕایەوە، ویستم تەماشای نەکەم، بەلاَم نەمتوانی! دواتر بە نهێنییەوە لە بنی پێیەوە تاکو ئەژنۆی ڕووتیم تەماشاکرد، هەستم کرد گیانم خاودەبۆیەوە، خەریك بوو لە هۆشخۆم دەچووم، بۆ ئەوەی لە بیر خۆمی بەرمەوە یەك بە یەکی مانشێتەکانی ڕۆژنامەکەی دەستمم خوێندەوە، بەلاَم هیچ یەکێك لە مانشێتەکان سەرنجی ڕانەکێشام، چونکە بیرم لای کچەکە بوو، دووبارە سەیرم کردەوە، ئەمجارەیان چاوەکانمان بەرانبەر یەکتر مۆڵەق وەستان و بە شەرمەوە سەیری نێو قوڵایی چاوەکانی یەکتریمان کرد، دواتر ڕووی وەرگێڕا، پێدەچوو لە مەبەستی تەماشاکردنەکەم گەیشتبێت، پاشان لە ژێر کوشنەکەوە پێیەکی خستە سەر پێمەوە، دڵم داخوورپا، خەریك بوو گیانم دووبارە بەرەو خاوبوونەوە بچێتەوە، گەرماییەك بە نێو گیانمدا بلاَو بۆیەوە، بزەیەکی بەڕوومدا هەڵدا و پێیەکەی لەسەر پێم دوور خستەوە، گیانم گەڕایەوە دۆخی جاران و گەرماکەش لە گیانم دەرچووە دەرەوە.

کەوتمە نێو بیرکردنەوەیەکی قوڵەوە، بەم هۆیەوە بە تەواوی هۆشم لەسەر خۆم نەما، هەر هێندەم زانی ئەو نەمابوو، دووبارە چاوم گێڕا و نەمبینی، نیوەی سەرنشینەکانی تریشی تێدا نەمابوون، نازانم چۆن و لە کوێ دابەزیبوون، تەماشای سەر کوشنەکەم کردەوە کاغەزێکی جێهێشتبوو، سەرنجی ڕاکێشام، تێیدا نووسرابوو:

بمبوورە لەوەی نەمتوانی بە ئاشکرا قسەت لەگەڵدا بکەم، بڕوات بێت لە یەکەم لەحزەی بینیتدا هاتیە نێو دڵمەوە، نازانم چۆن بوو عاشقت بووم! چەند جارێك ویستم قسەت لەگەڵدا بکەم، بەلاَم بە هۆی شەرمەوە نەمتوانی دڵمت بۆ بکەمەوە، زۆر بەختەوەر دەبم یەکتر ببینینەوە، ئەگەر حەزت کرد بەم ناونیشانە دەمدۆزیتەوە:



لە کۆتایی باشووری شار و لە بەرانبەر گەڕەکی "باران" ڕێگەیەکی خۆڵ هەیە بۆ دەشتەکە هەڵدەکشێت، بەم ڕێگایەدا وەرە، لەسەر ڕێگەکە ڕووبەڕووی دارستانێك دەبیتەوە، لە کۆتایی دارستانەکەدا خانووێکی سپی لە نێو باخچەیەکدا دیارە، من بەتەنیا لە نێو ئەم خانووەدا دەژیم، بڕوابکە ئیدی لەمەودوا ناتوانم بێ تۆ بژیم، چاوەڕێتم تاکو دەمدۆزیتەوە.

ئاوێتەی خۆشەویستیەکەی بووم، سەیرێکی دەرەوەی پاسەکەم کرد و دواتر لە چواردەوری خۆمدا ورد بوومەوە، پاشان لە پاسەکە دابەزیم بۆ ئەو شوێنەی مەبەستم بوو بۆی بچم، ڕێگەم گرتەبەر، کاتێك گەیشتمە ئەوێندەر، نەمتوانی ئۆقرە بگرم و پشوویەکی کورت بدەم، بگرە هەرچی بیرکردنەوە و ئەندێشەم هەبوون هەمووی بە دوای کچەکەدا دەڕۆیشتن، چەندی خۆمم دەهێنا و دەبرد نەمدەتوانی لە بیر خۆمی بەرمەوە، دواتر بڕیارمدا بە هەر شێوەیەك بێت بیدۆزمەوە، جار جارە لەبەر خۆمەوە دەمگوت: دەبێت بەم ناونیشانە بیدۆزمەوە؟ بۆ نایدۆزمەوە؟ خۆ ئەو تەواوی هۆیەکانی دۆزینەوەی خۆی تێدا نووسیوە، ئیتر بۆ نایدۆزمەوە.

نزیکی ئەو شوێنە بوومەوە کەوا لە کاغەزەکەدا ئاماژەی بۆ کردبوو، نەمدەزانی چۆن چۆنی خۆم بەو شوێنە گەیاندووە! گەیشتمە نێو دارستانەکە، تارادەیەك بە چڕی خۆی دەنواند و بە دەست خۆم نەبوو لە بەردەمیدا هەستم بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکرد، دەنگی جۆرەها ئاژەڵ و باڵندەم لە نێویدا دەبیست، بە ترسەوە تێپەڕیم، لە نێو باخچەیەکدا خانووێکی سپی کەوتە بەرچاوم. لە هەر لایەکم دەڕوانی گوڵ و درەختی جوانم دەبینی، ئارامی باڵی بەسەر ئەو شوێنەدا کێشابوو، تەنیا گوێم لە دەنگی باڵندەو نەرمە "با" یەکی فێنك دەبوو کە بەر گەڵای درەختەکان دەکەوتن، بەتەواوی ئالۆودەی جوانی ئەو شوێنە بووم، دیمەنێك زیاتر لە هەموو دیمەنەکانی تری نێو باخچەکە سەرنجی کێشکردم ئەویش دوو کۆتربوون لەسەر درەختێکی سەوزدا دەنووکیان لە نێو دەنووکی یەکتر ئاخنی بوو، بە درێژایی ئەو ساڵانەی تیایدا ژیاوم دیمەنێکی جوانی لەم شێوەیەم نەدی بوو، هەرچەندی لە خانووەکە دەچوومە پێشەوە زیاتر ترسم لێ دەنیشت، هەوڵمدەدا خۆم لە ترس دوور خەمەوە، بەلاَم نەدەمتوانی، چونکە لە ئیرادەی من بە دەربوو، هەستم دەکرد ئەژنۆکانم خاودەبوونەوە، مرۆڤ بەدەست خۆی نییە

هەندێ جار ترس دایدەگرێت، کاتێك ڕووبەڕووی پێدەشتێکی دوور  یان دارستانێکی چڕ دەبێتەوە.

ترس ئاوێتەی گیانم بوو، دەبێ هیچ پلانێکیان بۆم نەنابێتەوە!

لە بەردەم خانووەکەدا وەستام، هەندێ چاوم بە چواردەوری خۆمدا گێڕا و کەسم نەبینی، ویستم لە دەرگەکە بدەم، بەڵام نەمتوانی! خەریك بوو دەکەوتمە نێو خەیاڵەوە. لەپڕێکدا بە ئەسپایی دەرگەکە کرایەوە و سەیری نێو درزی دەرگەکەم کرد، ڕووناکییەك لە شێوەی مانگی دەکرد دەرکەوت  هەرکە لە نێوانی پەنجەی هەورەکانەوە دەردەکەوێت و ڕووناکی بە دونیا دەبەخشێت.

زیاتر لێی نزیك بوومەوە، هەستم کرد ڕووناکییەکەی جارانی نەدەماو ئاسایی دەبۆیەوە، کچەکەی نێو پاسەکەبوو، سەیری کردم، منیش بە شەرمەوە سەیریم کردەوە، ترسام لەوەی کەسێك بەم دیدارەی نێوانمان بزانێت و ئیدی کێشەمان بۆ دروست بکات، چونکە لەم مەملەکەتەدا بە هەزاران مرۆڤی بێ تاوان کوژراون تەنیا لەبەر ئەوەی پەیوەندی خۆشەویستییان خووڵقاندووە، عەشق لێرە وجودی نییە و پیاوەکان هەیبەتی خۆیان بەژنەکانیانەوە پەیوەست کردووە، ئەمەیە کارەسات مرۆڤ بە هۆی خۆشەویستییەوە بکوژرێت، بەختەوەری لەوەدایە مرۆڤەکان بە یەکەوە بژین و بیر لە کوشتنی یەکتر نەکەنەوە.

کچەکە لەسەرخۆ گوتی:

باش بوو هاتی، وەرە ژوورەوە، لەو کاتەوە چاوەڕێت بووم.

بە ئاسپایی ڕۆیشتینە ژوورەوە، کاتێك چووینە ئەودیوی دەرگەکەوە جۆرەها تابلۆی جوان سەرنجیان ڕاکێشام، نەمدەزانی سەیری کامیان بکەم، لە هەر کامێکییانم دەڕوانی بۆ خۆی چەندان بیرۆکەی سەیر سەیری لە نێو خۆیدا هەڵگرتبوو، بە نێو چەند ڕاڕەوێکی پێچاوپێچدا هەنگاومان هەڵێنا، بە بێدەنگی بە دواییدا ڕۆیشتم، لە کاتی سەرکەوتنماندا بە پەیژەکەدا هەموو گیانی نەرم و شلیم لە نێو کراسە تەنکەکەیدا کەوتە بەر چاو، لەشی دەجولایەوە، قژی هەر وەکو تاڤگەیەك بەسەر باڵایدا بەرەو خوارەوەی تاکو نزیکی ئەژنۆی شۆڕیبۆیەوە، لەبەر خۆمەوە دەمگوت:



من تێناگەم دەبێ مەبەستی ئازاردانمی نەبێت! خۆ لەوانەیە پێویستی بە کەسێکی وەکو من هەبێت بۆ ئەوەی لە ژیانی تەنیایی ڕزگاری بکات.

هەرکە چووینە ژوورەوە، ، ژوورەکەی پڕ ببوو لە دەنگی مۆسیقا، بەقەد دیوارەکانیشەوە چەندان وێنەی کۆن هەڵواسرابوون، هەندێ لێیان وردبوومەوە، هەر لە خۆمەوە هەستم دەکرد ئاشنایەتییەکی کۆنم لەگەڵ هەندێ لە وێنەکاندا هەیە، بەڵام نەمدەزانی کات و شوێنی ئەو ئاشنایەتییەم کەی و لە کوێ بووە، دواتر بە هەر شێوەیەك بوو لە بیر خۆمم بردنەوە، بەشڵەژانەوە لە چواردەوری خۆمم ڕوانی و ئاراستەی چاوم کەوتە سەر ئەوەوە، ئەویش بە دیار سەیرکردنی وێنەکانەوە خەیاڵ بردبوویەوە، وردە وردە سەیری نێو چاوەکانیم کرد، فرمێسك بەڕوومەتیدا ڕێچکەی بەستبوو، لەوە دەچوو دەیان یادگاری و بیرەوەری خۆش و ناخۆشی لەگەڵ هەر یەکە لە وێنەکاندا هەبووبێت، چاوەڕێی ئەوەبووم فەرمووی دانیشتنم لێ بکات، بەڵام هۆشی لەسەر خۆی نەمابوو و ئاوێتەی نێو پانتاییەکی گەورەی بیرکردنەوە ببوو.

دەنگی مۆسیقاکە زیاتر ئارامی بە نێو ژوورەکەدا بڵاو دەکردەوە، شەرم و بیرکردنەوەم ئاوێتەی یەکتر ببوون، بۆ ماوەیەك بێدەنگی باڵی بەسەرماندا کێشا و دواتر من بێدەنگییەکەی نێوانمانم شکاند:

دەکرێت لە نهێنی ئەو وێنانە بگەم، نازانم بۆ هەر لە خۆمەوە هەستدەکەم سیحری کێشکردنیان هەیە، حەزدەکەم هەندێ زانیاری لە بارەیانەوە بزانم.

وێنەی هەندێ لە ئەندامانی خێزانەکەمانن، چەند ساڵێك دوای شاڵاوەکە پیرەژنێك کە تەنیا خۆی لە نێو خێزانەکەیاندا مابۆیەوە، لە نێو خانووە رووخاوەکەماندا ئەو وێنانەی دۆزیبۆیەوەو لای خۆی هەڵیگرتبوون، تاکو دواتر دایەوە بە من.

ئەی کەست نییە؟

تەنیا برایەکم هەبوو، بەڵام نازانم ئێستاکە چی لێهاتووە، من و دایکم و باوکم بەر شاڵاوەکە کەوتین، بەڵام ئەو چەند ڕۆژێك بەر لە شاڵاوەکە چووبووە شار بۆ ماڵی پوورم، ئیدی نەمبینیەوە، هەمیشە بیریان دەکەم، بەتایبەت براکەم، چونکە ئەو بەر شاڵاوەکە نەکەوت، بەڵام نازانم دوای ڕووداوەکە چی بەسەرهاتووە! شەو و ڕۆژ بە بەر چاومەوە دێن و دەچن، دایکم حەسارەکە خاوێن دەکاتەوە و باوکیشم مەڕ و بزنەکان بۆ دەشت و

بناری چیاکان پێش خۆی دەدات، هەمیشە لە ژیانمدا بە هیوای بینینەوەیانم، بەڵام ئەفسووس ئێستاکە نازانم چییان بەسەر هاتووە ! حەزم دەکرد منیش لەگەڵ ئەواندا بوومایە، ناخۆشترین شت چاوەڕوانی مرۆڤە بۆ ئەو مرۆڤانەی نازاندرێت ئاخۆ جارێکی دیکە بە یەکدی ئاشنا دەبنەوە یان نا !

بەرەو لای پەنجەرەکە چووم، باڵندەکان بەسەر درەختەکانەوە هەڵنیشتبوون و چریکەی دەنگیان تێکەڵ بە مۆسیقاکە دەبوو، هەمان کۆترەکانی بەر دەرگە کەوتنەوە بەرچاوم، ماچی نێو دەمی یەکترییان دەکرد و جار جارەش گۆرانیان بۆ سروشت دەچڕی.

کچەکە هاتە قسەو پرسی: ئەوە سەیری چی دەکەیت؟

ئەو کۆترانە زۆر پاکن، زۆربەی مرۆڤەکان لە پیرۆزی عەشق تێناگەن کەوا عەشق مرۆڤ و هەموو گیانلەبەرێك لە پیسی پاك دەکاتەوە و ڕەوتی ژیانیان دەگۆڕێت.

ڕۆژانە دەیانبینم بە یەکەوەن و نزیکی هیچ جۆرە باڵندەیەکی تر ناکەون، کاتی زەردەپەڕی ئێوارە ئێرە بەجێ دەهێڵن، ئیدی نازانم بەرەو کوێ دەچن، هەرکە دونیا ڕووناك دەبێتەوە ئەوانیش دەگەڕێنەوە نێو ئەو باخچەیە و ئیدی دەست دەکەنەوە بە ژیانی خۆشبەختی خۆیان. عەشق پانتایەکی فروانی هەیە، لەلای ئەو مرۆڤانەش بوونی هەیە کەوا هەموو ژیانی خۆیان لە بەرەکانی جەنگدا بەسەر بردووە و لەوانەیە بە ئارەزووی خۆیان نەچووبن بۆ جەنگەکان، بەڵکو هێزێکی سروشتی ناچاری کردوون مرۆڤی دیکە بکوژن. مرۆڤ هەیە لە نێو جەنگ و کوشتاریشدا باس لە خۆشەویستی و بەختەوەری کەسانی دیکە دەکات، ئەوەیە مرۆڤ بە دوای ئارامیدا دەگەڕێت و خۆی لە کوشتنی کەسانی دیکە بە دوور دەگرێت، بەڵام بیرکردنەوەی بەرانبەرەکەی جیاوازە لەو، هەرکە پێی گەیشت، ئیدی ژیانی پێ ڕەوا نابینێت.

ڕاستە، مرۆڤ تاکو ئەم لەحزەیەش لە عەشق نەگەیشتووە کەوا وەك پەیژەیەك وایە مرۆڤەکان بە خۆشەویستی و ئارامی دەگەیەنێت و بۆ بەرزاییەکانی بەختەوەریان دەبات.

بە هێواشی بەرەو شوێنەکەی خۆم گەڕامەوە، ئەویش هات و لە نزیکی منەوە دانیشت، سەیری نێو قوڵایی چاوەکانیم کرد پڕبوون لەئاو، پێدەچوو لە ناخی دڵەوە بگرێت و ئازار بچێژێت.



بۆ ماوەیەك بێدەنگ بووین، لەوەی دەکرد هەردووکمان لە چاوەڕوانی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی جەستەیی و ڕۆحی بەهێزدا بین. لە پڕێکدا گەرماییەك ختووکەی گیانمیداو دەستی ئاڵاندە ملمەوە، دڵم داخووڕپاو بە هێواشی دەستی بۆ نێو سنگم برد و یاری بە مووەکانی لەشم دەکرد و جار جارەش بەڕاکێشانی مووەکان دەیوسیت ئازارم پێ بگەیەنێت، چونکە هەندێ لە مرۆڤەکان سروشتیی وان کە لەززەت لە ئازاری بەرانبەرەکەیان وەردەگرن.

دواتر دەستەکانیم هێنایە خوارەوە و گوتم:

خۆشەویستی تەنیا ماچ کردنی یەکتر نییە، بگرە دەبێ لەناخەوە هەست بە خۆشەویستی بکرێت و ئیدی نەتوانن بێ یەکتر ژیانی ئاسایی بگوزەرێنن.

ویستم بڕۆم، بەڵام ئەو قۆڵمی گرت و ئیدی داینیشاندمەوە شوێنەکەی پێشووترم، تیشکی زیوینی خۆر لە درزی پەنجەرەکەوە خۆی خزاندە نێو ژوورەکەوە، هەستم کرد گەرماییەك بەر جەستەم دەکەوێت و بە نێو ڕۆحمدا ڕۆدەچێتە خوارەوە. هێندەم زانی خۆی هەڵدایە سەر جەستەم و بە هێواشی جلەکانی لەبەردا کردمەوە، لەشمی وەکو ڕۆژی لە دایك بوونم ڕووتکردەوە، هێدی هێدی هۆشم لەسەر خۆم نەما و دوای ماوەیەکی کەم بەئاگاهاتمەوە، خۆم لە دەستی ڕزگارکرد و بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشتمەوە، کۆترەکان خەریکی ماچ کردنی نێو دەمی یەکتر بوون.

هەستم بە لێدانەکانی دڵم دەکرد، لە ئاوێنەکەدا سەیرێکی ڕووخساری خۆمم کرد، زەرد هەڵگەڕابوو، دواتر لە ئاوێنەکە دوور کەوتمەوە و دووبارە بەرەو لای پەنجەرەکە گەڕامەوە، دونیا بێدەنگ بوو، باڵندەکان خەریکی یاریکردن و هەڵفڕین بوون بە نێو باخچەکەدا.

بە هێواشی تاریکی باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشا، ویستم بڕۆم، بەڵام ئەو نەیهێشت.

دواتر چووە ژوورەکەی دیکە و دوای چەند خولەکێك بە خۆی و سینیەك میوەی جۆراو جۆرەوە گەڕایەوە و فەرمووی خواردنی لێکردم، دووبارە بێدەنگی کەوتەوە نێوانمانەوە، دەنگی مۆسیقاکەش نەدەبیسترا و بە هۆیەوە بێدەنگی بە نێو ژوورەکەدا بڵاوببۆیەوە، پاشان بەڕوویەکی خۆشەوە سێوێکی دامێ و گوتی: بیکەرە دوو کوت و هەریەکە و کوتێکمان.

هەر وەکو ئەو گوتی ئیدی وام کرد و ماوەیەکی تریش بە خواردنی میوەکانەوە خەریك بووین، جار جارە هەستم بەوە دەکرد خەریکە ترس و شەرم دەمخۆن.

دەڵێی دەترسیت؟ ترسی بۆ چییە، ئەمە عەشقە ئێمەی گیرۆدەی خۆی کردووە، من کەسم نییە تاکو تۆ لێی بترسیت، هەموویان بە هۆی شاڵاوەکە تیاچوونە، خۆم هەموو کەسێکی خۆمم. دەمەوێت بۆ هەمیشە لێرە لە لای من بمێنیتەوە، بەختەوەر دەبم، تەنیایی هێندەی نەماوە بمخوات، تۆ ئێستاکە بۆ من وەکو فریشتەیەك وایت، تازە ژیانی منت پەیوەست کردووە بەخۆتەوە، خۆ ئەگەر بڕۆیت تەنیایی بۆ دوایین جار لە نێو قوڵایی خۆیدا بزرم دەکات! توخودا مەڕۆ، بەجێم مەهێڵە، تازە بێ تۆ ناتوانم بژیم، توخودا جێم مەهێڵە.

هەستم کرد ڕەنگ و ڕووی بەهێواشی لەبەر چاوم دەگۆڕێت، پاشان دەستی خستە ملمەوە و ئیدی هاتە نێو باوەشمەوە، لە پڕێکدا هێندەم زانی دەستم بۆ یەخەی کراسەکەی برد و وەکو منداڵ گۆی مەمکەکانیم مژی، ئاگامان لەخۆمان نەما و کەوتینە نێو پانتایی خەوێکی قووڵەوە.

کاتێك ڕووناکی بەیانی بڵاوبۆیەوە ئیدی جلەکانمان کردەوە بەرمان و بەمەبەستی پیاسەکردن ڕۆیشتینە نێو باخچەکەوە، بە نێو درەختە چڕەکاندا گەڕاین، گوڵێك سەرنجی بۆ خۆی ڕاکێشام و دواتر لە درەختەکەییم کردەوەو وەکو دیاری پێشکەشی ئەوم کرد، کۆترەکانیش لەسەر درەختێکدا سەیری ئێمەیان دەکرد.

لە نێو قوولایی چاوەکانیدا تنۆك تنۆك فرمێسکی عەشق بەڕوومەتیدا دەهاتە خوارەوە، لە فرمێسکی ئەو دایکە شەهیدەی دەکرد کە بە دیار تەرمی کوڕەکەیەوە دەگری و نیشتمانەکەشی دەکەوێتە ژێر دەستی کەسانێکی بێگانەوە و کەسێکی چنگ ناکەوێت لە ئەسپاردەکردنی تەرمی کوڕەکەیدا هاوکاری بکات.

## ٢

لە نیوە شەوێکی تاریك و دوور لە هەموو مرۆڤەکانی دونیا و لە نێو دەنگی مۆسیقایەکی ئارامدا کچەکەمان لە دایك بوو، لە نێو چاوەکانیدا جۆرەها نهێنی دەخوێندرایەوە، هەستم بەوە دەکرد لە ئایندەدا ڕەوتی ژیانمان بەهۆی ئەوەوە دەگۆڕێت، هەمیشە ئاراستەی چاوەکانی بە دوای دۆزینەوە و بینینی شتی بچووك



بچووکەوە دەگێڕا، تەنانەت سەیری ڕۆیشتن و هەنگاوەکانی مێروولە و فڕینی مێشوولەشی دەکرد، ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕادەکێشام ئەوەبوو هەمیشە تەماشای ئێمەی دەکرد و بەوردی لێمان ڕادەما.

لە کۆتایی هەموو هەفتەیەکدا هەر جارەو بۆ سەیرانگەیەکی هەرێمەکەی خۆمان دەچووین، ئەوەش بڕیارێکی هاوبەش بوو لە نێوانماندا دابوومان بۆ ئەوەی چیتر بیر لە خەمەکانی ژیان نەکەینەوە و ژیانێکی بەختەوەر و نوێ بخوڵقێنین، ژیانێك جیاوازتر لە ڕابردوو، کە تەواوی چرکەکانی ژیانمان لە نێو تەنیایی و ئازاری چاوەڕوانیدا بەسەر برد بوو، ئیدی بڕیارماندا ئەوەندەی ماوە بە خۆشی بژین.

ڕێگەمان بڕی بۆ هەرێمێکی تر کە لە هەرێمەکەی خۆمان نەدەچوو، بگرە زمان و جۆری درەختەکان و ڕەنگی مرۆڤەکان هەمووی جیاواز خۆیان نیشان دەدا، دارخورما ڕووبەرێکی زۆری ئەو هەرێمەکەی داگیرکردبوو، تەماشای هەر شتێکی ئەوێمان دەکرد ئارامیی پێمان نەدەبەخشی، بێزاری دایگرتین، ویستمان بگەڕێینەوە، بەڵام نازانم چ هێزێکی سروشتی بوو گڕ و تین و هێزی گەڕان و سووڕانی پێدەبەخشینەوە!

بەلای چەندین دارستاندا تێپەڕین، بە پانایی دەشتەکە دارخورما بەرەو ئاسمان هەڵکشابوون، ماوەیەك بە سواری ئۆتۆمبێلەوە بەرێگاوەبووین، دواتر ئۆتۆمبێلەکەمان لە نزیکی باخچەیەکی گەورەی پەرژینکراو وەستاند و ئیدی بە چواردەوری باخچەکەدا کەوتینە پیاسەکردن، هەر لە خۆمەوە هەستم بەوەدەکرد خەریکە ڕەوتی ژیانم بەرەو گۆڕان دەچوو، دڵم توندبوو، خەیاڵ دایگرتم و لەبەر خۆمەوە جار جارە دەمگوت:

ئێمە بۆچی لێرەین، خۆ ئێمە بە دوای بەختەوەریدا دەگەڕێین کەچی لێرە بوونی نییە، نازانم بۆ لێرە هەست بەبەختەوەری ناکەم!

لەم بیرکردنەوانە دابووم، لە پڕێکدا کچەکەم لەم خەیاڵانەی وەئاگاهێنامەوە، باوکە، باوکە ئەو شتە جوانەم دۆزییەوە، سەیرکە باوکە چەند جوانە! زەرد زەردە!

بە دڵخۆشییەوە دایە دەستم، ئەنگوستیلەیەك بوو، کاتێك سەیرم کرد لەوەی دەکرد چەند ساڵێك بووبێت لە ژێر خۆڵ کەوتبێت، چونکە ڕەنگی خۆڵی گرتبوو، کچەکەشم بە پێکەنینەوە دەیگوت: زۆر جوانە باوکە، ئەوە چییە؟

کچم ئەوە ئەنگوستیلەیە، بابچین بۆ ئەو شوێنەی لێیت دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی بزانم چۆنت دۆزییەوە.

چەند هەنگاوێك گەڕاینەوە بۆ دواوە، بردمیە ئەو شوێنەی کە لێی دۆزیبۆیەوە، کونێك بوو بە چواردەوریدا خۆڵێکی زۆر هەڵدرابووە دەرەوە و لە کونی جورجی دەکرد، هەندێ لە کون و خۆڵەکەی چواردەوری وردبوومەوە، دڵنیابووم لەوەی لەگەڵ هەڵدانە دەرەوەی ئەو خۆڵەی جورجەکە فرێیداوە ئەویش هاتۆتە دەرەوە، بەڵام ئەوەی سەرسامی دەکردم ئەو پرسیارە بوو لە خۆمم دەکرد: بۆچی دەبێت ئەنگوستیلەیەك لە قوڵایی زەویدا کەوتبێت!

لەم بیرکردنەوانە دابووم ئەویش گەیشتە لامان و پرسی ئێوە خەریکی چین؟

دەزانی ژنەکە ئەو ئەنگوستیلەیە لەگەڵ فڕێدانی ئەو خۆڵەدا و لە نێو ئەو کونە جورجەدا هاتۆتە دەرەوە، ئەوەی سەرسامی کردووم، ئەویش ئەوەیە لە قوڵایی زەوییەکەدا هاتۆتە دەرەوە، ئەمەش بەوەیا دیارە جورجەکە زۆر بە هێواشی خۆڵەکەی فڕێداوەتە دەرەوە و کونەکەی بەرەو قوڵایی زەوییەکە هەڵدڕیوە، ئەگەر لە ژێر ئەو خۆڵە هەڵدراوەدا بووایە ئەوا کەمێك لە ژێر زەوییەکەدا بووە، بەڵام لەسەر خۆڵەکە دۆزیویەتییەوە، کەواتە لە قوڵایی زەوییەکەدا بووە، ئەنگوستیلە چی دەکات لە قوڵایی زەویدا، ئەمە سرێکی تێدایە؟!

ئەویش هەندێ سەیری ئەنگوستیلەکەی کرد و بە دیارییەوە سەرسام بوو، دەتگوت نهێنییەکی دۆزیوەتەوە، کەوتە بیرکردنەوە و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: دەڵێی ئەو ئەنگوستیلەیەم جارێکی دیکە و لە شوێنێکی تردا بینیوە؟!

پاش کەمێك بێدەنگی لە پڕێکدا کەوتەوە قسە:

ئەو ئەنگوستیلەیە لە ئەنگوستیلەکەی دایکم دەچێت.

کەمێك بێدەنگ بووم، ئەو بەدەم سەیرکردنیەوە ئەنگوستیلەکەی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد.

دڵنیام ئەوە ئەنگوستیلەکەی دایکمە، بیرم کەوتەوە لە کاتی شاڵاوەکەدا دایکم ئەو ئەنگوستیلەیەی لە پەنجەدابوو، خۆ جارێکی تریش لە نێو حەسارەکەی خۆمان بزری کردبوو، من خۆم بۆیم دۆزییەوە، من نازانم ئەو ئەنگوستیلەیە بۆ لێرە فڕێدراوە!



ئەنگوستیلەکەم لێ وەرگرتەوە و دووبارە لێی ورد بوومەوە، زۆر بەوردی تێی ڕامام، بیرم کردەوە و لەبەر خۆمەوە هەستم بەوە دەکرد منیش ئاشنایەتییەکی کۆنم لەگەڵ ئەو ئەنگوستیلەیەدا هەبێت، هەندێ بیرم کردەوە، دواتر بۆم ڕوون بۆوە کە لە ئەنگوستیلەکەی دایکی من دەچێت، نەك ئەنگوستیلەی دایکی ئەو، زیاتر لێی ورد بوومەوە، تەواو دڵنیابووم لەوەی ئەنگوستیلەکەی دایکمە، شڵەژام و ئاو بە چاوەکانمدا هاتە خوارەوە، ئەویش هەستی بە ناڕەحەتی من دەکرد، ڕووخساری دایکمم کەوتەوە بەرچاو، دەهات و دەچوو و حەسارەکەی پاك دەکردەوە، مەڕ و بزنەکانی ئاو دەداو دەیانی دۆشی.

لەم بیرکردنەوانە دابووم لە پڕێکدا گوتیەوە:

بۆ شڵەژاویت؟ خۆ قسەیەکی خراپم نەکردوە، تەنیا گوتوومە ئەو ئەنگوستیلەیە، ئەنگوستیلەکەی دایکمە، خۆ چیترم نەگوتووە.

منیش گوتم:

دەزانی تۆ لەوەدا بەهەڵەداچوویت لەوەی ئەو ئەنگوستیلەیە بە ئەنگوستیلەی دایکت دەزانیت، بە پێچەوانەوە من سەدان جار ئەو ئەنگوستیلەیەم لە پەنجەی دایکمدا بینیوە، دڵنیام هی دایکی منە، بەڵگەشم ئەوەیە چەند ڕۆژێك بەر لە شاڵاوەکە من ڕۆیشتبوومە شار بۆ ماڵی پورم، بیرمە ئەوکاتەی دایکم بەڕێی کردم، ئەو ئەنگوستیلەیەم لە پەنجەیدا بینی، نازانم بۆ ئەوکات ئەو ئەنگوستیلەیە سەرنجی بۆ خۆی ڕاکێشام!

هەر هێندە دەزانم بۆ ماوەیەك لێی ڕامام.. بەڵێ خۆیەتی! زۆر باشی دەناسمەوە.

بەڵام ئێدی دایکم و باوکم و خوشکە بچووکەمم نەدۆزینەوە، چونکە بەر شاڵاوەکە کەوتن، زۆر هەواڵیانم پرسی و بەدوایاندا گەڕام، بەڵام بێ سوود بوو، دواتر لە دۆزینەوەیان بێ ئومێدبووم و چیتر بەدوایاندا نەگەڕام.

ئەویش گوتی: دەمێکە دەمەوێت هەندێ زانیاری لەبارەی خێزانەکەتانەوە بزانم، بەڵام حەزم نەدەکرد پرسیارت لێ بکەم، نەك نیگەران بیت.

ناوی دایکم و باوکم و خوشکەکەشمم پێی گوت، هەرکە گوێی لەم ناوانە بوو هەستم دەکرد ڕەنگی لەبەر چاوم دەگۆڕا و دواتر فرمێسك ڕژایە نێو چاوەکانییەوە، بۆ ماوەیەك

بێدەنگ بوو، تەماشایەکی ئەنگوستیلەکەی کردەوە، لەوەی دەکرد کەوتبێتە نێو دەریایەك لە بیرکردنەوە.

خۆ ئەندامانی خێزانەکەی منیش هەمان ئەو ناوانەیان لێ بوو، ئێمەش لە چوار کەس پێکهاتبووین، هەموومان بەر شالاوەکە کەوتین، تەنیا برایەکم نەبێت، چونکە ئەو چەند رۆژێك پێش شالاوەکە سەفەری شاری کردبوو، بۆ ماڵی پورم، ئیدی نەمدۆزییەوە.

دڵم زیاتر توندبوو، بیرم کردەوەو لە خۆمم پرسی:

بۆ دەبێ ناوی ئەندامانی خێزانەکەی ئەویش هەمان ناوی ئەندامانی خێزانەکەی منیان لێ بێت و ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەشیان هەمان ژمارەیان هەبێت!

تۆ کە بەر شالاوەکە کەوتی، ئیدی چۆن خۆت رزگار کرد؟ خۆ ئەوان کاریان بەسەر منداڵ و پیرو گەنجەوە نەبوو، بگرە هەر کەسێکیان بەر دەست بکەوتاباووایە وەکو ئاژەڵ دەیان خستنە نێو زیلە بۆرەکانیان و دەیان بردن بۆ ئەو شوێنەی تەنیا خۆیان دەیانزانی کوێیەو چی بەسەر مرۆڤەکان دەهێنن.

کاتێك گوێی لەم قسانەی من بوو چاوەکانی دووبارە پڕبوونەوە لە فرمێسك و دواتر بە گریانەوە گوتی:

نزیکەی چەند رۆژێك دوای ئەوەی ئێمەیان برد بۆ ئەو شوێنەی نازانم کوێ بوو، هێندە دەزانم جگە لە ئێمە کەسی تری لێنەبوو، ئەفسەرێك و چەند سەربازێك کە جلی سەربازیان لە بەردابوو منیان لە دایکم و باوکم و خەڵکەکە جیاکردەوە و دواتر بە پارچە پەڕۆیەك چاویان بەستم و ئیدی سواری ئۆتۆمبێلێکیان کردم و ماوەیەکی زۆر بێ ئەوەی لە هیچ شوێنێکدا یان گوێم لە دەنگی هۆڕینی هیچ ئۆتۆمبێلێك بێت رێگەمان بڕی، هەستم دەکرد بە بیاباندا دەڕۆین، دەترسام لەوەی بمکوژن، بەلاّم هەر لەبەر خۆمەوە دەمگوت: خۆ ئەگەر بیانەوێت بمکوژن دەتوانن لە هەر کوێیەك بیانەوێت کاری خۆیان بکەن و دواتریش بمکوژن.

کاتێك چاویان کردمەوە لە نێو کۆشکێکی گەورە دابووم، ئەوکات زانیم فرۆشراوم، کۆشکەکە بەرواڵەت جوان بوو، بەلاّم بە لای منەوە هیچ جوانیەکی پێوە دیار نەبوو، بگرە هەر لە زیندانی دەکرد، ئیدی سەربازەکانم نەبینییەوە، نە لە زمانی سەربازەکان و نە لە زمانی خێزانەکەی نێو کۆشکەکە تێنەدەگەیشتم، دوای چەند ساڵێك مانەوەم لەو



ماڵەدا بۆم دەرکەوت ماڵە شێخێکی دەوڵەمەندە و کەمێکیش فێری زمانیان بووم، تەنیا خزمەتی ماڵ و منداڵیان پێم دەکرد و وەکو کۆیلەیەك هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردم و بە هیچ شێوەیەکیش مافی ئەوەم نەبوو بەنێو گوندەکەدا بگەڕێم و هاموشۆی خەڵکی بکەم، هێدی هێدی گەورە بووم، رۆژێکیان کەس لە ماڵ نەبوو، تەنیا کوڕە گەورەی شێخ نەبێت، بینیم دوو پەرداخ ئاوی لەسەر سنیەکەوە بە دەستەوە بوو هاتە لام و لەسەر مێزەکەی نزیك منی دانا و لە تەکمەوە دانیشت، داوای لێکردم ئاوەکە بخۆمەوە، بەلاّم من نەمخواردەوە، چونکە هەستم دەکرد ماددەی هۆشبەری تێکراوە بۆ ئەوەی کاری بەدڕەوشتیم لەگەڵدا بکات، هەرچەندی هەوڵیدا بە فێڵ ئاوەکەم دەرخوارد بدا، بەلاّم هەر نەمخواردەوە، لێم تووڕە بوو، دواتر دەستدرێژی سێکسیی کردە سەرم، ئەوەی زیاد لە هەموو شتێك لە کاتی دەستدرێژییەکەدا ئازاری پێدەگەیاندم، ئەوە بوو کە لە دواوە کردارەکەی لەگەڵمدا ئەنجامدا.

ماوەیەك دوای دەستدرێژییەکە دیسانەوە کەس لە ماڵەوە نەبوو، دوای کوڕەکەی شێخ هاتەوە بۆ ماڵ، ئەفسەرێکی لەگەڵدابوو تەواوی دەرگەکانیان داخست و بەرەو لای من هاتن، دڵم ترسا، هەستم بەوەکرد دەیانەوێت دەستدرێژیم بکەنەسەر، دوای ئەوەی شەرابییان نۆشی، ئینجا منیان لەسەر ئەژنۆ وەستاند و هەر جارەو یەکێکیان لەدواوە خەریکم دەبوون، لە هۆشخۆم چووم، کاتێك بە ئاگاهاتمەوە لەشم رووت کرابۆوییەوە و ئەوانیش خەریکی شەراب خواردنەوە بوون و بەدەنگی بەرز گۆرانییان دەگوت و پێدەکەنین.

دوای ئەم رووداوانە بیرم لەوە کردەوە هەڵبێم و ئەو مەملەکەتە بەجێبهێڵم، بەیانییەکی زوو هەموویان خەتووبوون، دڵنیابووم تاکو درەنگانێك لە خەو هەڵنەدەستان، چونکە شەو هێندەیان شەراب خواردبۆیەوە لە شوێنەکانی خۆیان بێ هۆش کەوتنە سەر زەویەوە، دەیان جاری تریش شەوان بە کۆمەڵ شەرابیان دەخوارد و ئیدی تاکو درەنگانێك بەئاگا نەدەهاتنەوە، ئەوان بە نهێنی شەرابیان دەخواردەوە، بەم بەیانییە ماڵی شێخم بەجێهێشت و دوای ماوەیەکی زۆر لە گەڕان و سووڕان و ژیانێکی پڕ لە ناخۆشی و سواڵکردن، ئینجا گەیشتمەوە هەرێمەکەی خۆمان، خۆم گەیاندەوە کۆنە

ماڵەکەمان، بەلاّم خانووەکەمان ڕووخێندرابوو، کەس لە گوندەکە نەدەژیا، تەواوی ماڵەکان خانووەکانیان ڕووخێندرابوون.

بەمەبەستی دۆزینەوەی براکەم ئەو برایەم کە گوتم بەر شالاّوەکە نەکەوت چوومە ماڵی پورم، ئەوانیش لە شوێنەکەی خۆیان نەمابوون، کەسێك سۆراخیانی نەدەزانی، لە هەر کەسێکی ئەو شارەم دەپرسی کەس نەیدەناسین، تاکو ئەم لەحزەیەش براکەمم نەدۆزییەوە.

دڵم ترساو کەوتمە بیرکردنەوەو پرسیارکردن لەخودی خۆم:

بۆ دەبێت هەردووکمان ئەو ئەنگوستیلەیە بە ئەنگوستیلەی دایکی خۆمان بزانین؟! تەنانەت ناوی دایك و باوکیشمان هەمان ناوی یەکتریان هەبێت! تەنانەت ناوی گوندەکەشمان هەر هەمان ناوی لێبێت، ئەوە چ نهێنییەکە و ئێمە نایزانین، ئەو دەڵێت برایەکم هەبوو چەند ڕۆژێك بەر لە شالاّوەکە سەفەری شاری کردبوو بۆ ماڵی پوری! خۆ منیش هەمان ناوی براکەییم لێیە و چەند ڕۆژێکیش بەر لە شالاّوەکە سەفەری شارم کردبوو بۆ ماڵی پورم، خوشکە بچووکەکەی منیش هەمان ناوی ئەوی لێیە و جار جارەش هەست بەوە دەکەم ڕەنگیشیان لە یەك دەچێت، تۆ بڵێی ئێمە خوشك و برای یەکتر نەبین و بەرێککەوت نەگەیشتبێتینەوە بە یەك و یەکترمان نەناسیبێتەوە!

هەموو ئەو پرسیار و بیرکردنەوانەی نێو قولایی دڵی خۆمم بۆی گێڕایەوە و پێیم گوت: من هەست دەکەم ئێمە خوشك و برای یەکترین، چونکە ناوی دایك و باوکمان هەمان ناوی یەکترییان لێیە، ئەوەشم پێی گوت تۆ برایەکت هەبووە بەر لە شالاّوەکە لە شاردا بووە لە ماڵی پورت، خۆ منیش هەمان ناوی براکەتم لێیە و ئەوکاتە لەشاردابووم لە ماڵی پورم، منیش خوشکێکم بە ناوەکەی تۆ هەبوو لەگەڵ دایکم و باوکم بەر شالاّوەکە کەوت، تۆش دەڵێی بەر شالاّوەکە کەوتبوویت، بەلاّم فرۆشراوی بە ماڵە شێخێك و دواتر هەلاّتوویت.

کاتێ ئەو قسانەم بۆی گێڕایەوە هەستم کرد دڵی توندبوو، شڵەژا و چاوەکانی پڕبوون لە ئاو، پاشان بورایەوە، هێندەی پێنەچوو هاتەوە هۆشخۆی و تەماشای نێو کونەکەی کردەوە و دەستی کردەوە بەگریان، چاوەکانمان بەرانبەر یەکدی مۆڵەق



وەستان و هەستم کرد چرکە بە چرکە ژیانم ڕەوتی ئاسایی خۆی نامێنێت و دەگۆڕێت، ئەویش بە چاوی پڕ لە فرمێسك و گریانەوە گوتی:

منیش هەر وەکو تۆ بیر لەم ڕووداوە دەکەمەوە و گومان خەریکە دەمخوات، هەست دەکەم لە پێش چاوم دەگۆڕێیت و لە هاوسەرەوە دەبیتەوە بە برام، دەبیت بەو کەسەی هەمیشە بە هیوای ئەوەوە بووم جارێکی دیکە بە یەکتر ئاشنابببینەوە، ئێستاکە هەست دەکەم هیواکەم وا دێتەدی و بە یەکدی شاد دەبینەوە.

لە نێو باخچەکەی نزیکماندا بێڵێکمان هاورد بۆ ئەوەی کونەکەی پێ هەڵدڕین، کونەکەمان هەڵدڕی و تادەهات قووڵتر دەبوو، خەریك بوو لە دۆزینەوەی هەر شتێکدا بێ ئومێدبین، ویستمان دەست لە هەڵکۆڵینی هەڵگرین، بەلاّم هێزێك لە سەرووی ئیرادەی خۆمانەوە ناچاری دەکردین کونەکە هەڵدڕین، کاتی هەڵدڕینی کونەکەمان لە نێوان خۆماندا دابەش کردبوو، کچەکەشمان بە حەپەسانەوە سەیری ئێمەی دەکرد و هیچی نەدەگوت، پێم وابێت نەیدەزانی ئێمە خەریکی چین، لە پڕێکدا دەمی بێڵەکە بەر شتێکی ڕەق کەوت، ئومێدێك کەوتە دڵمەوە، بە هێواشی بە یەکەوە خۆڵەکەی سەر شتەکەمان لادایە لایەکی ترەوە، چەند تەرمێك بوون، هەندێ لە جلەکانیان ورد بووینەوە، چەند ژن و پیاوێك بوون، دواتر بە ئاسپایی دەستم بردە گیرفانی تەرمێکەوە، ناسنامەیەکی کۆن و تۆزاوییم تێیدا دەرهێنا، بەحاڵ دەخوێندرایەوە، ماوەیەك بە خوێندنەوەی ناسنامەکە خەریك بووم، دواتر بۆم دەرکەوت کە ڕووێکییان ناوی تەواوی باوکم و ڕووەکەی تریشی ناوی تەواوی دایکمی بەسەرەوە بوو، بە هەر شێوەیەك بوو وێنەکەشیمان ناسیەوە، وێنەی باوکمان بوو. چاڵەکەمان پڕ کرد لە دەنگی گریان، لە نێو دەنگی گریاندا گوێم لێ بوو کچەکەمان دەیگوت: باوکە، دایکە.. ئێوە خەریکی چین؟ بۆچی دەگرین؟

لە ٢٠٠٣/١١/١٢ تاکو ٢٠٠٧/١١/٣٠